سروە

ئەدەبی . فەرهەنگی

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتشاراتی صلاح الدین ئەیوبی

گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروە - ساڵی سێهەم - ژمارە ١٤ - خەرمانانی ١٣٦٦ نرخ ١٥ تمەن



١٤

١٤

مناجات

حەمدێ بێ حەد بۆ خودایێ عالەمین
ئەو خودایێ دایە مە دینێ موبین

ئەم کرینە ئوممەتا خەیرولبەشەر
تابعێ وی موقتەدایێ نامەوەر

ئەو خودایێ مالکێ مولکێ عەزیم
دایە مە میراس قورئانا کەریم

دینێ مە کر کامیل و نیێعمەت تەمام
یەعنی دامە ئەحمەد و داروسسەلام

ئەو خودایێ بێ نەزیر و زولجەلال
بێ مسال وبێ هەڤال و بێ زەوال

رازقێ بێ دەست وپا و ماروموور
عالمێ سڕانە گۆتی، دەرسودوور

کارسازێ بەندە و سولتانێ جان
راحم و رەحمان لەتیف و میێهرەبان

ئاسمانێ بێ سوتوون وی کر پەدید
سوورەتێ باخال و خەت وی ئافەرید

هیڤیدارین ئەم ژتە شاهێ کەریم
" اهدنا یارب صراط المستقیم"

ئێ ژمە سووج و خەتاتیێن وستەم
لێ ژتە ئیێحسان وغوفران و کەرەم

یاڕەب ئیمانێ دخازن ئەم مودام
ژێر ئالایا موحەممەد وەسسەلام

فەقیهی باتەیی

نێوەرۆک

وێنەی روو جلد

کوڵەبەرۆژە ،

حاسڵێکی گرینگی

کوردستان

وێنەی پشت جلد

خەرمان هەڵوێشتن

بەناوی خوا

سەروتار

لە درێژەی زنجیرە باسی عیلم وزانست لە ژمارەی پێشوودا لەسەر دەوری سەیرو سەمەرە ودوولایەنەی زانست لە هەڵلا و بگری قووڵ و دنیاداگردا قسەمان بەم پرسیارە براوە کە باوەکوو ئاڵ وگۆڕێکی زۆر گرینگ و هەمە لایەنە لە بیر و رای سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا پێک هاتووە و رادەی فەرهەنگی ئەوان لە رابردوو لەسەرەوەترە ئەدی چۆنە حاکمی زاڵمو چەوسێنەرو تاغووتی لە گۆڕەپانی جیهاندا لەسەر چارەنووسی گەلان حاکمەتی دەکەن؟

بەرلەوەلام دانەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە کەوشەن و چوارچێوەی دەستەڵاتی چەوسێنە - رانی ئیمڕۆ لەگەڵ پێشینانی ئەوان جیاوازی سەرەکی هەیە وشی کردنەوەی تەفاوەتی چەندوچۆن ورواڵەت و دەروونی ئەوان باسان



بۆخۆی زنجیرەباسێکی گرینگ و بەرچاوە وخوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین بائەوەشمان لەبیر نەچێ کەخۆسەپاندنی ریزی چەوسێنەر لە دونیای ئیمرۆدا وەک قەدیم بە هێرشی نیزامی دەست پێ ناکا، چون هەل و مەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی وپێوەندی خەڵک لەگەڵ یەکدی وتەنەوەی دەنگ وباس لە لایەک و خەرج وموخاریجی هات وچۆو گواستنەوەی هێزی نیزامی لە لایەکی دیکەوە ئەم کارەی زۆر دژوارو ئەستەم کردووە وهێرش کەر پاش تاقی کردنەوەی هەموو فێڵ و پیلانێک وەک ئاخرین رێگا چارە هێرشی نیزامی دەکار دێنێ .

خۆسەپاندنی چەوسێنەرانی جیهانی ئیمرۆ بە هێرشی ئابووری وفەرهەنگی ودەست بەسەر ئەوانە داگرتن دەست پێدەکا ولە دواییدا هێزی سیاسی ونیزامی دێتە پاڵ ئیستیعماری ئەم عەسرە وەک قەدیم بڕوای بەکەڵک وەرگرتن لەهێزو توانستی نیزامی نیە بەڵکوو بەجێی ئەم کارە تێدەکۆشێ بە هێرشی بەرفرەی* فەرهەنگی و ئابووری جێ بۆ دەستەلات و پەلاماری نیزامی خۆش بکا وشێوازی نیزامی ئەم چەشنە ولاتە کەمتوانستانە بۆ پاراستنی قازانجی کۆلەداران بێ وبەس .

بەلام ماکەی وتاری ئێمە ئەوەیە کە ملهوڕی جیهانی لە ئیستیعماری تازەی خۆیدا بۆکەڵک وەرگرتنی هەراو لەزانست وتیکنۆلۆژی پێشکەوتوو،هەرگیزنەیدەتوانی ئاوا سەرکەوێ و تا ئەو رادەیە لە دنیای سێهەمدا نفووز بکا و بە سەر شارەگی ئابووری وسیاسی ونیزامی ئەواندا هێندە زاڵ بێ.

زانستگە بەناوبانگ وموعتەبەرەکانی جیهان،ئاکادێمی و ناوەندە زانستی یەکان شەریکە وسازمانە گەورەکان کە لەسەر پرۆژەی زانستی کار دەکەن وهەموو ئەم چەشنە ناوەندانە لەژێر دەسەلاتی ملهوڕانی جیهاندا هەڵدەسووڕێن.ئەم لێکۆڵینەوە هەراوانە وپرۆژە زانستی یانە وا بەرێوە دەچن کە پێش هەموو شتێک گیرفانی ئەو دنیاخۆرانە باخنێ . دوائین کەشف وڕووداوەکانی زانستی وەک رازێکی سەربە مۆر دەمێنێتەوە. ئەگەر کەشفێکی تازە بکرێ لە پێشدا سازمانە ترسناکە ئەمنی یەکان (پارێزەری سوودی سەرمایەداران)ئاگادار دەکرێن وهەتا سەرمایەدارە- کان وملهوڕەکان سوودی لێ وەرنەگرن بلاو ناکرێنەوە پاشان لە پێوانەیەکی کەمدا ئەو شتەتازە تەولید دەکەن و تەبلیغاتێکی هەراوی بۆ دەکەن و لە لایەن خەڵکی تامەزرۆی ، جیهانەوە سفارشی زۆریان پێدەگا . جا ئەوجار تەولید دەکەوێتە پێوانەیەکی* هەراوی بەربلاو. بەمجورە سوودێکی لەژمار نەهاتوو وەدەست ئیستیکباری جیهانی دەکەوێ و لەباری زانست و ئابووریشەوە خۆیان دەخزێننە ناو تان وپۆی ولاتە دواکەوتووەکان . لێرەدا بە فرۆشتنی فۆرمۆلە نهێنی یەکان پوولی زۆر و زەوەند وسەروەتی زۆر گەورە لەباری نیزامی وسیاسی یەوە وەردەگرن .

بەهرە گرتنی ملهوڕی جیهانی لە زانست تەنیا لەو چوارچێوەدا کەباسمان کرد نامێنێتەوە. زۆربەی پرۆژەزانستی،سەنعەتی یەکان لەسەر پێشنیاری سازمانە ئەمنی یەکان وئەوناوەندانەی کە بە سەرمایەدارەکانەوە بەستراونەوە دادەرێژرێن و

جێ بەجێ دەکرێن . کێ دەتوانێ ئەم راستیە حاشا بکا کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەی زانستی و سەنعەتی لە خزمەت تەولیدی چەک وچۆڵی نیزامی دایە؟ بەڵێ ئەمڕۆ زۆرترین لێکۆڵینەوەی زانستی و سەنعەتی بۆ بردنە سەری پلەی چۆنەتی چەک وچۆڵی نیزامی و هەروەها پتەو کردنی هێزی سەرکوت کردن و وێرانکاری و ترساندن و هەڕەشە وجاسووسی تەرخان کراوە.

فڕۆکە شەڕکەرەکان، بۆم هاوێژەکان ،فڕۆکەجاسووسی - یەکان ،مووشەکەدوور زەنەکان بۆمی کیمیاوی ومیکرۆبی نەخۆشی ایدز (چەکی میکرۆبی پنتاگۆن) و .... هەمووی بەرهەمی لێکۆڵینەوەی زانستی زانایانی بەناوبانگی جیهانن کە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە خزمەت ئیستیکباری جیهانی وجەماوەری سەرمایە دارانی جیهانی دان.هێرشی فەرهەنگی دوژمنانی بەرەی مرۆڤ بەکەڵک وەرگرتن لە تێکنولۆژی پێوەندی سیستیمی دەنگ ورەنگ وهەزار فێڵ و پیلانی دیکە توانیویانە هەویەی فەرهەنگی ژمارێکی زۆر لە گەلانی جیهان بگۆڕن.و فەرهەنگی لە "خۆبێگانەبوون" و" خۆ دۆڕاندن"و"بێز لەخۆکردن " دەرخواردی ئەوان بدەن.

لەمەڕ کامپیۆتەریشەوە کە ئەمڕۆکە گەورەترین بەرهەمی تێکنۆلۆژی تازەیە و لە هەموو شوێنێکی ژیاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێ ئەو بارودۆخەی باسمان کرد بەردەوامە. زۆر بە داخ وکەسەرەوە دەبێ بڵێین کە ئەم ئامرازە بەکەڵکە زۆرتر بۆ ئامانجی پیس و چەپەڵ کەڵکی لێ وەردەگیرێ تاخزمەت بە ئادەمیزاد .

ئەمڕۆ کارتێل و تراستە گەورەکان کەشارەگی ئابووری دنیای سێهەمیان بەدەستەوەیە زیاتر لە هەموو ناوەندورێکخراوەیەک لە کامپیۆتەر کەڵک وەردەگرن. ئەو خەتەی کە پێشکەوتووترین چەکی ماڵ وێرانکەری تێدا تەولید دەکرێ وسەیرو سەمەرەترین سیستیمی جاسووسی تێدا هەڵدەسوڕێندرێ زیاتر لە هەموو خەتێکی دیکە لە کامپیوتەر کەڵک وەردەگرێ.

کامپیوتەری ئەوڕۆ یار و یارمەتی دەری سازمانە جاسووسی یە نەترە*بەرەکانن و لەشەڕی ڕەوانی وجاسووسی و دۆزینەوەی ئەسراری دیزە بە دەرخۆنەکراودا ، یارمەتی ئەوان دەدەن.

ئەگەر لەسەر ئەو باسە بڕۆین دەبێ وەخت و زەمانێکی زۆری بۆ تەرخان کەین. لەگەڵ ئامانج و ئارمانی داهێنەری ئەوباسە یەک ناگرێتەوە. چونکە ئەو نەقڵە دوور و درێژە و بەو زوانە کۆتایی نایە

ئێستا پرسیاری گرینگ ئەوەیە. لە هەل ومەرجی ئاوادا ئەرکی ئێمە چیە ؟ چ رێگەیەک دەگرینە بەر ؟ رێگەی پاراستنی مەکتەبی مرۆڤایەتی وفەرهەنگی سەر بەخۆ لەم جیهانە ئاڵۆز و تێک هاڵاوەدا چیە ؟

سرمقاله

در شماره پیش در ادامه سلسله بحثهای مربوط به علم‌ودانش ودر مقام تشریح نقش عجیب ودوگانه علم در غوغای عمیق وفراگیر جهان سخن بدین سوال ختم شد که آیا باتوجه به همه تغییراتی که در افکار و اندیشه‌های سیاسی،اجتماعی و سطح فرهنگ عامه (نسبت به‌ادوار گذشته)پدید آمده چگونه میشود که باز هم حکمرانان ستمگرومستکبرین و طواغیت در عرصه جهانی

بر سرنوشت ملتها حکومت کنند؟ قبل از پرداختن به پاسخ این پرسش لازم است خاطرنشان شود که سیطره امروز مستکبران با سیطره اسلافشان تفاوتی بنیانی دارد و پرداختن به تفاوتهای کمی و کیفی، صوری وباطنی سرفصل سلسله بحث بسیار مهمی است که اگر خدا توفیق دهد در آتیه بدان خواهیم پرداخت. لکن ناگفته نمیماند که سیطره سردمداران مستکبر درجهان امروز بر خلاف گذشته با یورش نظامی آغاز نمیشود. زیرا تغییر شرایط سیاسی ،اجتماعی و ارتباطات گسترده‌و انعکاس وسیع اخبار در جهان و هزینه گزاف نقل و انتقالات نظامی چنین کاری را مشکل ،نامناسب و غیرمعمول ساخته است .به طوریکه امروزه بعنوان آخرین روش سلطه مورداستفاده قرار میگیرد. سیطره مستکبران امروز جهان با یورش اقتصادی وفرهنگی وتسلط در این ابعاد آغازودرادامه با تسلط سیاسی و نظامی همراه میگردد. استعمار در عصر حاضر چون گذشته صرفا "براستفاده از قدرت نظامی متکی نیست. در استعمار نو به‌جای استفاده ابتدا به ساکن از قدرت، نظامی و حضور فیزیکی در کشورهای ضعیف سعی میشود با تهاجم وسیع فرهنگی و اقتصادی و آماده شدن زمینه‌های لازم برای تسلط کامل، ساختارنظامی آنکشور به‌گونه‌ای شکل یابد تا حافظ منافع استعمارگران باشد.

و اما نکته اساسی بحث ما این است که استکبار جهانی دراستعمار به‌روش نوین بدون بهره‌برداری وسیع از علوم جدید و تکنولوژی پیشرفته هرگز نمیتوانست نسبت به نفوذ در جهان سوم وتسلط بر شریان اقتصادی و بافت سیاسی نظامی به توفیقات قابل توجهی دست یابد. دانشگاههای مشهور و به اصطلاح معتبر دنیا، مراکزو آکادمیهای علمی گسترده، سازمانها وشرکتهای بزرگ پژوهشهای علمی دررشته‌های مختلف ازصنایع ،پزشکی و... تحت نفوذ مستکبران صاحب قدرت وپول اداره میگردند

تحقیقات وپژوهشهای علمی مختلف به گونه‌ای هدایت میشوند که قبل از هر چیز منافع سرشاری را روانه جیبهایشان سازد. آخرین کشفیات و ابداعات علمی مهرسری خورده وغیر قابل افشاء هستند. اگر مراکز علمی مستقل بودند میبایست آخرین تحولات رخ داده در پژوهشهای خود را برای تبادل نظر به جهان و جهانیان ارائه میکردند. لکن نه‌تنها مراحل پیشرفت هر پژوهشی مسکوت میماند بلکه هر کشف علمی در زمینه‌های مختلف نیز ابتدا به‌اطلاع سازمانهای مخوف امنیتی (حافظ منافع سرمایه‌داران بزرگ) رسیده‌و مهرسری خورده و تا قبل از بهره‌برداری کامل مستکبران از اطلاع عموم مخفی میماند.

بدین ترتیب آنانابتدا به‌تولید اندک و تبلیغات وسیع دراطراف آن پرداخته و باتوجه به نیاز مبرم مردم جهان، سفارشات‌بسیار زیادی را دریافت نموده و آنگاه نسبت به تولید گسترده آن اقدام مینمایند.

بدین ترتیب ضمن آنکه با پیداکردن بازار فروش جهانی سود کلانی به‌جیب خود میریزند، پای خود را در ساختارعلمی،اقتصادی و.. کشورهای ضعیف بازمیکنند. در مرحله بعد یعنی پس از آنکه بازار جهانی را اشباع کردند به‌فروش فرمولهای محرمانه پرداخته و آنها را درقبال اخذ مبالغ هنگفت و امتیازات ویژه سیاسی نظامی دراختیار کشورهای جهان سوم قرار

میدهند.


بهره‌برداری استکبار از علم درهمین حد باقی نمیماند. بسیاری ازپروژه‌های علمی، صنعتی در جهان دانش بنا به پیشنهاد سازمانهای اطلاعاتی ومراکز وابسته به سرمایه‌داران وتحت هدایت مستقیم آنان تعقیب میشود.

چه کسی منکر این حقیقت است که بتایج اعظم پیشرفتهای علمی در خدمت صنایع نظامی قرار دارد؟ آری امروزه درجهان بیشترین حجم تحقیقات علمی صنعتی به‌منظور ارتقاء کیفیت تسلیحات نظامی و در جهت بالا بردن قدرت سرکوب، تخریب، ارعاب جاسوسی واستراق عمد در استخدام جهانخواران قرار دارد. هواپیماهای جنگنده وبمب افکن و جاسوسی و موشکهای مدرن برد کوتاه و دور زد، بمبهای شیمیایی و میکروبی، بیماری یدز (سلاح میکروبی پنتاگون) وسائل بسیار حساس جاسوسی و... محصولات تلاشهای علمی نخبگان فراوانی‌است که مستقیم و غیرمستقیم درخدمت دستگاه عریض و طویل نظام استکباری ومشتی سرمایه‌دار دون و زالو صفت قرار دارند. تهاجم فرهنگی دشمنان بشریت در سایه بهره‌وری ازتکنولوژی ارتباطات و سیستمهای صوتی و تصویری پیشرفته و فریبنده است که امری سهل، سریع وعمیق گشته و دربسیاری ازموارد توفیق یافته هویت فرهنگی مردم بسیاری از کشورهای ضعیف را از آنان سلب و به تزریق فرهنگ خودباختگی از خودبیگانگی، وابستگی و ذلت وتسلیم بپردازد. در مورد کامپیوتر به عنوان برجسته‌ترین محصول تکنولوژی جدید که امروزه کاربرد بسیار فراوانی در رشته‌های مختلف وحتی امور روزمره زندگی پیدا کرده است نیز این بحث کاملا" صادق ودرثبوت آن وضوح بیشتری وجود دارد. با نهایت تاسف باید بگوئیم که‌موارد مثبت بهره‌برداری از کامپیوتر (یعنی مواردی که در راستای منافع جامعه انسانی قرار گرفته) در مقیاس با موارد، بهره‌برداریهای سودجویان ضد بشر ناچیز است. امروز شرکتها، کارتلها وتراستهای عظیم که‌شریان اقتصادی جهان سوم را دردست‌دارند بیش از هر مرکز وموسسه دیگری ازوجود کامپیوترها بهره میبرند. خط تولید پیشرفته‌ترین سلاحهای مخرب و مهلک وپیچیده‌ترین و حساس‌ترین سیستمهای جاسوسی وجمع آوری خبر، به طورکمی و کیفی بیشتر از خط تولید هرکالای دیگری از کامپیوتر بهره میگیرند این کامپیوترها هستند که سازمانهای مخوف جهانی را در راه‌اندازی یک سیستم بسیار گسترده ودرعین حال منسجم جاسوسی وخبرگیری به‌منظور شناسایی به‌موقع مخالفین و افزایش حجم حضور اعتباری درکشورهای تحت سلطه وفراهم‌ساختن ابزار وزمینه‌های جنگ روانی و ایجاد جو رعب ووحشت یاری میکنند و....

پرداختن به جزئیات نحوه بکارگیری ازتکنولوژی و علوم در حوصله بحث‌ما نیست وچندان‌ارتباط اصولی با اهداف طرح این مطالب نیز ندارد. ازسوی دیگر امکان آن نیست تا به همه نمونه‌ها اشاره‌شود چه این قصه سری دراز دارد.....

اکنون باتوجه به‌این مسائل، ودرچنین شرایطی تکلیف چیست؟ چه‌راهی درپیش خواهیم داشت؟ و به تعبیری دیگر راه دفاع از انسانیت و مکتب‌و راه دفاع از هویت مستقل فرهنگی دراین جهان پرغوغا کدام است؟

مەزهەبی




ئیسلام: مەیدانی خەبات بەپانایی هەمووجیهان

عەلی کەریمی

زۆرکەس تێگەیشتوون کە" سەرچاوە" و رێگا ئەوە نیە کە ئادەمیزاد لەدرێژایی مێژوودا ناسیویەتی وپێیدا رۆیشتووە . ئەو دەستە لەگەڵ هەموو چەشنە ستەم و خراپەیەک خەبات دەکەن هەروەک ئیسلام خەبات دەکا. یا رەنگە ئەودەستە شان بە شانی زۆرلێکراوان برۆنە پێش .هەر وەک ئیسلام دەڕواتە پێش. یا بەپێی هەل و مەرج ئەو دەستە چاولەچاوی ستەمکاران دەبڕن وبەسەریاندا دەگوڕێنن هەر وەک ئیسلام دەگوڕێنێ، ئەوان کەدەزانن خەتاکار کێ یە وخەتا بە چ دەڵێن. نەزان و ڕق ئەستوور کێ یە وئەوانەی لە ئیسلام ناگەن کێن. ئەوانە تێدەگەن کێ موسوڵمانە و کێ بەدرۆ موسوڵمانە.

ئیسلام لەزاتی خۆیدا جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازانەیە. ئەم جووڵانەوەیە لە دەروونی مرۆڤ هەڵدەقوڵێ،سەرچاوە دەگرێ وهەڵدەقوڵێ ولە مەڵبەندی کۆمەڵایەتی ئەودا پەرە دەگرێ و بڵاو دەبێتەوە و لە ئەڵڵادا تەواو دەبێ چونکە ئیسلام هەر دڵێک ئاوەدان بکاتەوە ئەو دڵە پاشان هەرگیز کلکەسووتە وتەسلیم رەچاو ناکا و بۆ زۆرداری ودەسەڵات کڕنۆش نابا تەنیا لە بەرامبەر یەزدانی پاکدا خۆ بەدەستەوە دەدا ومل بەلاوە دەنێ.دڵێک کە بە تیشکی ئیسلام رووناک بووبێ هەرگیز بەرامبەر بە دەست درێژکەر وستەمکار بێدەنگ دانانیشێ. بۆ موسوڵمان خەباتی دژی ستەم گرینگە. جا خەبات نەدژی هەرکەس بێ. هەر سوڵتانێک و زۆردارێک لە هەر جێگەیەک بێ تەفاوەت ناکا.

موسوڵمانی بەراستی کاتێک دەبینێ زوڵم وستەم دەکرێ یان هاواری ستەم لێکراوان دەبیسێ لەولاشەوە چاو لێدەکا ئۆمەتی ئیسلام کڕو کپ خۆی مەڵاس کردووە




و کارێک ناکا، ئاگر بەگیان دەبێ و لە ئیسلامەتی ئەو ئۆمەتە بێ هەست و خوستە دڕدۆنگ دەبێ چونکە نابێ دڵێک هەستی موسوڵمانەتی تێدابێ بەڵام لەگەڵ نیزامی جەوروفەساد رێک بکەوێ. لە دوو حاڵ بەدەر نیە ئەگەر نیزام نیزامی ئیسلامی بێ بەگژ هەموو خواروخێچی و ناراستی یەکدا دێتەوە وهەدا نادا و پاشەکشە ناکا. بێ ماندووبوون خەزا (جیهاد) دەکا ولە رێگەی حەق و عەدڵ و ئازادی دا بەلەز بەرەو شەهیدبوون خۆ دەکوتێ. بەڵام ئەگەر نیزام ئیسلامی نەبێ بە تەقە تەقی تەسبێح وهەڵگرتنی هاچەری حەرەمەینی شەریفەین ونوێژودوعا پێک نایە(فکری وردیشی دەوێ هەر بە دووعا ونوێژی مەکە!)تەوەککول بە خوا کردن وپاڵدانەوە و چاو لە ئاسمان بڕین وچاوەڕوانی هەڵڕژانی خێروبەرەکەت بوون هیچی لێ پەیدا نابێ. بەم جۆرە ئازادی وعەداڵەت لەئاسمانەوە نازڵ نابێ. تەوەککولی بێ جووڵانەوە تەنیا دەبێتە هۆی چێ تر بوونی زاڵم وزیاترچەوسانەوەی ژێردەست.

خودای گەورە هیچ قەومێک کە بۆخۆی یاریدەی خۆ نەدا، یارمەتی نادا و ئەوانەی لەرێگەی شەریعەتی ئەودا خەبات ناکەن وەسەریان ناخا.

اِنّ اللّٰهَ لاٰیُغَیِّرُ ما بِقَوْمٍ حَتّیٰ یُغَیِّروا ما بِاَنْفُسِهِمْ.

ئیسلام باوەڕێکی شۆڕشگێرانەی بێ پسانەوەیە وناچێتە نێو دڵ ودەروونێک کە ئینقیلابی نەبێ وئاهەنگی جووڵانەوەی نەبێ. ئیسلامی شۆڕشگێرانە لە بیروباوەر وتێگەیشتنی قووڵ وئاگاداربوونەوە دایە شۆڕش لە ئاڵ وگۆڕی رەوەندی ژیان و پێوەندی تاک وکۆمەڵدا پێک دێ ودەبێتە هۆی یەکسانی وبەرامبەری لەنێوان بەرەی ئادەمیزاد. لەو شۆڕشەدا هیچ کەس لە هیچ کەس لەپێشتر نیە مەگەر بەپێوەری خۆپارێزی لە چەپەڵی وگوناە و کاری خراپ .

ئەم شۆڕشە لەسەر پایەی گەورەیی



ئادەمیزاد دارێژراوە وڕقەبەری وبۆق لەزگی و فەساد وخراپە وەخۆ ناکا.

هیچ ئادەمیزادێک گەرما وتینی ئەم ئیمانە هەست پێ ناکا مەگەر ئەوەی بە تەواوی بوون وهەبوونەوە لەرێگەی ئەودا، تێ بکۆشێ وبۆ هەموو ئەزموونێک ئامادە


بێ. لەو بارودۆخەدا ئادەمیزاد لە راوەستان وبێدەنگی بێزارە وتا گەیشتن بە ئامانج وبەحەقیقەت راناوەستێ.
ئەوانەی ئیمانیان بەخودا هەیە لە رێگەی ئەودا خەبات دەکەن تاکلمةاللە

عەدالەت وشەرەفی ئینسانی وەک کێو راوەستاوە .
ئەو کەسە کە بەهێزی مێشک وباسک لەگەڵ ئیستیعمار بەربەرەکانی ناکا موسوڵمان نیە. ئەو موسوڵمانانەی لەگەڵ

ان الله لايغير مابقوم

لە ترۆپکی بڵیندایی دابێ. "کلمةاللە"ش نایەتە دی مەگەر ئەوەی کینەو بێداد و زوڵم وزۆر لەسەر زەوی نەمێنێ و رۆڵەکانی بەنی ئادەم وەک دەنکی شانە بەرامبەر نەبن وپێوەری جیاوازی وسەراتی یان تەنیا پارێزگاری وتەقواو دووری لە گوناهان بێ .
ئەم جۆرە تاکانە لەگەڵ زوڵم وزۆر لەهەر شکڵ وجل وبەرگێک دابێ خەبات دەکەن و بەقازانج یا دژی کەس زبانیان بەناحەق ناگەڕێ. ئەوانە بوون کە لە مێژوودا کاتێک شوعلەی ئیمان لە دەروونیاندا هەڵایسا بەشێوەیەکی رێک و پێک لەدژی ستەم هەستان وبەرەومەیدان وەرێ کەوتن. شەرێکی گەورە و گرانیان لە جبهەی ئەخلاق و کۆمەڵ و فەرهەنگ وسیاسەت وئابووری دا دەست پێکرد.
لە ئیسلامدا واژەگەلی " ئیستیعمار فێئودال، تاغی و..." هەمووی لەژێر ناوی "بەغی"دا کۆبوونەوە و ئیسلام ئەمری بە ئێمە کردووە کەلەگەڵ"بەغی" و "باغی" خەبات بکەین. ئیسلام جێگەی شانازی یە چونکە لەمەیدانی خەباتی جیهانی دا بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و

زاڵم وئیستیعمار پێک هاتوون وخزمەتیان دەکا وئاشتی یان لەگەڵ دەکا موسوڵمان




نیە. ئەو کەسە بەرامبەر بە شەرەفی خۆی ونەتەوەی ولەوەش گرینگ تربەرامبەر بەئایینی خۆی غەیان وناراستە .
موسوڵمانێک کە دڵ ودەروونی نووری ئیسلامی تێڕژاوە نایەڵێ سەرمایەداری خوێن مژی ملهوڕ وسۆسیالیستی خوێن رێژ ی

زاڵم ئاسوودە دابنیشێ. بەرامبەریان رادەوەستێ وبەگوڕەی نێرانە بەسەریاندا دەنەڕێنی وگەل هان دەدا لەدژی بێدادو ستەمی ئەوانە جیهاد بکا .ئەوموسوڵمانەی کە سەرکێشی ملهۆران وکۆیلەتی و دیلی

لەئێوە نیە ئەوەی لەرێگای خودا و زۆرلێکراوان وبەندکراوانی لەش و گیان تێ نەکۆشێ و بۆ رزگاری ئەو کەسانە کە دەڵێن "خودایە ئێمە لەو جێگایە کە خەڵکی ئەو ستەمکارن بەرە دەر و

حتی یغیروا ما بانفسهم

و چەوسانەوەی گەلانی جیهان بە هێند ناگرێ وبەرامبەریان بێدەنگ و هەست و



خوستە، موسوڵمان نیە.

وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِی سَبِيلِ اللّٰهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هٰذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا ،وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَلْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيراً .

لە لایەن خۆتەوە سەرپەرست ورێبەرێکمان بۆ دیاری بفەرموو و لەلایەن خۆتەوە گەورەیەکی بینا وزانامان بۆ بنێرە" جیهاد نەکا و خەبات نەگێڕێ .

موسوڵمان بە بەڵام موسوڵمانێکی تەواو. هەر ئەوەندە بۆ تۆ بەسە. چونکە ئەگەر موسوڵمان بی ئیمان وباوەڕ لە جەبهەی ملهوڕان وئیستیعمارگەرانت هەڵدەپچڕێ ودەتباتە گۆڕەپانی خەبات لەدژی زوڵم وبیداد وملهوڕی. ئەگەر نەچوویە گۆڕەپانی خەبات وهەستت بەوە نەکرد دەبێ خەبات بکەی. بزانە لە دەروونتدا نەیڕەنگ وفێڵ هەیە. یا نەیڕەنگ وفێڵێکت لەگەڵ حەقیقەت تێکەڵ کردووە.

بزانە کە لەسەر زەوی مەڕاموەسڵەک زۆرن کە هەریەکەی لە بەستێنی تایبەتی خۆیدا دەچێتە پێش وخۆیان بە ئالاهەڵگری ئازادی وعەدالەت دەناسێنن !

بەڵام تەنیا ئیسلام لە هەموو مەیدانێک دا بەنیەتی پاکەوە و بە ئەزمی نیزیک بوونەوە لەخودا بۆپێک هێنانی ئازادی ودابین کردنی عەدالەت وقیست (قسط) بەربەرەکانی دەکا .

باسی ئەدەبی

وەرگێڕ:
جەعفەر شێخە ئیسلامی

هەر خوێنەرێک هیچ نەبێ جارێک بۆی هەڵکەوتووە کە دانەنانی خاڵێک (٠) یان پرسیارنوێنێک (؟) سەری لێ شێواندووە و ناچاربووە ماوەیەکی زێدە لە پێویست تەرخان بدا، بۆ ئەوە کە باش لە رستە یان بابەتێک حاڵی بێ وتێی بگا.

نیشانەکان لە نووسراوەدا زۆر بەرێ وجێ لەم نیشانانە کەڵک وەردەگرن، بەڵام بەداخەوە ئێمە هێشتا گرینگایەتی ئەو مەسەلەمان تەواو بۆ دەرنەکەوتووە، ئەگەر بۆشمان دەرکەوتبێ لەکردەوەدا لەسەری سوور نین ووەپشت گوێمانی دەدەین.

رێنووسی زمانی کوردی ئاسایش بنووسن ئەو نیشانانە بەرێ وجێ دەکار بێنن. تا ئەو کاتەی کە ئیتر دەستیان راهێ وپاشان دەبینن کە بەبێ ئەوەی پێویست بە تێ بینی و ورد بینی زۆریش بێ، نووسراوە- کانیان زۆر رێک وپێکەولەم بارەوە کەموکورتی یان نیە ئەو نیشانانەی دەکار

وەکوو "نۆت" لە مووسیقی دان. دانانی ئەونیشانانە بەرێ وجێ، دەبێتە هۆی ئەوە کە نووسراوە رێک و پێک بێ، خوێنەر ساناتر بیخوێنێتەوە و زووتر و باشتر تێی بگا. ئاشکرایە کاتێک خوێنەر لە نووسراوە تێ گەیشت، نووسەریش بەروبۆی زەحمەتی خۆی دەست کەوتووە. کەوابوو رەچاوکردنی ئەوکارە گرینگە هەم بۆ نووسەر قازانجە و هەم بۆ خوێنەر.

لە کۆمەڵەکانی پێشکەو- تووی ئێمرۆدا، نووسەرگەل لە نووسراوەکانی خۆیان دا جگە لەم نیشانانەی کە بە تەماین لەم وتارەدا باسیان بکەین (هەڵبەت لە رێنووسی زمانەکانی تریش دا، کەڵکیان لێ وەردەگرن) بۆ خۆی نیشانەی تریشی زۆرە. لەبەر ئەوەدانانی هەمووی ئەو نیشانانە هەروا سانا نیە.

بە بڕوای نووسەری ئەم دێرانە، نووسەرانی بەرێز بەتایبەت لاوە خۆشەویستەکان دەبێ بە بێ نێوبڕ و ماندوویی ماوەیەکی زۆرلەو بارەوە تێ بین و وردبین بن، تەنانەت کاتێک دەیانەوێ نامەیەکی

هێنانیان لە نووسراوەدا زۆر گرینگە ئەمانەن:

خاڵ یا نوختە (٠)

١- لەکۆتایی رستەگەلێ بەیانی وئەمری دادەنرێ و نیشانەی تەواوبوونی رستەیە.

نموونە: گەل بەویستی خۆی گەیشت."

٢- دوای پیتگەلێکی سەربەخۆ کە بۆ کورت کردنەوەی وشەدێن، دادەنرێ.

نموونە: ئ. س. ئ. (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیپووبی).

٣- دوای ژمارەکانی ئەسڵی یان پیتەکانی ئەلف و بێ دادێ و ئەوان لە وشەکان جوێ دەکاتەوە.

نموونە: ٠ ٣ . ٢ . ١
ت . پ . ب . ئ

پرسیارنوێن یا داس ؟

١ـ لەکۆتایی رستەکانی پرسیارانەی راستەوخۆدا دەنووسرێ .

نموونە : مامۆستا لە خوێندکاری پرسی : " ئەرێ کتێبەکەت خوێندۆتەوە ؟"

ئاشکرایە کە لە کۆتایی رستەگەلی پرسیارانەی ناراستەوخۆدا ، بە جێگای پرسیار نوێن (؟) خاڵ دادەندرێ .

نموونە : مامۆستا لە خوێندکاری پرسی کە ئایا کتێبەکەی خوێندۆتەوە ؟.

٢ـ جاروبار بۆنیشان دانی مەبەستێک کە بۆشک لێ کردن یان گاڵتەپێکردن دەبێ کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەم کاتەدا زۆرتر لەنێو دوو کەوان دا جێ دەگرێ.

نموونە : لە وڵاتی ئەمریکا دیموکراسی (؟) بەرقەرارە .

هەواڵنێری بەشەرەف (؟) نامەی تایبەتی منی ـ ئەویش بەدەست تێوەردانەوە ـ لە کتێبەکەیدا چاپکرد .

٣ـ لە کۆتایی بەشێکی رستەدا کەشێوەی پرسیاری هەیە دێ. (هەڵبەت لەم حاڵەدا تەواوی رستەکە پرسیارانە نیە).

نموونە :کتێبی **بۆچی دەبێ لەبیری کۆمەڵ دا بین ؟** م خوێندەوە .

! سورنوێن یا گورز (!)

لە کۆتایی وشە یا رستەگەلێکدا کەبۆدەربڕینی دڵەکوتە وسەرسورمان یان پێ راگرتن بن،جێ دەگرێ .

نموونە :کورە تۆزۆرئازای !

نەکەی درەنگ بێیتەوە !

وچانوێن یان گۆچان (،)

بۆ جوێ کردنەوەی وشەکان یان بەشگەلی رستە بەکار دێ .

نموونە : حاجی قادری کۆیی، شاعیری نەمری کورد ، لە چەرخی نۆزدەی زایینی دا ژیاوە .

جیایی نوێن یان فەنەر(؛)

بۆ جوێ کردنەوەی دوو یان چەند رستەی بەیانی کورت کە لەگەڵ یەکتر پێوەندی یان هەیە، بە کەلک دێ .

نموونە :مەحوی نەیگەیاندۆـ تە نالی؛ سەرەڕای ئەوەش یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی کلاسیکی کوردە .

دوو خاڵ (:)

١ـ بەر لە گێڕانەوەی راستەوخۆ دێ .

نموونە : هێمن گوتوویە :

" ئەوین مایەی ژیان و بوون وسانە .

" ئەوین رایگرتووە دەوری زەمانە ."(١)

٢ـ بۆبلاوکردنەوەودیاری کردنی کوتکوتی مەبەستێکی گشتی یان شی کردنەوەی مەسەلەیەکی کورت بێژراو بەکار دێ .

نموونە :بەرنامەی کار بەم جۆرەیە :.....

٣ـ بەر لە بابەتێک کە وەکوو دووپاتکردنەوە یان شەرح کردنی بابەتی بەر لەوە ، دێ .

نموونە : چارەیەکمان جگەلە خەباتنیە : رێگایەکی تر نیە .

٤ـ پاشسەردێڕی نامە دێ .

نموونە :دۆستی خۆشەویستم :

٥ـ لەنێوان ژمارەی سەعات وژمارەی دەقیقەدا دادەندرێ .

نموونە : ٥:٣٠ی پاش نیوەرۆ.

... سێ خاڵ (...)

١ـ بەجێگای یەک یان چەند وشەی قرتاودادەندرێ .

نموونە : سەردەمی زۆرەملی، نەزانی،خۆپەرستی ... **نەما.**

٢ـ لەباتی وشەیەکی وەکوو "هتد" دادەندرێ .

نموونە :شاعیر دەبێ مەسەـ لەکانی فەننی شیعر،قافیە، رەدیف ،وەزن ...بەشبەحاڵی خۆی بزانێ .

هەر کاتێک،نیشانەی سێ خاڵ لەکۆتایی رستەدا بێ ، نیشانەی کۆتایی رستە ، بەر لەو دادەندرێ .

نموونە : رەورەوەی مێژوو بەرەوپێش دەڕوا ، ئینسانەکان روون دەبنەوە ، ئیستعدادەکان دەپشکووێن گەلان رزگار دەبن...

قرتاندنی یەک یان

چەند میسرەع یان بەیتی شیعرێک یان جاروبار یەک یان چەند رستەی پەخشانێک بە چەند خاڵان نیشان دەدەن .

نموونە :

"بولبولی باڵ شکاوی
وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا
دڵی لەکوڵم
" چۆن دەتوانم بەتۆ
بڵێم من چیم ؟!
خۆم گومانم هەیە کە
هەم یا نیم ؟! "(٢)

لەپەخشان دا دەکرێ هەرسێ خاڵەکە دابندرێ .

نموونە :"بەبیرم نایە بە مندالی قەت بیرم لەوە کردبێتەوە کە بە گەورەیی ببمە شاعیر.... بۆم ناچێتەوە سەریەک ، بۆچی کەچوومەحوجرەی فەقێ یان بەجارێک گۆرام وئاشقە شیعر بووم ."(٣)

بڕ نوێن یان هێڵ(—)

١- بۆ کردنەوەی بابەت یان هێنانەوەی رستە و بابەتی روون کەرەوە بەکار دێ .

نموونە : زمانی کوردی رەسەن-بەراستی زمانێکی شیرینە کوردی رەسەن-لە خەڵکی دێهات فێر بووم .

٢- بۆ دووپات کردنەوە یان شەرح دانی بابەت دادەندرێ .

نموونە :ئاو-ئاوێکی روون- پڕ بە رووبار دەهات .

٣- بۆ کۆکردنەوە و پەستاوتنی بابەت لەکار دەکرێ .

نموونە :ئینسان خۆش ویستن، بوێری ولەخۆبوردوویی- ئەمانەن تایبەتگەلی ئینسانی راستەقینە .

٤- بۆ نیشان دانی مەودا بەکار دێ .

نموونە :رێگای سنە-مەهاباد

هەر وەکی دەبینین جاری وایە هێڵێک و جاری واشە دوو هێڵ دێتە نێو رستە .

پێکەوە نوین یا نیوەهێڵ(-)

١- بۆلکاندنی وشەکان دەکار دەکرێ .

نموونە : خاووخێزانی مێ-وەجاغی یەکێک لەشێوەکانی کۆنی خاووخێزانە .

٢- بۆ بەش بەش کردنی وشەکان کەلکی لێ وەردەگرن

نموونە : د-ا-ر(= دار)

٣- بۆ پێ داگرتن یان دووپات کردنەوەی پیتەکانی وشە لەکار دێنن .

نموونە : م-م-منیش . ماما-ماتم وە-وە-کوو تۆ-تۆ-تۆ ئەئە-ئەتۆش ما-ما-ماتی م-م-من .

٤- بۆ نیشان دانی ناتەواوی وشەیەک کە لە کۆتایی هێڵدا هەڵکەو-تووە وبەشێکی کەوتۆتە هێڵی پاشەو بەکاردێ .

نموونە : زمانەکەمان پێ ناسی ئێمەیە ، لەبەرئەوەپێو-یستە بۆ گەشەکردنی هەتا دەتوانین خزمەتی بکەین .

کەوان ( )

بۆروون کردنەوەیەکی زیادی یان وەبیرهێنانەوەی مەسەلەیەک لەنێو بابەتی ئەسڵیدا کەڵکی لێ وەردەگرن .

نموونە : هێگێل (کە نابێ لەگەڵ هێگێل لێمان تێک بچێ) یەکێک لە سروشت ناسانی گەورەی چەرخی نۆزدەیە بابەتی نێو دوو کەوان زۆرتر لە بابەتی نێو دوو هێڵ، لە بابەتی ئەسڵی دوورە .

« »
زەق نوێن یان دوو گۆچان

١- لە سەرەتا وکۆتایی گوتەیەک دا کە راستەوخۆ لەزمان کەسێک یان سەر چاوەیەکەوە دەگێردرێتەوە جێ دەگرێ .

نموونە : مەحوی گوتوویە :

"بەجێ یە کوشتنم
سووتاندنم ،خاکت بە با
بۆدام ؟! "

" وتی : ئاهەنگی عیشقی
من مەقاماتە لەگەڵ بەستە"

ئەگەر بابەتی گێردراوە ، درێژ و لە چەند بەند (پاراگراف) پێک هاتبێ زەق نوێن لەسەرەتای هەموو بەندەکان وتەنیا لەکۆتایی بەندی دوایی دا دێ .

٢- لە سەرەتاوکۆتایی

زاراوەگەلی تازە یان داتاشراو و وشەیەک دا کە پێی لەسەر دابگیرێ ، لە رستەدا جێ دەگرێ .

نموونە :وشەی " فەرهەنگ " لە زمانی ئاڵمانی دا دەبێتە " کولتوور"

٣ـ بۆ دیاری کردنی سەردێڕ وتار و نامیلکە گەلی ناسەربەخۆ وقسەکردن وبەشەکانی کتێبێک لەم نیشانە کەڵک وەردەگرن .

نموونە :"لەکوێ وە بۆکوێ؟" پێشەکی مامۆستا "هێمن" ، بۆدیوانی "تاریک وروون" .

هەرکات پێویست بێ کە یەک یان چەند وشە لە وشەکانی نێو ئەم نیشانەیە بەنۆبەی خۆی زەق بکرێ ، پێش وپاشی ئەو یەک یاچەند وشەیە ، کەوانی تێک شکاو واتە< >دادەنێن .

نموونە : قسەکەر گوتی: "وشەی <گەوهەر> هەر <جەوهەر>ی عەرەبی یە ."

زێدەنوێن یان قولاپ [ ]

١ـ بۆ دیاری کردنی وشە یان وشەگەلێک کە لە نووسراوە یان سەردێڕی کتێبێک زیادی دەکەن ،ئەو وشە یان وشانە داوێنە نێو ئەو دوو قولاپە .

نموونە : قازی ئەحمەد نووسیویەتی :

" شاعیری فەرزانەی فرەزانی کورد [هێمن] ئەوەی بۆ روون بووە کە هەر فەرهەنگە نامرێ ." (٥)

٢ـ ئەگەر لەنێو بابەتێکدا کە بۆخۆی کەوتۆتە نێو دوو کەوان روون کردنەوەیەک پێویست بێ ئەو روون کردنەوەیە داوێنە نێو قولاپ .

نموونە : هێگێل (کە نابێ لەگەڵ هێگێل [فەیلەسووفی پیتۆڵی ئاڵمانی] لێمان تێک بچێ) یەکێک لە سورشت ناسانی گەورەی چەرخی نۆزدەی زایینی یە .

گەورەنوێن یان هێڵی درێژ :

بۆ زەق کردنی هێندیک وشە یان سەردێڕی دەست نووس و نووسراوەکانی ماشینی لەژێر ئەو وشە و سەردیرانە هێڵێکی راست دەکێشن .ئەگەر بابەتێکیش پێویست بەزەق کردنەوە بێ بەڵام زۆر گرینگیش نەبێ لەژێر ئەوبابەتە هێڵێکی خێچ وخوار دەکێشن .

نموونە :**مەموزینی خانی** شاکارێکی ئەدەبی یە .

" **من لەو بروایەدام کە شەرەفنامەی هەژار دەبێ بکرێتە بەردی بناغە بۆ کوردی ئەدەبی و زمانی یەکگرتوومان .**"

لەنووسراوەکانی چاپ کراودا لەبابەتی ئەوە کە لەژێر وشەکانی گرینگ هێڵ بکێشن ،زۆرتر ئەو وشانە بەپیتی گەورەتر یان رەشتر لەسەرجەمی نووسراوەکە چاپ دەکەن .

دوا سەرنج

لەنووسین دا دەبێ هەوڵ بدەین کە مەودا و نێوانی ئەم نیشانانە لەگەڵ وشە و رستەکان بەپێی مەنتیقی کەلام بەرێ وجێ بێ .

نیشانەکانی تاق وەکوو خاڵ (.) وپرسیارنوێن (؟) دەبێ بەمەودایەکی کەم و باشلەدوای وشە یان رستەدا دابندرێن ،بەڵام دەبێ مەودای ئەو نیشانانە لە گەڵ وشەی پاشەوان،زۆرتر بێ .

پێکەوەنوێن (-) کەدوو وشان بەیەکەوە دەلکێنێ دەبێ مەوداکەی لەهەردووک وشە کەموبەقەت یەک بێ .

مەودای هەردووک لای هەموو نیشانەیەکی جووت لە وشە یان رستەیەکی کە لە نێوان ئەوجووتە نیشانەدا هەڵکەوتووە ،دەبێ مەوداکەی کەمتر بێ لەووشەورستانەی کە لە ئەملاوئەولای ئەو نیشانەیە هەڵکەوتوون .

سەرچاوەکان :

١ـ هێمن : نالەی جودایی ، ل ، ٥٩ .

٢ـ هێمن : نالەی جودایی ، ل ، ٤١ - ٤٠ .

٣ـ هێمن : هەواری خاڵی ل ، ٨ - ٧ .

٤ـ مەحوی :دیوانی مەحوی ل ، ٢٦٧ .

٥ـ سروە :ژمارە ٦،ل،٦ .

بەرخ شۆ

پەرویز جهانی

کارێکی هەرە بنەڕەتی کە لە سەرانسەری کوردستان بە تایبەتی لە نێو گوندی و رەوەندان باوە مەڕداری وتەرش داری یە . زوربەی کارەکان لەنێو گەلانی دونیادا خاوەنی رێ و رەسمێکی تایبەتین . یانی لە بارەی رێکەوتنی ئەو کار یان بەدەست هێنانی بەرهەمەکانی ئەوکارە رێ ورەسمێکی تایبەتی دادەمەزرێ بۆ وێنە رێ ورەسمی " بەران بەردان" یا " پەزبڕ" کە لەنێو کوردان هەیە یا جەشنی ترێ لەنێو ئاشووری یەکانی ئێراندا کە لە کاتی گەیشتنی ترێ بەرێوە دەچێ . لەم گوتارەدا دەمانەوێ خوێنەرانی بەرێز لەگەڵ رێ و رەسمی "بەرخ شۆ" ئاشنا بکەین .

نێوەڕاستی هاوین کە رادەی گەرما دەگاتە



پلەی هەرە ژوور، مەڕدارەکان خۆیان بۆ برینی بەرگن یا لوایی بەرخەکان تەیار دەکەن . بەرخەکان لەو دەمەدا کەپێنج شەش مانگەن جودا لە مێگەل لە لەوەڕگایەکی تایبەتیدا بەخێو دەکرێن .

چەند رۆژ بەر لە "بەرخ شۆ" شوان و بەرخەوانەکان حەقی شەش مانگەیان کە بەشی زۆر لەکاتی حەق برینەوەدا "بەرخ" یا "کار" دیارکراوە لە مەڕدارەکان وەردەگرن . پاش تەواوبوونی حەق وەرگرتن کاتی شۆردنی بەرخانە . رۆژی شۆردنی بەرخان بەرۆژی"بەرخ شۆ" بەناوبانگە . مەڕدارەکان هەموو لەو رۆژەدا لە رەخ چۆم یا کانی ئاوایی یان هۆبە کۆ دەبنەوە بەچیم وگڵ وبەرد بەندێک لە پێش ئاو هەڵدەبەستن .ئاوی چۆم و کانی لە پشت ئەو بەندەدا کۆ دەبێتەوە و قووڵتر و زۆرتر دەبێ . هەڵبەتە لە بڕێک ناوچە لە تاڤگە و ئاوهەڵدێرەکانی تەبیعی یا دەس کرد کەلک وەردەگرن .

کاتی شۆردنی بەرخ چەند کەس لە شوان و بەرخەوان و لاوە گەنجەکان دەچنە نێو ئاو، چەند کەسیش بەرخەکان داوێنە سەر دەستیان و خەریکی شۆردنی بەرخەکان دەبنەوە . لەگەڵ شۆردنی بەرخەکان گۆرانی وشیعر وئستران و لاوکیش دەگوترێ . یاری و گاڵتەوگەپ هەر درێژەی هەیە . بەرخ شۆیەکان بە یەک دەنگ گاز دەکەن . هەزار کرێ ،هەزار بڕێ ، مەبەستیان لەم رستەیە ئەوەیە کە خاوەنی ئەو بەرخانە سالێ هەزار بەرخی خۆی ببڕێتەوە و هەزاریش بکرێ . ئەڤە خۆی جۆرە پارانەوە و دوعایەکە . لەمرۆژەدا منالەکانی ئاوایی یا هۆبە لە هەموان شادتروخۆشحاڵترن

کەیبانووەکانیش ئەرکێکی دیکەیان هەیە . ئەوانە دەبێ کە بۆ بەرخ شۆیەکان هەڵوایەکی تایبەتی بەناوی " مرتۆغە" دانێن . مرتۆغە هەڵوایەکی تایبەتی رۆژی بەرخ شۆیە کە لە ئاردی گەنم و رۆنی خۆماڵی ودۆشاو یا شەکر



پێک دێ . ئەو هەڵوایە بووەتە خۆراکی سوننەتی ..

هەر ماڵێک لەو رۆژەدا دەبێ مرتۆغە دانێن دەنا پێیان وایە کە هەر ماڵێک مرتۆغە لێ نەنێن بەرخەکانیان تووشی نەخۆشی دەبن و لەنێو دەچن .

لەو مرتۆغەیە بە هەموو ئەوانەی کە لە بەرخ شۆ بەشدار بوون و هەروەها بە تەواوی ئەوانەی کە لەوێن و هەر وشان بە تەواوی رێبوار ودراوسێ یان دەدەن و دەڵێن کە دابەش کردنی مرتۆغە لەنێو دانیشتوانی ئاوایی یا هۆبەدا دەبێتە هەگەری دووربوونی قەزاوبەڵا لە خۆیان وبەرخەکانیان . بۆیە لەسەر لێنان و دابەش کردنی مرتۆغە زۆر سوورن و حەتمەن هەموو ساڵێ لەو رۆژەدا ، دەبێ مرتۆغە هەبێ .

بەرخ بۆ دوو مەبەست دەشۆرێ ، یەکەم مەبەست لە شۆردنی بەرخ ئەوەیە کە بەرگنی بەرخەکان تەمیز وپاقش بن .

دووەم ئەوە کە شۆردنی بەرخ دەبێتە هەگەری لەنێوچوونی نەخۆشی بەرخەکان و هەر وەها لەنێوچوون و قڕبوونی گەنەوقڕنوو و ئەسپێ لەسەر لەشی بەرخ .

پاش شۆردنی بەرخەکان ئەوانە لە لەوەڕ- گایەکی بەربەرۆژ دەلەوەڕێنن داکوو لوا و بەرگن یان وشک بێتەوە . رۆژی بڕینی بەرخەکان، بەرخ لەلەوەڕگەیەکی نێزیک ئاوایی یا هۆبە دەلەوەڕێنن . بەشی زۆری مەڕدارەکان خۆیان دەتوانن بەرگن یالوایی بەرخەکان ببڕن . ئەگەر کەسێک نەیزانی ئەو کارە بکا ، لە شارەزا یارمەتی وەردەگرن . ئەوانەی لەوکارەدا شارەزان "برینگ بڕ" یا " قوسێسی" یان پێدەڵێن . برینگ بڕ بە مەقەستێکی تایبەتی بەناوی " برینگ " یا



" هری برینگ " کەزۆرجاران لە زاراوەیی کرمانجی ژووروودا " هەربینگ "یش دەگوترێ ، خوری مەڕ یان بەرگنی بەرخی پێ دەبڕنەوە .

کاتی برینگی بەرخ یا مەڕ هەرچوار لاقیان بە بەندێکی تایبەتی بەناوی "پێ پەز" یا " پێ بێند" گرێ دەدەن ،تا بەرخ یا مەڕ خۆ لێک نەدا و کاری برینگ هاسان تر بێ .



"دیوانی ئەسعەد مەحوی" یەکەم بەرهەمی چاپکراوی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەسعەد مەحوی یە (١٣١٨ک – ١٨٩٨ز – ١٣٩٦ک و ١٩٧٦ز) کە لە ساڵی ١٩٧٠دا پێشکەشی باخچەی ئەدەبی کوردی کردووە. ئەو شیعرانەی کە لەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە بەشێکی کەمە لە گوڵزاری شیعری تەڕ وپاراوی شاعیری لێهاتوو و بەهرەوەری ئەم شوێنە.

ئەم زاتە پیاوێکی ئایینی ولەخوا ترس و زیرەک و بێ ریا بووە ساڵی ١٨٩٨ زایینی لە گەڕەکی چوارباخ – ی سلیمانی ولەبنەماڵەیەکی ناسراوی مەلازادە وشیعروزانست پەروەردا چاوی ژیانی بە کوردستانی زێد و نیشتمانی هەڵێناوە. لە ساڵانی ١٩٣٠ بەدواوە ناوبانگی سیاسی و نیشتمانپەروەریشی چووەپاڵ شۆهرەتی بیروباوەڕی ئایینی.

ژینامەی شاعیر:

مەلا ئەسعەد کوڕی شێخ خالید کوری زانای شاعیری موتەسەوف وفەیلەسوفی بەرز وبەڕێزی کورد، کوری شێخ مەلا عوسمانی بالخی یە. تەخەلوسی شیعری "ئەسعەد"ە. شاعیرێکی هەقبێژ و خواناس ولەباری شیعر گوتن دا دەستێکی باڵای بووە، شاعیرانی کورد نالی و کوردی و مەحوی کاریان تێ کردووە و تەئسیریان لەسەر داناوە. باسی رەخنە و پلار و تانووت لە نێوەرۆکی شیعری ئەسعەد مەحوی دا وێنەی زۆرە شیعرەکانی لە پلەیەکی بەرزی هونەری و ڤیکریدان.

لە پێش خوێندنی لای باوکی بووە (١٨٧٥ ١٩٦١) ئەوجا لە قوتابخانەی فەقێ یان لە خزمەت "خواجەئەفەندی" قوڕئانی پیرۆز و هێندێک لە کتێبە ئایینی یەکانی ئەودەم و چاخەی خوێندووە. ساڵی ١٩١٥ ز. نراوەتە قوتابخانەی (اعدادی)یە لەسلێمانی. هەروەتر وەک فەقێ کانی ئەو رۆژگارە بۆ خوێندنی مەلایەتی گەلێ مزگەوت و شوێنان چووە، پاش ماوەیەک بایداوەتەوە سلێمانی و بۆ زێدە



فێربوونی زانستە دینی یەکان دەچێتە کن مەلا گەورە و زانا ناودارەکانی وەکوو مەلا حوسێنی پێکەندی وشێخ بابا عەلی شێخ عەبدوڵڵای تەکیە و شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی. لەسەر دەستوور و پەیڕەوی ئەورۆژگارە خوێندنی حوجرەی تەواو کردووە. و لە لای زانای بەناوبانگی کوردمامۆستا **مەلا حوسێن** پێکەندی یەوە ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە.

دوای وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە ئینجا لە مزگەوتی خومخانە لە سلێمانی بە ئیمام و مودەریس دامەزراوە و دەستی کردووە بە پێش نوێژی و بڵاوکردنەوەی ئایین ودەرس گوتنەوە

به فه‌قێ یان . پاشان له‌به‌رپیری وبێ تاقه‌تی باوکی ره‌حمه‌تی یه‌وه ده‌چێته خانه‌قای مه‌حوی و له جێ و شوێنی باب و باپیری داده‌نیشێ ئازایانه و بوێرانه که‌وته کاو و کۆشش دژی نه‌زانین و دواکه‌وتوویی په‌ره‌پێدانی رۆشنبیری و بێداری ،زۆر که‌سی فێری خوێنده‌واری ونووسین کردووه وره‌وشت وئاکاری خواناسی وخه‌لک دۆستی و ئامۆژگاری جوانی به ناوچه جۆراوجۆره‌کانی و ولاتی کورده‌واریدا بلاو کردوته‌وه .

ماموستای شاعیری سه‌ربه‌قوتابخانه‌ی شیعری کلاسیکی کوردیمان، له مه‌یدانی زانستی زماندا عه‌ره‌بی وفارسی وتورکی به‌ئاخافتن و خوێندنه‌وه‌وه باش زانیوه و وێنه‌ی ماموستا و شاعیرانی سه‌رده‌مه‌که‌ی به هه‌ر سێ زمانه‌که شیعر و په‌خشان ونووسینی پێ بلاوکردوونه‌ته‌وه و خوێنده‌واروروشنبیرێکی‌قابیل وبلیمه‌تێکی چه‌رخی خۆی بووه . له دامه‌زراندنی (کۆمه‌لی برایه‌تی)دا ئه‌ندامێکی کارا و گورج و گۆل بووه ئه‌م کۆمه‌له‌یه له سالی ١٩٣٧دا هاته کۆری خه‌باتی سیاسی یه‌وه و تاکوو سالی ١٩٣٨ به‌رده‌وام بوو

شاعیر دوای چه‌رمه‌سه‌ری و راونان و گرتن و ئازادبوونی له گرتووخانه‌کانی که‌رکووک و سلێمانی ، سالی ١٩٤٢ به‌هۆی زه‌بر و سته‌می پیره که‌متیاره ئینگلیزه‌کان ونووری سه‌عیدی گۆربه‌گۆره‌وه (١٨٨٨ - ١٩٥٨) بوماوه‌ی چه‌ند سالێک ده‌ربه‌ده‌ر و هه‌لوه‌دای ئه‌و لاو ئه‌ولا بووه و به تایبه‌تی له شاری "سه‌رده‌شت"ی کوردستانی ئێراندا ماوه‌ته‌وه . ئه‌وه‌تا شاعیر خۆ شی له ژیانی ئاواره بوونه‌که‌ی خۆی که له تشرینی دووه‌می ١٩٤٣ له "سه‌رده‌شت" ده‌بێ ده‌دوێ و ده‌لێ :

مه‌رحه‌بام ئه‌مرۆ له‌دل کرد غه‌م وه‌رامی دامه‌وه
گول په‌رستی کاری من بوو ئێسته‌بێ گول مامه‌وه
جه‌ژنه‌پیرۆزه له‌گه‌ل کێدا بکه‌م‌گه‌ردوونی دوو ن
کونده‌بووم ئاسا له "سه‌رده‌شتا "به‌ته‌نیا مامه‌وه

* * *

من له ده‌س‌جانی وه‌ته‌ن ئاواره بووم
دل حه‌زین و سینه پاره پاره بووم
عاشقی رووتم به رووتی دێمه ده‌ر
له‌م گرێ و قۆرته سه‌رم خه‌ی بێ خه‌ته‌ر

ماموستا خاوه‌نی بیروهوشێکی به‌ربلاوو خوو و ره‌وشتێکی به‌رزی مروڤایه‌تی و جه‌ماوه‌ری بووه ، به‌هۆی فه‌قێ یه‌تی و چالاکی سیاسه‌ت و کوردایه‌تی یه‌وه گه‌لێ مه‌لبه‌ند و شوێنه‌واری کوردستانی عێراق وئێران بوونه‌ته جێگه‌ی ژیانی . له‌گه‌ل که‌له پیاوانێکی وه‌کوو شێخ مه‌حموود و محه‌ممه‌دئه‌مین زه‌کی و ره‌فیق حیلمی وشێخ له‌تیفی حه‌فیددا تێکه‌لی و دۆستایه‌تی یه‌کی به تین و توانی هه‌بووه و خۆی به هاورێ وبرای هه‌موو دلسوزێکی به‌هه‌قی کورد زانیوه نامه‌گه‌لێکیانی بۆ هاتووه و ئه‌میش به په‌خشان یان به شیعر وه‌رامیانی داوه‌ته‌وه ، یان ئه‌م نامه‌ی بۆ ئه‌وان ناردووه و ئه‌وان وه‌لامیان داوه‌ته‌وه . ئه‌م هاوپه‌یوه‌ندی و دۆستی یه‌ی ماموستا مه‌لا ئه‌سعه‌د وه‌ک گوتم ته‌نیا له‌سنووری کوردستانی عێراقدا نه‌بووه ، به‌لکوو له روونا کبیرو رۆشنبیرانی کوردی کوردستانی ئێرانیشه‌وه کاغه‌زی بۆ هاتووه و به‌بیروباوه‌ری کوردانه‌و ته‌واوی سۆزی خۆشه‌ویستی وراستی و دلپاکی و وه‌فاداری یه‌وه وه‌لامی داونه‌ته‌وه . ئه‌م کاره ، یان ئه‌م په‌یوه‌ندگرتنه له‌گه‌ل شێخ له‌تیفی حه‌فیددا زۆر روون و ره‌وایه .

ئه‌وه‌تا (شێخ له‌تیف)له‌نامه‌یه‌کی شیعریدا که بۆ هاوه‌لی ئازیزی خۆی (مه‌لا ئه‌سعه‌د)ی ناردووه ده‌نووسێ :

یادی تۆ هه‌روا له‌دل دا ،دوسته‌که‌ی خاوه‌ن وه‌فا
ره‌بی مه‌حفوزبی عه‌زیزم ،تۆ له‌سه‌د ده‌ردو به لا
ماوه‌یه‌که تۆم نه‌دیوه وا په‌شێوه حاله‌که‌م
دل له لاته ، بازه‌مان چه‌وت وچه‌وێل بێ و پر
جه‌فا ....

(مه‌لا ئه‌سعه‌د)یش به‌م شه‌وق وهه‌سته‌ناسکه‌یه‌وه

پێشوازی لێ کردووه و وەڵامی نامەشیعرییەکەی شێخ لەتیفی (١٩١٧ – ١٩٧٢) بەپارچەغەزەلێک داوەتەوە کە دەفەرمووێ :

دڵ لەزیندانی غەما بوو نامەکەت رزگاری کرد
بوو بەمەرهەم زامی جەرگ و سینەکەی تیماری کرد

بۆمژینی خونچەی لێوت سەراسەر بوومە دەم
مل شکاوە بۆنی زەرف و کاغەزی دڵداری کرد
سروەیی رەحمت کەجولاّ هەوری تالّی دابەبەر
باغی تەبعم هاتەجیلوە ،تۆزی حەسرەت باریکرد

گوتمان تانەوتەشەر لە نێوەرۆکی شیعری ئەسعەد مەحویدا نموونەی زۆرە . ئەمشیعرانەی لێرەدا دەیانخەینە بەرنیگای بیروبۆچوونی خۆمان بریتین لە دەربڕینی نارێکی باری کۆمەلاّتی و ئەخلاقی ..شاعیر دەردی کۆمەلّ دەستنیشان دەکا وبەچاوی رەخنەگرێک سەیری ناقۆلایی و روالّەتبازی وناراستی مرۆڤی ئەحمەق و کۆمەلّی ...کردووە . شاعیرکەشەیدای نیشتمان بووە ،دوژمنی باوەکوشتەی ئەو جۆرە کەسانە بووە و بەچاوی نزم تەماشای کردوون و بە کورێ رۆژی لە قەلّەم داون .چونکەتەنیا هەلّپەیان لە پێناو بەرژەوەندی و کارسازی تایبەتی خۆیاندا بووە و بەس .

گورگی دووپێ هێندە زۆرە ، گورگی چوارپێ کەم بووە

پیاوی غەمخۆری نەماوە بۆیەغەمبێ خەم بووە
عەقلی چی ؟ دانیش چی یە؟ بێ دانیشی باوی هەیە

باری کرد شەرموحەیا ئەم عالەمە بێخەم بووە
بەلاّم ئەم دەردە کۆمەلاّیەتی یەی چاکتر بۆدەر ـ کەوتووە و هەستی پێ کردووە .نوکی قەلّەمی رەخنەگرتن روو دەکاتە دەستەیەکی چەپەلّی نەفام وشرەخۆر و وێلّ ورەوشتنزم کە هیمەت و مروەتی پیاوەتی یان تێدا نابینێ .

بە ئیمدادم کەوە پیری بوخارا
منم ، بێ کەس لەناو جانی لەشارا
ئەوی فتوا بە ناحەق نەداتن

وەکوو مەنسوور ئەوائەیکەن بەدارا

مەلا ئەسعەد گەیشتۆتە رادەی ئەوە کەلەفرو فێلّ و چەوتی خەلّک بگا و بە چاوی سووک سەیری رێژیمی کۆمەلاّیەتی بکا و نارەزایی خۆی لەباری ساختەکاری و پڕو پووچی و نادروستی ئەو دەردە دەربڕێ .

مەبەست وبابەتەکانی شیعری مەلا ئەسعەدی مەحوی لەم بەشانە پێک هاتووە .

* کۆمەلاّیەتی
* نیشتمانی
* جوانی ودلّداری
* ئایینی وسۆفیەتی
* شین و لاواندنەوە
* نامەی دۆستان


لە بەرهەمی چاپکراوەکانی شاعیر :

١ـ دیوانی ئەسعەدمەحوی، بەشی یەکەم .
٢ـ عقائد الرحمانیە .
٣ـ تحسین البیانیە .
٤ـ شرح علی العقائدالرحمانیە .

جگە لەمانە دیوانە شیعرێک و...یادداشتەکانی کە لەبارەی چۆنیەتی بەدی هاتنی (کۆمەلّی برایەتی)یەوەیە هەیە و لە لایەن ئەدیبی هێژا مامۆستا عەبدولّلا عەزیز خالید (ئاگرین)ەوە پارێزراوە .

لەتەمەنی (٧٨) سالّی ولەرۆژی ٢٥ نیسانی ١٩٧٦دا بەدەم ئێش وئازاری نەخۆشی شێرپەنجە ـ وە لە سلێمانی کۆچی دوایی کردومالّئاوایی لە دنیای ئەدەب و فەرهەنگ وزانست کرد .

لەسەر ڕاسپاردە و وەسیەتی خۆی لەژێردارئەرخەوانەکانی مەلّبەندی گۆڕخانەی گردی سەیوان ، تەرمونازداری بەخاک سپاردراوە .بەلاّمیادگاری ئەدەبی ئەو تا دنیا بێ بەنەمری لەناوماندا دەمێنێتەوە .



ئەم مەڵبەندو شوێنەی کە ئەمڕۆ بەناوی کوردستان ناودێرە، بەسەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، سووریە و تورکیەدا دابەش کراوە، زیاتر لە سێ هەزار ساڵی مێژوویی یە کە نیشتمان و شوێنی دانیشتنی گەلی کوردە.

لێدوان و لێکۆڵینەوە لە مێژووی لەمێژینەی کورد یەکێک لە پڕگرێ ترین باسەکانی مێژوویی یە. و تا ئێستاش بۆ ئەو کەسانەی لێ یان کۆڵیوەتەوە نەڕەخساوە* تا بەپشت پێ بەستن بە بەڵگەی باوەر پێکراو، پەنجە بۆئەم باسە راکێشن.

دەگەڵ ئەوەی کە سوور کردنەوە وروون کردنەوەی مێژووی گەلی کورد گەلێک دژوارە، بەڵام بەڵگەی باوەڕپێکراوی بەدەستەوەیە کە بەپشت پێ بەستن بەوانە دەکرێ هێندێک لە کەلێن و قوژبن وکون و کاژێرە تاریکەکانی مێژوویی کورد روون کەینەوە.

لەکۆتایی هەزارەی سێهەم وسەرەتای هەزارەی دووهەم پێش میلاد هۆزە جۆرا و جۆرەکانی ئێرانی واتە ئاریایەکان لە جەنووبی ئاسیای ناوەندی یەوە بەرەو

ئێرانی ئەمڕۆ داگەڕان و روویان لە رۆژئاوا و رۆژ ئاوای جەنووبی ئێران کرد. لەو سواڵەت* وشوێنەوارە مێژوویی یانەی کە لە ئاشووری یەکانەوە بەجێ ماون ، دەردەکەوێ کە لە کۆتایی هەزارەی دووهەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش میلاد هۆزەکان و تۆرەمەکانی ئێرانی لە خۆرئاوا ورۆژئاوای جەنووبی ئێران بەتەواوی نیشتەجێ بوون ، کە تۆرەمەی فارس و ماد لەو ریزەدان .

مادەکان و فارسەکان ناودێرترین تۆرەمەی ئێرانین کە لە رۆژئاوا و خۆرئاوای جەنووبی ئێراندا نیشتەجێ بوون ، بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە هاوچەرخ لەگەڵ مادەکان وفارسەکان هۆزی تریش چ وەک دانیشتوانی پێشووی ئەمناوچە، چ وەک هۆزەکانی کۆچەری ئێرانی لەم مەڵبەندەدا ژیاون ولە پێک هێنانی دەوڵەتی سەربە خۆی ماددا بەشداریان کردووە. بۆ وێنە داریووشی یەکەم لە تاشەبەردە هەڵکەندراوە نووسراوەکانی بێستووندا جگە لە هۆزی ناودێری ماد هۆزێکی دیکەش بەناوی ئیسکارتی ناودەبا کە لەهەرێمی ماددانیشتەجێ بوون ووەک ئەوان لە فارسەکان راست بوونەوە.

مادەکان یەکێک لە پێگەیشتووترین هۆزەکانی ئێرانین ، کەلە جەنووبی ئاسیای ناوەندی یەوە بۆ ئەو ناوچەیە کۆچیان کردووە وشۆڕ بوونەتەوە. کوردەکان پێ یان وایە بنەچەکە و رەگەزیان بۆ سەر مادەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام هێندێک موحەقیق وزانای وەک مامۆستا مەکەنزیش هەن ، کە لەسەر ئەم باوەڕە نین .

مامۆستا مەکەنزی لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٦١ لەژێر سەردێری " رەگەکانی کوردی"یەوە بڵاوی کردۆتەوە دەنووسێ :

" کوردە نوێ یەکان زۆر بەساویلکەیی لە مێژووی دەڕوانن ." بەو هەستەوە کە ئاتاجی باب وباپیرانێکی قارەمانن ، وئەوەی کە پادشایەتی مادەکان بێ خاوەن ماوەتەوە وایان لێ دەکا و دەیان هێنێتە سەرئەم باوەڕە تا بەبێ سێ ودوو* لێ کردن مادەکان بە باب وباپیری خۆیان دابنێن . ئەوەی راستی بێ ئەمەیە کەئێستا لەنێوان کوردەکان دا باوە تا سەرەتایەکی مێژوویی بەناوی مادی دەکار بێنن کەبریتی یە لەوەی هەژماری ٦١٢ دەخەنە سەر هەژماری ساڵی پێش میلادەوە .وئەوەش مێژووی داگیرکەرانی نەینەوایە بەدەست مادەکان . بەڵام بەپێچەوانەی ئەمتێکەڵاوی یەی هێندێک راستەقینە دەگەڵ ئەفسانەی زۆر، و بەڵگە و وێنەکانی زمانەوانی گرینگی خۆیان هەر دەمێنێ."

لە نووسەر روون نیە کە مەبەستی مامۆستا مەکەنزی لەرستەی تێکەڵاوی هێندێک راستی لەگەڵ ئەفسانە چیە؟

بۆ مامۆستا مەکەنزی وەک زمانەوانێک ئەویش کە لە روانگەی زمانەوانی بەراوردی(زبان شناسی تطبیقی) یەوە لە مێژوو دەڕوانێ . زۆر دژوارە کە بتوانێ راستەوخۆ، وڵام و بەرپرسی پرسیار یاگیرو گرفتێکی مێژوویی ، ئەویش مێژووی کورد بداتەوە وبە راشکاوی بیروڕای سۆلێ نەکرا - وی خۆی لەم بارەوە، دەربڕێ.

مامۆستا مەکەنزی بۆئەوە ئەم راستی یە (کە مادەکان باب وباپیری کوردەکانن) بەرێتە ژێرنیشانەی پرسیار وشک لێ کردن و پشت بە زانستی زمانەوانی خۆیەوە دەبەستێ. بەپێی رێ وشوێنی زمانەوانی بەراوردی مێژوویی (زبان شناسی تطبیقی تاریخی) یەوە گۆڕانی مێژوویی هێندێک وشەی کوردی لەگەڵ هێندێک وشەی فارسی و بەلووچی، بەراورد دەکا و لێکی دەداتەوە، پاش ئەم بەراوردکردن ولێکدانەوەیە

دێتە سەر ئەمباوەڕە :

١ـ کوردەکان لە نەتەوەی ماد نین .

٢ـ زمانی کوردی لە گۆڕانی مێژوویی خۆی دا ، کەوتۆتە کارتێ کردن(تاثیر)ی فارسی نێوەراستەوە

٣ـ زمانی کوردی فڕی بەسەر لکی شومالی خۆرئاوای زمانەکانی ئێرانی یەوە نیە،واتە وەک زمانی فارسی لکێک لە لکەکانی زمانەکلنی جەنووبی ئێرانی یە.

بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم بەشە لە بۆچوون وبڕواکانی مامۆستا مەکەنزی ،لەجێی خۆی دا بە وردی لەسەری دەڕۆین ، بەڵام پێویستە لێرەدا بەکورتی ئەوە رابگەیەنین کە:

الف ـ ئەگەر بێتووبەپێی بناغەی زمانەوانی مێژوویی بەگشتی بسەلمێندرێ ، کە زمانی کوردی ناتوانێ لە رووی گۆڕانی وپێگەیشتوویی مێژوویی ،درێژە پێ دراو و باڵا هەڵچووی زمانی مادی بێ، کە ئەمەش نە بووز دەخوا ونە دەست دەدا ،چون لەزمانی مادی چەند وشەیەک نەبێ کە لە ڕێی زمانی دیکەوە ئەویش بە هۆی زمانەوانی بەراوردی یەوە دەکرێ سوێندیان لەسەر بخورێ کەمادین ، هیچ شوێنەوارێکی ئەوتۆمان پێ نەگەیشتووە وبە چەند وشەی ئەوتۆش ناکرێ پیاو بێتە سەر ئەوباوەڕەی کە مامۆستا مەکەنزی هەقیەتی.

ب ـ ئەمە کوردەکان نین کە بەهۆی روانینی سافیلکا ـ نە لەمێژووی خۆیان، ساڵی داگیرکرانی نەینەوا بە دەست مادەکانیان کردبێتە بناغە بۆساڵ ژمێری خۆیان بەڵکوو لە ساڵی ١٩٣٨ ، دەستەی ئێران ناسەکان لە کۆنگرەی تەحقیقاتی ئێران ناسی لە بڕۆکسێل دا هاتنە سەر ئەم بڕوایە کە ئەم ساڵە بەبنچینەی ساڵ ژمێری ئێرانی بسەلمێنن ، بەڵام رژێمی شا بەرگری لەوەی کرد تا ئەم مێژوویە واتە ساڵی داگیرکرانی نەینەوا بە دەستی مادەکانەوەبەگوێرەی رەسمی وەک بناغەو بنەڕەت بۆساڵ ژمێری ئێرانی لەکار نەکرێ. لەنێوان زانایان و مامۆستایانی ئێرانی دا ، هەن کەسانێکی ئەوتۆ، کە ئەم ساڵە (ساڵی فەتحی نەینەوا). بە بنەڕەتی ساڵ ژمێری ئێرانی دەزانن بۆ وێنە مامۆستا ئیبراهیم پوور داوود، کە مامۆستایەکی زۆربەناوبانگی ئێرانی یە لەمەر زمانەوانی مێژوویی (زبان شناسی تاریخی)یەوە لە دیباچەی زۆر لەم کتێبانەی دا کەلە پاش ساڵی ١٩٣٨هیجری یەوە نووسیونی،مێژووی نووسینیانی بەپێی ساڵ ژمێری کوردی واتە مادی دیاری کردووە.

ئەملایەک ،لەلایەکی دیکەوە نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە بەپێی ئوسلووب ورێ و شوێنی زانستی ساڵ ژمێری ـ یەوە (علمهیئت وتقویم) ناکرێ هەرساڵێک بکرێتە بنکەوبنەڕەت یا بنەما بۆ ساڵ ژمێر، ئەگەروانەبوایە دەبوو ساڵی دامەزرانی زنجیرەی پادشایەتی مادیان کردبایە بنەی ساڵ. پێوی مادی ـ کوردی، یاسەرەتای ساڵ ژمێری کۆچی لەجیاتی مانگی "محرم" " مانگی ربیع الاول" بوایە کە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) لەو مانگەی لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی فەرموو.

لەئاستی مامۆستا مەکەنزی‌یەوە، کە شک لەوە دەکا کوردەکان لەتۆرەمەو تۆوی مادەکان کەوتوونەتەوە زانایان وپسپۆرانێکی زۆری وەک مامۆستا مینۆرسکیش هەن، کەبڕوایان وایە:

پرسیاری مێژووی کوردەکان گیروگرفتی بنەچەکەی مێژوویی کوردەکان تەنیا بەوەیەوە، دەبێ وڵام بدرێتەوە ،کەکوردەکان لە تۆرەمەی " مادن " (بڕواننە بیستەمین کۆنگرەی تەحقیقاتی ئێرانی ، ١٩٣٨، بڕۆکسێل).

سەرەتای وەرزی پایز بوو. ئەو هەواڵە لە هەموو شوێنێک بڵاو ببۆوە کە ئیدارەی بارهێنان، وپەروەردە مامۆستا دەنێرێتە گوندەکان تا ریشەی بێسەوادی و نەزانی خاشەبڕ کا و دێوەزمەی نەزانی ودواکەوتوویی لابەرێ.

مام رەحمان ئەم هەواڵەی لە پیرۆتی کوڕی یەکێک لە دوستەکانی خۆی بیستبوو. پیرۆت لە ئیدارە کاری دەکرد. ئەم دەنگ وباسەی لەوێ بەگوێ گەیشتبوو.

مامرەحمان تووشی مامە رەش هات وپێی گوت:

– واباشترە جێگایەک بۆ دەرس خوێندنی منداڵەکان دیاری بکەین.

مامەرەش مژێکی لە جگەرە دا وکوتی:

– دە باشە بابەخەنی بووم! گوتم دەبێ چ خەبەرێکی هێنابێ! ئەو دێ یە هەر نەبێ ۴۰ قوتابی هەیە وەک دەڵێن بۆ خوێندنیش دەبێ لە سەر کورسیلە دانیشن (سەندەڵی). ئەوەش قەت بە ئێمە جێ بەجێ نابێ!

جوامێر لێی وەجواب هات و کوتی:

– کورسی چی؟ بۆ لەسەر بەڕە دانانیشن؟

مامرەحمان کوتی:

– ناخاڵەگیان دەور و زەمان گۆڕاوە ماڵت نەشێوێ ئەدی چۆن منداڵەکانمان لێ بەدعەمەل کەن!

بڕیاریان دا شەو لە ماڵی مامرەحمان هەموو ردێن سپی یەکان کۆ کەنەوە و جێگا بۆ مەدرەسە دیاری بکەن و تاقە میرزای ئەوێش کاک وەلی شتێک بۆ ئیدارە بنووسێ وداوای



مامۆستا بکاو خەڵک مۆری بکەن، بەڵێ شەو یەکێک لە خانووەکانی مامرەحمانیان بۆ مەدرەسە دیاری کرد و نووسراوەکەیان دا دەست مامرەحمان کە بیبا بۆ ئیدارە. تەنیا ئەلیاس بەگ لەم کۆبوونەوەدا بەشداری نەکردبوو.

مامرەحمان بەیانی زوو لەخەو هەستاو بە ئامینە خاتوونی خێزانی گوت:

– هەتا لەنوێژ دێمەوە نان وچایەکەم بۆ سازکە با دەفریای **شار** بکەوم.

مامرەحمان هاتەوە خێزانی نان وچای لەپێش دانا. دەستی کردبەخواردن.

ئامینەخاتوون کوتی:

– ئەرێ پیاوەکە بۆوا بە تاڵۆکە نان دەخۆی خۆ تۆ هاوار نابەی؟

– کچێ کارەکەی من لە هاواریش گرینگ ترە.

– باشە ئێمەش بیزانین

چ دەبێ ؟

– دەنگێ مەکە ئەو جۆرەی باسی دەکەن ئەگەر وابێ بۆحەفتا پشتمان دەحەسێینەوە !

– ئاخر چیە مردووت نەمرێ نەکا ئەوشۆ ئەوگەلە خەندە*یەت لێرە خر کردبۆوە خۆت کردبێ بە کەیخودای ئەوان .

– بەڵێ دۆزیتەوە منیان کردووە بە کەیخودا بچم بۆشار لەگەڵ ئاغای مودیر قسە بکەم مامۆستامان بۆ بنێرێ .

– جا مامۆستاچ دەکا؟

– دەڵێن دەرس بە منداڵەکان دەڵێ ئێمەش سۆران دەنێرینە مەدرەسە و پاش دوازدەساڵ بێ ئەوەی دەستی بقەڵشێ یا تووشی ناخۆشی بێ، هەموو مانگێ پووڵێکی دەدەنێ، ئەوەیە کە دەڵێم حەفتا پشتمان دەحەسێتەوە .

مامرەحمان نان وچای خوارد و بەرەوشار وەرێ کەوت هەتا گەیشتە سەر رێگای ماشێن هەر لەبیری مەدرەسە وپووڵ وەرگرتنی سۆران دابوو بە قەولی خۆمان هۆشی وا رۆیبوو گێرەی لە هەولێر* دەگەرا لە ناکاو دەنگی ماشین رای چڵەکاند. سواری ماشێن بوو. لە رێگابیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر باب و باپیری، ئەویان ناردبا مەدرەسە ئێستا تووشی ئەم هەموو ناراحەتی یە نەدەبوو . لە ناکاو دیتی ماشێنگەیشتە نێوشار ، دابەزی و چووە دووکانی دۆستەکەی وجێگای پیرۆتی لێ پرسی ئەویش بەناونیشان حاڵی کرد. مام رەحمان لە ئیدارەوەژوور، کەوت وشوێنی پیرۆتی گرت. دیتی یەوە وپێی کوت :

– کاک پیرۆت هەر وەکوو خۆت گوتبووت ئەوە ئێمە جێگای مەدرەسەمان تەرخان کردووە و ئەم نووسراوەشم هێنا تا مامۆستامان بۆ بنێرن ئیدی رۆژرەشی ورۆژباشی ئەو منداڵانەمان بەدەستی تۆیە .

پیرۆت :

– بەچاوان مامرەحمان وەرە با برۆین بۆ لای رەئیسی ئیدارە بزانین چمان پێ دەڵێ.نووسراوەکەی دا دەستی رەئیس.چاوێکی پێدا خشاند وکوتی :

– زۆر زەحمەتە چون مامۆستامان کەمە وگوندی وانیش زۆر دوورە هیچ مامۆستایەک ناچێ بۆوێ.

مامرەحمان :

– قوربان گوندەکانی دەوروبەری ئێمەش مامۆستایان نیە ئەدی بۆکێهە گوندانت ناردوون . پیرۆت زۆری



قسەی رەئیس پێ ناخۆش بوو بەڵام ئەوەندەی لەبەر پاراوە تا دەستووری دا موعەلیم بۆ ئەو دێیە بنێرن. مامرەحمان سپاسی کاک پیرۆتی کرد و لە ئیدارە وەدەرکەوت و چۆوە دووکانی دۆستەکەی، گەیشتە دووکان وبە بابی پیرۆتی کوت :

- خۆ ئەگەر پیرۆت نەبوایە قەت کارەکەمان سەری نەدەگرت. ئێستاش دەبێ بمبوورێ کەدەردەسەریم بۆ ئێوەش سازکردووە.

- کاکە شتی وا مەفەرموو ئەوە ئەرکی سەرشانە، جا ئەگەر ئێمە شتێکمان لە دەست بێ و بۆ یەکدی نەکەین خۆ بێگانەیەک لە



لاوەڕا نایە خزمەتمان پێ بکا. پاش ماوەیەک مام رەحمان ئیزنی خواست و رۆیشتەوە بۆ دێ. بەخەڵکی راگەیاند کەئەم رۆژانە موعەللیمان بۆ دەنێرن. رۆژیک خەڵک لەبەر

تاوی پایز لەبن دیواری مزگەوت خۆیان هەڵ خستبوو دیتیان ماشێنێک هات و کابرایەکی لێ دابەزی. هەموو بەرەوپیری چوون و پاش چاک وخۆشی کوتی :

- ئێستا مەدرەسەم، پێ نیشان بدەن هەتا ئەو میز و سەندەڵیانە لەوێ دانێین وجێگای خۆشم پێ بڵێن با شتومەکی خۆمی لێ دانێم. هەر وەکوو خۆیان دایان نابوو شتی مەدرەسەیان بردە ماڵێ مامرەحمان و شتی موعەللیمیشیان بردە ماڵی رەشە. مامۆستا کوڕێکی جوان چاک و کەڵەگەت وڕوو خۆش و ناوی سوارە بوو.

بۆهەوەڵین شەو مام رەحمان سوارەی بردە ماڵێ خۆیان. خەڵکی لێ کۆ بوونەوە وهەتا درەنگایەکی هەر باسی دەرس ومەدرەسە بوو. دوایێ سوارە هاتە قسە و کوتی :

- ئێوە دەبێ شوکری خودا بکەن کەمنداڵەکانتان لە نەزانین وبێ سەوادی خەلاس دەبن، ئێمە دەبێ هەموو هەوڵ و تەقەلامان ئەوە بێ کە بەرەی، داهاتوو بتوانێ متمانەی بەخۆبێ،کەموکووری وڵاتەکەی تێ بگا، بەسە تاکەی لە هەندەران را بێن و کاری ئێمە جێ بەجێ بکەن. ئێستا ئێوە بە هەوەڵین ئامانجی خۆتان گەیشتوون بەڵام ئەوەش بزانن کە هەن حەز بەو کارەی ئێوە ناکەن چون قازانجیان کەوتۆتە خەتەر. لەدوایی ڕایگەیاند بەیانی منداڵەکان بۆ نێونووسی بنێرن.

کاتێ رۆژ بۆوە تەواوی خەڵکی دێ لەبەر دەرکەی مەدرەسە کۆبوونەوە، منداڵەکانیش هەر چاوەڕوانی سوارە بوون دڵیان ئۆقرەی نەدەگرت هەر هات وچۆیان بوو بەڵام سۆرانی مام رەحمان لەهەموویان بە حەول تر بوو.سوارە پەیدا بوو منداڵەکانی بردە ژوور پاش ناونووسی ناوی باوکی دەپرسین ،کوڕی رەشە،کوڕی مامرەحمان، کوڕی عەلی شەلە وکوڕی....وکوڕی.......

سوارە دەستی کرد بە قسەکردن.منداڵەکان ئەوجۆرە قسەیان لەدایک وبابیان گوێ لێ نەبوو پاش تەواو

بوونی قسەکانی دەرسی یەکەمی پێ گوتن .

سێ مانگ لە خوێندن رابردبوو سۆرانی کوڕی مامڕەحمان ناوبانگی دەرس خوێندن وئازایەتی بەگوێی هەموو کەس گەیشت . یەک دەیکوت دەبێ بەمەهەندیس ئەوی دی دەیکوت دەبێ بە دوکتۆرو.. ئیدی مامڕەحمان لەشایان وەختابوو ناوی خۆی لەبیر بچێتەوە، غەمو پەژارەی نەما ،بیری لەوە دەکردەوە پاش ئەوەی سۆران لە دێ دەرسی خەلاس بوو دەبێ بچێتە شار. ئاواتی مامڕەحمان زۆر قوولْ ودرێژ بوو بەلام نەیدەزانی کە رۆژگار چلۆن پیلان دەگێڕێ.

رۆژێک کوری عەلیەشەل لەمەدرەسە هاتەوە و بە بابی کوت :

– بابە ئەورۆ موعەللیم قسەی زۆر سەیری دەکرد.

– رۆلە بلێ بزانم چی دەکوت .

-دەیگوت‌ئێوە بەرەی داهاتووی ولاتن دەبێ وشیار بن و نەهێلن ئەوکەسانەی کە حەز ناکەن ئێوە وشیار بنەوە، لێکتان کەن و بە ناوی عیلمی کافران لەخوێندنتان کەن تا بە هاسانی بتاندۆشن.

عەلیەشەل راستەوخۆ رۆیشت بولای ئەلیاس بەگ و شتەکەی بۆگێراوەئەلیاس بەگ پێی کوت :

– ئەوشۆ خەلک کۆکەوە و بییان هێنەگوندی ئەگرە بۆمالی ئێمە. عەلیەشەل بە خەلکی راگەیاندو شەو هەموو بەرەومالی ئەلیاس بەگ وەرێ کەوتن لەرێگا هەریەکەی فکرێکی دەکردەوە دەبێ کار چ بێ، دەبێ بۆ جۆمالی مان بەرێ یادەیەوێ دیسان زەوی وزارەکەمان داگیر بکا، کاری وی یا بێگارە یا لێدان ودەست بەسەردا گرتن. گەیشتنە مالی ئەلیاس بەگ بێ ئەوەی بەخێرهاتنیان بکا رووی تێکردن و کوتی :

– دەزانن بۆ بانگم کردوون ؟

– ناوەلڵا، ئەلیاس بەگ.

– رۆلە ئێمەهەموومان موسولمانین وبرای یەکدین ئەوانە پێیان خۆشە ئێمە مندالەکانمان کافر بن وەرن دەست لەو شتە بۆ جێیانە هەلگرن.

مامڕەحمان هاواری کرد و کوتی : —




– ئەلیاس بەگ مەبەستت چیە ؟

ولامی مامڕەحمانی نەداوە و درێژەی بەقسەکانی دا، برایان ئەوە بوو پێم‌کوتن ئیدی خۆتان دەزانن.

خەلکی دێ بلاوەیان کرد .مامڕەحمان دیسان کەوتە بیرکردنەوە .ئەرێ خوایە بلێی زەحمەت‌بەخەسارنەبەم کورەکەم لەخوێندن نەکەن و.....

دوای چەند رۆژ ماشینێک پرلە ژاندەرمەی شاهەنشاهی هاتنە بەردەرگای مەدرەسە وکاک **سوارە**یان لە کەلاس هێنادەر. سواری ماشێنیان کرد و بردیان. سوارەمان نەدیتەوە.

ئێمە و خوێنەر



نامەکانتان بە دەست بگاتەوە .

تکا لەخوێنەرانی بەڕێزی سروە دەکەین ئەم خاڵانەی خواروو لەبەرچاو بگرن :

١- نووسراوەکان بە خەتێکی خۆش بنووسن وا بێ بۆ خوێندنەوەی تووشی گیروگرفت نەبین .

٢- لە دیوێکی کاغەز بنووسن .

٣- ناونیشانی خۆتان تەواو بنووسن تا وەڵامی

٤- ئەگەر بابەتی وەرگەڕاومان بۆ دەنێرن، ئەسڵەکەشی بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ناوەندە، بنێرن .

٥- ئەگەر دەگونجێ نووسراوەکان لە دوو یا سێ لاپەڕەی گۆوارەکە پتر نەبێ بۆئەوە جێگە بۆهەموو بابەتێک ئاوالە بێ .

٦- دەستەی نووسەرانی سروە وەک گۆوارێکی فەرهەنگی- ئەدەبی دەتوانن لەباری ڕێنووس ورێزمانەوە دەست لە نووسراوەکان وەربدا .

٧- ئەو بابەتانەی بۆ ئێمەی دەنێرن لەبابەتی-دا هەڵدەگیرێ و ئادرێتەوە بەخاوەنی .تکایە نوسخەیەک لای خۆتان رابگرن .

دەستەی نووسەرای سروە

بۆکان: عەبدوڵڵا خوسرەوزادە

ئەم شیعرەی بەناوی شین گێڕی بۆت ناردبووین بەداخەوە درەنگ گەیشتێ و نەمانتوانی لە سروەدا، بیگونجێنین . چاوەڕوانی دیاری نوێین .

بۆکان: نادرمستەفازادە

ناساندنی مەڵبەندی شام راستەباسێکی مێژوویی نیەکەسیش نالێ مێژوویی یە نووسەر دەڵێ دەبێ زۆرتر باسی ئەم ناوچانە بکرێ کە لەباری مێژوویی و جوغرافیایی یەوە نەناسراون شام لەباری جوغرافیایی یەوە جێگا وشوێنەکەی دیاری کراوە حەسیر وبۆری چنین لە فەرهەنگی کوردیدا هەیە باسی راو لە شام باری ئایووریشی لەبەرچاوە . هەڵبەت ئەوە بەم مانایە نیە کە وتارەکە بێ عەیبە بەڵام لەسەر ئەوەشەوە بە بڕوای ئێمە ناسینی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان. پێویستە

مەهاباد: جەمال شێخەل- ئیسلامی

نامە وجەدوەلەکەت گەیشتێ، بەڵام وەختی بەسەر چووبوو نەمانتوانی لە قورعەدا بەشداری بدەین . چاوەڕوانی هاوکاری پتری ئێوەی بەڕێزین .

بۆکان: محەممەد سولەیمان پوور

لە جەدوەلدا نووسراوە گوندێکی شنۆ. هێندێک وشەی کورت هەن لە هەموو زمانێک وهەموو جەدوەلێکدا زۆر دەکار دەکرێن. ئەوەش هۆی رێ ون کردن لە خوێنەر نیە. لە جەدوەلی فارسیدا نووسراوە بۆوینە: مەڵبەندێکی فەقیرنشین لە شاری نیویۆرک . ئایا لە هەزار کەس کە جەدوەلی حەلّ دەکا چواری ئەم مەڵبەندە دەناسێ؟ ئەمجار ئەم وشەی گوندی شنۆ دوو پیتە ئەگەر راست و چەپەکەی ببینیتەوە هاسان

بۆت حەلّ دەکرێ .

لەرێزی یازدەشدا لە بیرمان چووە چاوەیەک رەش بکەینەوە. دەمانبوورن .

میاندواو :ئەحمەدکەریم‌نیژاد

لە بابەت پرسیاری هەوەڵت دەڵێین کە: هۆی تورکی بوونی ناوی هێندێک لە گوندەکانی کوردستان ئەوەیە کە ، لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی ودەوڵەتی ئێران هەمیشە شەر وکێشە بووە وهەریەکە ویستوویەتی ناوچەی ئێستای کوردستان بەئی خۆی بزانێ . جا ئەودەم کە لەژێر دەستەلاتی دەوڵەتی عوسمانی دابووە ئەم ناوە تورکی یان‌ـ نەیان لەسەر ناوە.

لەلایەکی دیکەوە هێرشی مەغوول بۆناوچە وجیرانەتی لەگەڵ شقاق وشاسەیوان و قەرەپەپاخ لەم بەینەدا شوێنی خۆی داناوە بە تایبەتی لەناوچەی شامات

پرسیاری دووهەم کە پاشگری "یان"ە بەم دوو شێوەیە کە نووسیوتە هەر دووک راستن هۆی ئەمە کە دەبینی دوو"ی" دەنووسرێ ئەوە کە پاشگرەکە هەمان "یان"ە بەلام وشەکە بۆخۆی "ی"ی هەیە وەک یارمەتی پیاوەتی دەنا وشەی پیاو یار، پیاویان ، یاریان دەنووسرێ. مەبەست تەنیا ئەوەیە کە هەردووک "ی" بنووسرێ جا چ بەسەر یەکەوە بێ و چ لێک جودا بێ .

پرسیاری سێهەم:بەتەـ ماین رێزمانی کوردی بەرە بەرە لەسروەدا بگونجێنین . خوا یاربێ لە ژمارەکانی داهاتوودا دەیبینی .

نەغەدە :دیاری غەفووری

نووسراوەکەت بنێرە . دەیدەین بە دەستەی نووسەران رای لەسەر بدا. ئەگەر پەسند کرا چاپی دەکەین .

لەبابەت رێنوێنی یەـ کانیشت زۆر سپاس دەکەین .

بۆکان: رەحیم عەزیزی

بەشەکانی دیکەی وتارەکەت بنێرە تا سەرجەم رای لەسەر بدرێ. ئەم وتارانەی باست کردوون بیانێرە ئەگەر پەسند بوون بۆ چاپ ئامادە دەکرێن .

نەغەدە : کامران عەبدوڵڵا

بەشەکانی دیکەی چیرۆکەـ کەت بنێرە با دەستەی نووسەران سەرجەم رای لە سەر بداوئەگەر پەسندی کرد چاپی بکەین .

پیرانشار: مەلا جەلال

ژیاننامەی مامۆستا هێمن لە زمانی خۆیەوە پێشەکی تاریک و روونە و بەناوی "لە کوێوە بۆکوێ" دەتوانی چاوی لێ بکەی

نامە ودیاری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە.سپاسیان دەکەین .

تاران: **عەزیز وەحیدی**
: **عەزیز حەسەنخاڵی**
سنە : **حەمەحەسەن ئەمین**
شنو : **سەردار سەدیقی**
سەقز : **زاهید کازمی**
خانێ : **مستەفا کەدخودا**
شنۆ : **مامەند خزری**
بوکان: **قادر ئازمەند**
بانە : **سەلام محەممەدپوور**
سەقز : **حەسەن ئەمین پوور**
.... : **م.ج. عەباسی**
کامیاران: **ساڵح گێلاسی**
مەهاباد : **فەرهادجیهان‌میهەن**
مەریوان: **جەلیل عەباسی**
نەغەدە : **بەدرەدین ئیسقێلی**
میاندواو: **حوسێن رەحیمی**
مەهاباد: **ع . بێزار**
شنۆ: **حاسڵ قادری**
بۆکان: **سابیر مووسی زادە**
تەورێز :**سەیدکەماڵ لەتیفی**
جەڵدیان: **ئیبراهیم‌پیرۆتی**
مەهاباد: **سمایل بەزاز**
بۆکان:**مەجید عەرەبی**
شنۆ: **کەیفی برادۆستی**
نەغەدە: **ئیبراهیم‌پیرۆتی**
بۆکان:**عومەر باپیری**
خانێ :**عوسمان مستەفاپوور**
بۆکان:**شەریف عەرەبی**
سنە : **فەرزین ئەسەدی**
بانە: **عەلی حوسێنی**
نۆدشە :**جەلال عەبدی پوور**
مەهاباد :**سەیدعەبدوڵڵاسەمەدی**
تاران: **خدر فەلّاح**
بۆکان: **عومەر مەولوودی**

ئایا ئەم وەیسەی کەبە درێژایی ساڵ هەزاران کەس لەخەڵکی کوردستان دەچنە زیارەتی، وەیسەلقەرەنی رێ رەوی پێغەمبەری خوا (د.خ) وخۆشەویستی ئەوزاتەیە؟

لەنێو خەڵکی کوردستانا برێک بیروباوەڕ هەن کە جێگای باس ولێکوڵینەوەن. لە کوردستان مەرقەدی دەیان پێغەمبەر وئەسحابەو پیاو چاک وشێخ هەیە کەزیارەتگای خەڵکی موسوڵمانی کوردن. بۆوێنە مەرقەدی دووکەس لەو پیاوچاکانە لەقورئانی پیرۆز -دا ناویان هەیە کەلە کوردستانی عێراقن یەکیان **حەزرەتی زەکەریایە** (د.خ) و ئەوی دیکە **حەزرەتی یونس** (د.خ) جیالەوە چەندین ئیمامزادەی وەکوو: **کۆسەی هەجیج** (ئیمامزادە عەبدوڵلا برای ئیمامڕەزا) ئیمامزادە **پیرعومەریسنە** و ... هەن کەهەموویان زیارتگای خەڵکن ورۆژتا ئێوارێ پۆل پۆل بەنەزر ونیاوەوە دەچن بۆ زیارتی ئەوپیاوچاکانە.

یەکێک لەو پیاوەگەورانەی ئیسلامکە مەرقەدی لەکوردستانی ئێرانە **حەزرەتی وەیسە**کە ساڵی نەک دەیان هەزارکەس ژن وپیاو وپیرولاو زیارەتی دەکەن بەڵکوولە فۆلکلۆرو فەرهەنگی گەلی کورد دا جێگای تایبەتی هەیە. لە گۆرانی دا زۆرجار ناوی دەبیسترێ وەکوو:

با بچینە سەروەیس بەتۆبەکاری
تۆبە لەگشتی غەیری دڵداری
با بچینە سەروەیس وەیسی خۆمانە
بپرسین لەوەیس خەتای کامانە
با بچینە سەروەیس بلاڵێینەوە
خەرمانێ لەگوڵ بمالێینەوە

وەیس کێ بووە"

حەزرەتی وەیسەلقەرەنی لەپیاوچاکانی سەرەتای ئیسلام وهاوزەمانی پێغەمبەر (د.خ) بووە. سەبارەت بەوە کەموسوڵمان بووەکەس هیچی نەگوتووە بەلام **شێخ فەریدەدینی عەتار نیشابووری** لەکتێبی گەورەی خۆی بەناوی (**تذکرە الاولیا**) دا نووسیویە کە **حەزرەتی محەممەد** (د.خ) جار جار رووی دەناوچەی **قەرەن** دەکرد دەیفەرموو بۆنی خۆشی وەیسم بۆ دێ وەک نووسراوە حەزرەتی **وەیس** وشتروان بووە وزۆرترخەریکی زیکروتاعەتی خوا بووە هەربە وشترەوانی نانی بۆدایکە پیرەکەی پەیدا کردووە ئاواتی گەورەی زیارەتی پێغەمبەر (د.خ) بووە بەلام چۆن دایکی بەتەنیا بووە بەئاواتی



وەیسەلقەرەنی
وەیسەلقەرەنی

«عومەر فاروقی»

خۆی نەگەیشتووە . ئەوەئەرک و قەدری دایک لەئیسلام دا ، دەردەخا ، رەزای دایک وباب لەتاعەت باشتر دەنوێنێ .

بەپێی نووسراوەکانی عەتتار و گێرانەوەی دەماودەم ،جارێک وەیس بۆزیارەتی پێغەمبەر (دخ) دەچێتە مەدینە بەڵام حەزرەت (دخ) لەماڵ دەبێ. وەیس بەرەوماڵ وەرێ دەکەوێ پێغەمبەر (دخ) بەرێگایەکی دیکەدا دەچێتە مزگەوت،کاتێک وەیس بەخزمەت **ئاپشە** دەگا و خەبەری چوونە مزگەوتی حەزرەت (دخ) دەبیسێ داوای ئاودەکا ئایشە لەگلێنەدا ئاوی بۆ دێنێ وچەند قوم دەخواتەوە. چون دایکی تەنیا بوو وشترەکانی بێ خاوەن لەمەزرا مابوونەوە مەدینەی بەجێ هێشت . حەزرەتی محەممەد (د-خ) کەدەزانێ دێتەوەماڵێ حەزرەتی ئایشە چۆنەتی هاتنەکەی بۆدەگێرێتەوە پێغەمبەر (دخ) دەفەرموێ گلێنەکەم بۆبێنە تادەم بەجێ زاری وەبنێم و ..... بەڵێ وەیس پیاوێکی ئەوا بوو حەزرەت (د-خ) پێش ئەوەی ، ئەوزاتەببینێ زۆری خۆش دەو- یست بەچەشنێک کەوەسیەتی فەرمووپاش مردنی عەباکەی بدەن بەوەیس.عەتار دەنووسێ: پاش وەفاتی **حەزرەتی محەممەد** (د-خ) دووکەس لەنزیکانی واتە **حەزرەتی عەلی** و (د-خ) و **حەزرەتی عومەر** (دخ) عەباکەیان لەسەر وەسیەتی پێغەمبەر بۆوەیس برد ، جا چون وەیس پێغەمبەری نەدیوە بەئەسحابە ناناسرێ بەڵام چون خەلیفەی دیوەبە رێ رەوی ئیسلام ناودارە .

" مەرقەدی وەیس"

ئەوجێگایەی بەمەرقەدی حەزرەتی وەیس ناوی دەرکردووە کەوتۆتە بەینی **ماهیدەشت** و **رەوانسەروکرماشان** لەبەینی کامیاران و کرماشان لەسەر کێوێکی بڵیند گومبەزەکەی دیارە ،لەشێوەی گومبەزەکە وا دەردەکەوێ کەلەدەورەی حکومەتی سلجووقیەکاندا دروست کراوە . جا روون نیەبەرلە وان شێوەی مەزارەکە چۆن بووە بەڵام هەرلە سەرەتاوەکە تەرمی حەزرەتی وەیس لەوی نێژراوە دەوروبەری کراوەبە قەبرستان . ئێستا خەڵک لە هەمووشارەکوردنشینەکانەوەبۆ زیارەت رووی تێدەکەن بە تایبەتی بەهارو پاییزو هاوینان دەروێشەکانی کامیاران وهەورامانیش کۆری زکروتەلیلەلەدەوری مەرقە- دەکەی دەگرن چەند ساڵ پێش دەوڵەت بۆئاسوودەیی ئەو کەسانەی دەچن بۆ زیارەت رێگایەکی ماشین رەوی لێدا بەڵام کێوەکە هێندبەرزە لە کاتی سەرکەوتن دا خەڵک دەترسێن .

"ئایا ئەمەوەیسی قەرەنە؟"

تائێستا سەبارەت بەوەیس زۆرباس کراوە هێندێک پێیان وایە ئەوحەزرەتی وەیسە لقەرەنەی کەباسمان کرد ئەونیەچون ئەو **لەحیجاز** لە نزیک مەدینەبووە ئەدی چۆنە گەیشتۆتە ئێرە؟

بەڵام بەبڕوای من ئەم مەزارە گڵکوی حەزرەتی وەیسە ئەویش بەودەلیلەکە :

سەبارەت بەوەفاتی فەریدەدین عەتاری نیشابووری دەنووسێ **وەیس** لەبەرەبەری کۆتایی ژیان هاوڕێی **حەزرەتی عەلی** (د-خ) بووە تالەشەڕی **(سەفین)**دا شەهید کراوەو تەرمی لەشنزارەکانی یەمەن نێژراوە ، گۆڕەکەی لیم وزیخی بەسەرکشاوە بەچەشنێک کە دیارنیەا جێگای سەرسورمانە چۆن شەڕی **(سەفین)** . لە نێوان **حەزرەتی عەلی** (د-خ) و **معاویە**دا لە خاکی ئێراق کراوە ،چۆن لەوکاتەداتەرمیان بردووە بۆیەمەن؟ بەبڕوای من چون وەیس خۆشەویستی پێغەمبەر (د-خ) **وحەزرەتی عەلی** (د-خ) بووە هێناویانە - تەوە**ماهیدەشت و** ئەویش نزیکترەلەیەمەن . خۆئەو زەمان فرۆکە وماشێن نەبوو ە جالەبەر ئەوە مردوویان لە نزیکترین جێگا ناشتووە **دەبێ خەڵک متمانە بکەن کە بۆ زیارەتی وەیس زەحمەت بە خەسار نین وئەوووەیسەی ئێمە دەڵێین خۆیەتی.**

گیر و گرفتی شارەکان

قازی ـ ئەحمەد




رەنگە هەموو شارێک لەپێشدا گوندێک بووبێ کە بەرە بەرە گەورە بۆتەوە و پەلی هاویشتووە و بۆتە شارۆچکە وپاشان بە زەو زووی نێوخۆو هورووژمی خەڵکی دەوروبەر گەورەتر بۆتەوە و ناوی شاری بەسەر خۆدا سەپاندووە .

کۆمەڵگای ژیانی ئادەمیزاد هەتا لە قەوارەی گونددا بمێنێتەوە بە بەشێکی تەبیعەت دادەندرێ. چونکە لە دێدا کارخانە و کارگا و ترافیک نیە کە ئاوو هەوا ئالوودە بکەن وپیساوی ماڵەکانیش ئەوەندە نیە کە چۆم و رووبار بە جارێک لە کەلک بخا و ژیانی زیندەوەرەی یان تێدا لەنێو بەرێ. ئەو پیس وپۆخڵی یەی دانیشتووان پێکی دێنن بە بارانێکی بە غوڕەم وبایەکی توند دەشۆرێتەوە و لادەچێ.

ئەگەر پلەی فەرهەنگی ژیانی دانیشتووانی گوند لە سەرەوە بێ، ئەوەندە زبڵ و زاڵەش دەشاردرێتەوە ومەڵبەندی گوند هەمیشە پاک و خاوێن دەمێنێتەوە .

کە دێینە سەرباسی شار مەسەلەکە دەگۆڕێ وزۆر لکی تازەی لێ دەبێتەوە . وڵاتە پێشکەوتووەکان بەرنامەی زانستی یان بۆ شار سازی ئامادە کردووە و نیاز و پێداویستی گەڕەکە ماڵەکان لە ژێر زەوی و سەرزەوی و هەوا ـ دا بۆدەیان ساڵی دواتریش وەبەرچاو گیراوە تابەرەکانی داهاتوو تووشی هەڵکۆڵ هەڵکۆڵ وررووخاندن وسازکرد ـ نەوە نەبن وهێزو دراوی زیادی لەکیس نەدەن وئابووری وڵات زەرەری وێ نەکەوێ .

لە شارەکانی ئێمەدا ، ئەگەر ئەمڕۆ شەقامێک قیرەنوا بکەن،سۆزی موخابەرات یا شارەداری یا ئیدارەیەکی تر بۆکێشانی سیم و لوولە قیلەتاوەکە هەڵدەکەننەوە. . ئەم دەردەسەری یانە هەموو بەرهەمی کەمتەرخەمی وبێ بەرنامەیین کەدەبێ فیکرێکی بنەڕەتی یان بۆ بکرێتەوە. دیمەنێکی ناشیرینی زوربەی شارەکانی ئێمە رائەنگاوتنی تەلی کارەبایە کە وەک تاڵی جاڵجاڵووکە تێک بەزیون و دیمەنی حەوای شارەکانیان دزێو کردووە. زۆرجار بازاڕو قەیسەری بەهۆی ئاور لێ بوونەوەی سیمەکان سووتاون و کلوور کلوور کووتاڵ و پارچەیان کردۆتە خەڵووز وبە سەدان ماڵ تێداچوون ومافنگی ماونەوە .



زوربەی شارەکانی کوردستان کەوتوونە نێو چیاکان و لە دەشتایی بەرتەسک و پانتاوکی ڕازو ڕەوەزدا بنیات نراون .

ئەم بەرتەسکی وتەنگە — بەری یە بۆتە هۆی داتەپاوی ورێک کوشرانی کۆمەڵگاکان وگیروگرفتی زۆرو زەبەندی شارەداری وشارەوانی وخەڵک. ڕێگاوبان لەم تەرزەشارانەدا زۆر تەنگ وباریکن. کۆڵانەکان بەتایبەتی لەبەشە کۆنەکانی شاردا زۆر تەنگ وبەرتەسکن . ڕەنگە لە ئەدەبی هیچ نەتەوەیەکدا مەزموونی کۆڵانی تەنگ بەقەدەر ئەدەبی کوردی نەبووبێ بە هەوێنی شیعر و فۆلکلۆر . گۆرانی بێژی کورد دەڵێ : هەی لە کۆڵانی تەنگ شان مەدە لەشانم! هەی نەشمیلەی چاوکاڵ تۆ سووتانت گیانم !

کووچەی کرماشان تەنگ و
تاریکە
یارێکی تێدا کەمەر
باریکە

بەو نیسبەتە کە کۆڵان باریک، وتەنگن، خانووەکانیش پێوانەیان کەمە وژوورەکا — نیان چووک وحەوش و حەساریان بەرتەنگن .

لەزۆر شاران بە هۆی نەبوونی زەوی گەڕەکە ماڵ کەوتوونە لاپاڵ و تەفاوەتی بلیندایی ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵانێکی کیلۆمەتری جاری وایە دەگاتە سەتگەز ! ئەم جۆرە گەڕەکانە



بەتایبەتی لە شنۆ، سەقز و بانە و سنە و هەورامان و مەهاباددا دیاردەیەکی بەرچاون .

تەنگەبەری مەودای شارو کەڵەکەبوونی خانووبەرەکان لەسەر یەکتر و هوروژمی لە ئەندازەبەدەری خەڵکی گوندەکان، ژیانێکی پاڵە — ستۆیی پڕلە سمڕ سمڕی لە شارەکاندا پێک هێناوە . لە زۆر جێگا ڕێی ڕێدار نیە و شەقامی تەنگ و کۆڵانی،باریک هێزی کێشان ورێدانی جەماوەری خەڵکی نیە . لێرەدایە کە زاراوەی "جێمکە تا ڕێت کەم" وەراست گەڕاوە .

هەرشارێک چ لە کوردستان و چ لە جێگای دیکە تەنگ و چەڵەمە وگیروگرفتی خۆی هەیە ئێمە لەم وتارەدا لە ڕوانگەیەکی تایبەتی یەوە تەماشای شاری مەهاباد دەکەین .

ئەمشارە ژێکەڵانەیە کەوتۆتە جنووبی گۆلی ورمێ و لە دەشتێکی بەرتەسکداکە چەند ڕشتەکێو دەوری داوە ، دروست کراوە .تەمەنی ئەم شارە لە ٤٠٠ ساڵ تێ ناپەڕێ. لەم ماوەیەدا شار بەڵای زۆر بەسەر هاتووە ونەیتوانیوە زۆر گەورە بێتەوە و لە بازرگانی وسەنعەتدا پێشکەوێ. دەوڵەتی رووسیای تەزاری لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا شاری سووتاند وخەڵکەکەشی قەتڵ و عام کرد. وەک مێژوونووس دەگێڕنەوە زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس لەوشارەدا کوژراون. پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە چەن جاری دیکەش شار لە لایەن عەشیرەتانەوە تالان کراوەو زۆر جاریش سێڵاو وسووتمانی تێدا ڕوودواوە. لەم ساڵانەی دواییدا پاش ئاڵوگۆڕی سیا- سی وئابووری و زۆربوونی دانیشتووانی ولات شاری


مەهابادیش وەک هەموو شارەکانی دیکەی ئێران لەبەر یەکشاوەتەوە و ژمارەی دانیشتووانی چەن هێندی جارانی لێهاتووە .

لەم گەورەبوونەوەو پەل و پۆهاویشتنەدایە کە شار تووشی زۆر گیر و گرفتی تایبەتی دەبێ کە پاشان هەرچی دەکا بۆی جێ بەجێ ناکرێ .

هەموو شارێک مەسەلەی بەرق وئاوو ساختمانی هەیە . مەهابادیش وەک هەموو شارەکانی دیکە لەم گیر و گرفتانە بێ بەش نیە . بەلام ئەمشارە مەسەلەیەکی تایبەتی خۆی هەیە کە زۆر شاری دیکە نیانە ئەویش مەسەلەی چۆمی مەهابادە .

ئەم چۆمە لە جنووبی غەربی وجنووبی مەهابادەوە بەتایبەتی لە ناوچەی مەنگوڕانرا سەرچاوە دەگرێ و لە گۆشەی جنووبی رۆژئاواوە دەکەوێتە قەراخ شار، کە لێرەدا بەربەستی مەهاباد لێدراوە وەدەریاچەیەکی زۆر جوان ودڵ بزوێنی پێک هێناوە کە بۆ خەڵکی شار و ناوچە جێگەی سەیاحەت وگەڕان وحەسانەوەی رۆژانی هەینی و بێکارییە .پاش ئەوبەربەستە چۆم وردە ،وردە لەشیوای وێکی غەربی - شەرقی دەکەوێ و بە قەراخ شاردا تێدەپەڕێ و دیسان پێچ دەخواودەکەوێتەوە شوێنی جنووبی-شیمالی و دەگاتە دەشتی شارویران و یەک راست بەرەو بەحری ورمێ خۆدەکوتێ .

لە رابردوودا ئەو بەشە کە کەوتۆتە نێوشار جێگەی پیاسەی ئێوارانی خەڵکی شار بوو . قەراغەکانی دەکرا بە بێستان وسەوزیخانەو باغ و باغاتی جوان دەوری گرتبوو . لوولەکێشی نەکرابوو ئاوی مزگەوتەکان و ماڵەکان لە کەرێزە وکانی وچاڵاوان دابین دەکرا وئاوی خواردنەوەش بە گۆزەوبارەبەری ئاوکێشان لە چۆمەوە بۆماڵان دەچوو . چۆمەکە روون و جوان بوو . لەبەر زوڵاڵی و خاوێنی تەختی بنی دیار بوو وپڕ بوو لە قاشە ماسی وباقۆ (نەقە)



مەهابادوشارەکانی تری کوردستان سیستمی ئاوەڕۆیان هەیە کەبەداخەوە گەنداوە - کانیان دەڕژێتە ئەو چۆم و رووبارانەی کە بەنێو شار یا قەراخ شاردا تێدەپەڕێ.

زەمانێک کە شاری مەهاباد چکۆڵە بوو گەنداوی رەهەند و خڕەکان ئەو ئەندازە نەبوو کە چۆمەکە ئالوودە وشلوێ بکا چونکە ئەو گەنداوانە زیاتر بۆ ئاوداشتنی سەوزیخانە وبێستانەکان هەڵدەبەستران ونەدەگەیشتنە- وە نێوچۆم.ئەو سەردەمە شار وەتان چەشنە گیان لەبەری دیکەکە لەئاوداوەژین. من خۆم زۆرجار رەوەی نەقەم تێدا دیوە کە ئێواران بۆ راو دەگەڕان و ئەو چۆمەیان دەڕازاندەوە . قاشەی چۆمی مەهاباد بەناوبانگ بوو. باغات ومێشەکانی قەراغ چۆم پڕبوون لە باڵندەی جوان و جۆراوجۆر کەبە هەزار چەشنە ئاهەنگ سەمفۆنی ژیانی ساکار وجوانی شارەکەیان پێک دێنا . بۆ هەرلایە رۆیشتبای تووشی تەبیعەتی ساغ ودەستلێ نەدراو دەبووی .

ئینسان وتەبیعەت وەک مندالّ ودایک لێک هالاّبوون و هەریەکە خۆشی وبەختەوەری خۆی لە تەڕوپاراوی لایەنەکەی دیکەدا دەدی .

پاش شەڕی دووەمی جیهانی وهاتنی ماشێن و کارەبا بۆ شار، وردە وردە شار گەورە بۆوە وگەڕەکە مالّی تازە لە هەموو سووچێکەوە سەریان هەلّدا . بەتایبەتی لەوسالاّنەی دواییدا پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران شار بەهەلّپە ژمارەی نفووسی گەیشتە دووهێندەی جاران .ئەو ئالّ وگۆڕە بوو بەهۆی زۆربوونی گەنداوەکان ولە دەیان جێگاوە ئاوەڕۆی دەرژێتە نێو چۆمەکەوە کە نەوت وچەورایی و مەوادی شیمیایی وپیسایی و هەزار چەشنە میکرۆب وماکەی نەخۆشی دەڕژێنێتە نێو چۆم و ئاوەکەی ئالوودە دەکا .

ئەم چۆمە جوانە کە زەمانێک لەبەر روونی وزولاّلی دەتگوت چاوی قرژالّە ئێستا لیخناوێکی رەنگ تالّە کە لە جیاتی نەقە وقاشەماسی وگیاندارە جوانەکانی نێو ئاو پڕە لە کیسەنایلۆن و تەنەکەوقوتووی بەتالّ و ژەنگاوی وتوێلکە میوەو زبلّ وزالّی دیکە کەبێزت نایە چاوی لێ بکەی. ئەو قەراغ چۆمەی کە زەمانی مندالّیم بۆنی هەزار چەشنە گولّ وگیای لێدەهات ئێستا لەبەر بۆگەن وبۆترشاوو بۆهەڕنە ـ هووت وبۆگەنی شارستانەتی ! " ناوێری رووی تێ بکەیّ .

ماسی وبالّندە ئاسەواریان براوە.لە زۆر جێگا زبلّ و زالّی شاریان بەکامیۆن رشتۆتە نێو چۆمەکە و ژەهراوی ئەم زبلّ وزالّە ژیانی هەموو گیان لەبەرێکی خستۆتە مەترسی یەوە.



مەترسی گەورەتر ئەوەیە کە زوربەی گوندەکانی شاروێران وەک خانەگێ، وسوو کەند ، قونقەلا، ئیندرقاش ، دارەلەک،گوێک تەپە ، لە ج قزلّقۆپی و... کە زۆربەیان شارەدێن وجەماوەرێکی زۆریان تێدا دەژی لە ئاوی ئەو چۆمە دەخۆنەوە ،شیوی پێدەکەن وئاژەلّی لێ ئاو دەدەن. هەر ئەوەش بۆتە هۆی تەنەوەی زۆر نەخۆشی لە ناوچە وەک : تەبی مالّت ، نەخۆشی پێستی ، زگچوون و زۆرچەشنە نەخۆشی دیکە کە لە خواردنەوە و دەکارکردنی ئاوی پیس پەیدا دەبێ .

بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە کۆمەلاّیەتی یە شارەداری مەهاباد زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بەکانالێک ئاوی چۆم وگەنداوەکان لێک هەلّبڕێ و پێشی ئەو هەموو زەڕ و زیانە ئە وەتەبیعەت وشارستانەتی دەکەوێ بگرێ. لە ولاّتانی پێشکەوتوو گەنداوەکانی شار لە جێگای خۆیدا دەپالێون وچەن چەشنە بەرهەمی بەکەلکی وەک ئوورەو ئامونیاک وکوودوشتی دیکە لێ وەدەست دەخەن وئاوەکە بەخاوێنی دەگێڕنەوەنێو چۆم و رووبار .

هەوەڵ شتی پێویست بۆ **ئاشی ئاوێ** وەکی لەناوەکەی رادیارە "**ئاوە**"ئاوی ئەو ئاشە لەدووسەرچاوەڕاوەدەست دێ

أ ـ بەندی لەچۆمەوە بۆ هەڵدەبەسترێ

بۆگێڕانەوەی خشت وخاڵ، کە پێی دەڵێن **سپەرە**.

ئاو کەبەدۆڵاشدا هاتەخوار یەکسەر **وە پەڕەی ئاش** دەکەوێ کەپێی دەڵێن**تەمبوو**.

تێبینی(٥): پەڕەی ئاش لەتۆپی دارچەقیون ئەو ئاوە،



ب ـ لەکانیاوی پڕئاو کەڵک وەردەگیرێ

تێبینی (١) : ئاش دەبێ لەجۆگەبەرەژێربێ یانی جۆگەی ئاش بەسەریدا**نێر** بێ


تێبینی (٢):ئەوەندەئاوەی دەتوانێ ئاشی پێ بگەڕێ "**ئاشگێڕ**"ی پێدەڵێن .

تێبینی(٣): ئەوجێگایەی ئاودەڕژێتە نێو **دۆڵاش** ، **حەوالە**ی پێدەڵێن .

دۆڵاش (دۆڵ ئاش) : دارێکی ئەستوورە . درێژایی یەکەی بەجێگە دەگۆڕێ . نێوی ئەم دارە دۆڵ دەکرێ یادەکۆڵدرێ یانی دۆڵاش جۆگەلەی دارە ...

تێبینی (٤): لەسەرحەوالە چوارپێنج داردەجۆگەدەچەقێنن

کە وەتەمبوو دەکەوێ بە دۆزەقە دادەچەتەدەر . **تەمبوو** بە ئاسنێکی درێژەوە بەـ



ستراوە کە شەش سانت ئەستوورە . بەوئاسنەدەڵێن " **بستە** ".

بستەلەژێرەوە لەسەر بەردێک دەسوورێ . نێوی کۆڵدراوە . ناوی بەردەکە " **بەردەسماتە**"یە رەش وقورسە لەدارێک گیراوە وئەودارەلە سەرەوە بەهۆرەبلێندو نەوی دەکرێ .

تێبینی (٥) : دەبێ بلێین بەرداشی سەرەوەشی پێهەڵدەستێ ونەوی دەبێ کەبەم کارە دەڵێن " **پێ لێ داخستن و پێ لێ هەڵێنان**) . بۆدرشت و وردی **دان**" بەکاردێ یانی درشتی بهارێ یاورد .

بستە : وەک باسی کرا لەسەربەردێک دەسوورێ . لەنێو گەرووی بەرداشی خواروو دایە بۆ قایم کردنی بستەلە**هۆرە وسیرمە** کەڵک وەردەگرن هەتا دانەکە لەسەرەوە نەرژێتەنێو ئاو یانی **دانەرێزەی** نەکاو بەکوردی **نەمیزێ**.

(بەردی ئاش)بەرداش دوون
ا ـ **بەردی ژێروو**
ب ـ **بەردیسەروو**

بەردی ژێروودا بەستراوەو بستەی لەنێوەراستدا تۆتەدەر بەرداشی سەرەوە کەدانە بەستراوەو دەسوورێ .


بەسەری بستەکەوەئاسنێک هەیە بەرداشی سەرەوەی سوار دەبێ کە پێی دەڵێن" **تەوەرە** "

تێبینی(٦)بەرداشی سەرەوە بەهۆی تەوەرەوبستەدەسوورێ .

بانیژە :ئەو جێگایەیا ئەوشتەیە کەگەنمی تێدەکەن ولەتەختەسازدەکرێ . وەکرحەتی نەوت دەچێ بەڵام قولینچکی دراوەتێ ،یەک دوو گەزلە بەرداشی سەرەوە بلێندتر دامەزراوە .

کەویژە : ئەودارەیا ئەو تەنەکەیە گەنمی پێدادەچێتە گەرووی بەرداش ئەویش هەر وەک دۆڵاشوجۆگەدەچێ .

چەقەنە :دارێکە بەسەری بەرداشی سەروودا رایەڵ کراوە . مەودای لەگەڵ بستێکە بزمارێکی لێدراوە وئەو بزمارەشۆڕبۆتەوە بۆسەر بەرداشی سەرەوە وبەحاڵ وێی دەکەوێ .دەبێ بگوترێ کەویژە لەسەر چەقەنەیە ،بە لەرزینەوەی چەقەنەکەویژەکەش دەلەرزێتەوەودانەکەی را ناگرێ و وردەوردە بۆنێوان هەر دووک بەرداشی بەرێ دەکا .



تێبینی(٧)لەدەوری بەرداشی ژێرووبەقەت چوار قامک قورِ هەڵدەچنن وتەنیا بستێک لە سەرقوولکە ئاردەکەی دەهێڵنە- وە ،وئاردەکە بەوێدا دێتەخوار **قوولکەی ئاش** بەوحەوزە ، دەڵێن لەپێش دەمیبەرداشەکان سازدەکرێ ووەک باس کرا ئاردەکەی دەچێ !


تێبینی(٨)بۆماشتنەوەی ئاردلە قوولکەی ئاش دووشت پێویستن .

الف-بێل

ب - **کەولەبەرخ**

ئاشەوان :ئەوکەسەیە کە بەسەرئاشی رادەگا . ئاشی ئاوێ کەمتر بەملکایەتی ئی ئاشەوانە . خاوەن ئاش ئاغاوەت یا پیاوی دەست ، ڕۆیشتووبوون !

ئاشێر : ئەوکەسەیەباراش دێنێتە ئاش بۆلێکردن.



ئاوناش (ئاوان) بریتی - یەلە هەقی لێکردنی باراش جا لەگەڵ ئاڵ وگۆڕی زەمانە فەرقی کردووە . وەک پازدێک دوازدێک ،دەیەک و ... یانی بۆوێنەلە ١٥ کیلە یەکیان هەقی ئاشە .

تێبینی(٩): کیلە ، پەیمانەیەکە لەزۆر جێگا

پووتێک گەنم دەبا،ئی واش
هەیە کەمتر یاپتری دەبا
لەدارسازکراوە.**دارکیلەشی**
هەیە بۆدارماڵ کردن کە
خڕوراستە ودووسێ بست درێژە
تێبینی(١٠):ربەش لەئاش
بۆ پێوان بەکاردێ **شەش**
مست دەبا کەدەکاتە (**سێ‌ک**)
یا **دووکیلۆ. کەپوولەش** هەیە
کەهەرنیوسیەدەبا .

زمهەر: بریتی یە لەو
گەنمەکەلەپایزەوەلێ دەکرێ
هەتابەهار یاتائاش هەڵدەبە-
سترێتەوە .

تێبینی(١١) بەردی ئاش
زۆرترلە **داشکستان** سازدەکرێ
بۆهێنانەوەی ئەوبەردە
قورسانە لەنێرگە کەلک
وەردەگیرێ .

تێبینی(١٢) :نێرگە:دارێکی
درێژ بەناوی تیرە لە
گەرووی بەرداش رادەکەن بە
شەش حەوت کەسان ئەمبەرئەو
بەری دارەکە دەگرن هەتا
بەردەکە نەکەوێ . دووگوریس
لەملاوئەولای دارەکەدەبەستن
ودەنیری کەڵ یاگای دەخەن
ئەوجاربەیەک دوویەکان
لەنگەری بەردەکە رادەگرن
وکەڵ وگا دەنگ دەدەن. بەرد
لاجەولاج بەدوایاندا دەخشێ
بۆئەوکارەچەند جووت کەڵ و
گا دەبەن تا نۆبەیان پێبکەن
ئەوپیاوانەی لەنگەری‌بەردەکە
رادەگرن ئەوانیش نۆبە
دەکەن تازۆر ماندوو نەبن


تێبینی(١٣) بۆلابردنی
بەرداشی‌سەرەوە لە **لەوازە**
کەلک وەردەگرن.لەوازەدا رێکی
دووگەزی یە کەلەگەرووی
بەرداشی دەکەن وپێی لادەبەن
پاش لەوازە **گردەڵەی** وەبن
دەدەن ودەیهێننەخوار **گردەڵە**
دارێکی‌لەگەز کەمترەوئەستوو-
رایی لە ئالوودارێک زیاترە
ولە کۆڵەکەیەک کەمترە

تێبینی(١٤) پاش ماوەیەک
کارکردن بەردەکان دەسوێن
دەبێ **بیراز**بکرێن . هەروەک
گوتمان بەلەوازە وگردەڵە
بەرداشی‌سەرەوەلا دەبەن وبە
چەکوچی تایبەتی خۆی بیرازی
دەکەن . بەردی بنەوەهەرلە
جێی‌خۆی بیراز دەکرێ .


بیراز: بەردەکان گڕنی
گڕنی دەکەن وەک دەستاڕ .

کۆرەگە: ئەوجێگایەکە
ئاوی ئاشی لێ دەچتەدەر .

شێلگە: ئەگەر ئاش کاری
نەکرد ئاو بەشێلگەدا دەچتە







خوا رسپاسی **وەستا عەلی کوڕی ،**
حاجی وەستا محەممەدی قۆیتەڵ
دەکەم کەلەمبارەوەیارمەتی
دام .



مامۆستا عەلی مەردان

سەید عەبدوڵڵا سەمەدی

"کوردەواری لە هەزاران ساڵەوە خێوی مۆسیقا بووە ، لەبەر نەخوێندەواری زۆربەی هونەر لەدەست چوو. "هۆرە"ی هەبوو بۆ رازونیاز لەگەڵ هۆرا واتا میترا . "کەلۆریشی" هەبوو بۆ ستایشی بوغی گەورە واتا ئەهورا . بە ئاوازی "خورشیدی" پێشوازی لە تیشکی هەتاوی ئاسۆ دەکرد.بە "**خاوکەر**" خواحافیزی دەکرد لە خۆر لە زەردەی دەمکەل"**ستران**"ی هەبوو کە لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم وئازەردا ئەستێرە پەرستان زەمزەمەیان پێدەکرد لەدەشت و دەردا. "**قەتار**" کە رەنگە هەر گاتا بێ وگۆڕابێ تایبەتی گاتا خوێندن بوو . **ئەڵڵاوەیسی شی** دانابوو بۆ زەمزەمەی یەسنای مەزن لەسەردەمی ماد کە هونەری مۆسیقا کەوتە بەرەو سەدای "**مادهۆرە**" لە کۆشکی شا هەڵدەستا بەرۆژ و بەشەو. "**لاوک**"ی پڕسۆز لاوانی هاندەدا بەرەوپێش کە بە نەوای "**عوشاق**" و"**ئۆرفە**" دڵی جەفاکێش بڕەخسێنن . "**هۆبەیت**" کە بەزۆر مەقامـوو دەکوترا وەرگەڕا بە"**بەیات**". "**سوارۆ**"ش ئاهەنگێک بوو دوژمنی لەبەر هەڵدەهات ."**ئای ئای**" کە شینی گیانبازانی نیشتمانی پێ دەگەڕا جەرگی لێقەوماوانی پێ هەنجن هەنجن دەکرا ."**سەحەری**" و"**تێ هەڵکێش**" و "**نیوەشەو**" لە ناو مەقامەکاندا پلەیان بەرز بوو. سۆزی دەرویش و"**سیاچەمانە**"ی هەورامی دڵی پەرۆشیان لەخەم رزگار دەکرد." **قەزاز**" و "**ئۆرفە**" و"**دەشت**"و "**سەبا**" لەنێو کوردەواریدا فەوتاوەهەر شوێنەواریشیان نەما ." **راست**" و **سێ گاو پەنجگاو حەیران** کوڕوکاڵ دێنێتە سەیران ئەمانە بوون مەقامەکانی بەناوبانگی کوردی کە مامۆستا عەلی مەردان پتر لەچل وپێنج ساڵی تەمەنی خۆی بۆبووژاندنە ـ وەیان تەرخان کرد.

بولبولێکی دەشتی شارباژێر لەبنەماڵەیەکی ئایینیدا لاوێکی دەستەباڵا وگەنم رەنگ کە تەمەنی دەگاتە دە ساڵ لە مزگەوتێکی ئەمکوردستانە قورئان ختم دەکا و لەم مزگەوتەوە بۆ ئەو مزگەوت بەهۆی بنەماڵە و پلەی، ئایینی یەوە بەدوای تەجوید وخوێندنەوەی قورئانەوە وێڵ دەبێ .

لەبەرەبەیانی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٤ی مانگی جولای ساڵی ١٩٨١ دا مامۆستای مەقامی کوردی ،خاوەنی ئەڵڵاوەیسی و قەتار و خاوکەر، مامۆستا عەلی مەردان لەتەمەنی حەفتا وحەوت ساڵیدا دنیای بێ بەقای بەجێ هێشت وبۆیەک جارەکی پێلووی چاوی لێک ناوهەنیسکی پڕ لە سۆزوعاتیفەی راستەقینەی خاوەندی مەقام و بەستەی دەشتی گەرمیان و شارباژێڕ لەسیەکانی بڕا .

ئەگەر بێتوو باسی ژیانی مامۆستاعەلی مەردان بکەین ئەوە بە کتێبێک و دوان کۆتایی نایە .بەڵام بۆئەوەی هەندێک لایەنی شاراوەی ژیانی ئەو هونەرمەندە بخەینە بەرچاو پێویستە لەم وتارەدا چەند تیشکێک بخەینە سەرئەم لایەنانە .

"**باوکم ناوی عەبدولقادر و**

باپیرەم ناوی عوسمان و خۆشم "ناوم عەلی مەردان"ە. لەعەشیرەتی بەرزەنجە و بنەماڵەی سەیدەکانی ئەو ناوچەیە بووە . لە ساڵی ١٩٠٤ دا لەگوندی **"کانی سارد"**ی شاربازێر چاوی بەئاووهەوای پاکی ئەم پارچە زەوی یە خۆشەویستەی کوردستان هەڵێناوە لەساڵی ١٩١٤ دا کاتی بەرپا بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەوساڵە چۆتە مزگەوتی **مەلا ساڵح غەریب** لەگوندی خۆیان ولەخزمەت ئەو فێری قورئان خوێندن بووە و یەکێک لە قوتابی یە ژیرەکانی حوجرەی ئەو مزگەوتە بووە .بەرەحمەت بێ مەلا ساڵح غەریب هانی مامۆستا عەلی مەردانی داوەو دەنگی ئەوی لە خوێندنی قورئان دا زۆر پێ خۆش بووەو هەمیشە خۆشی ویستووە.

لەساڵی ١٩١٩دا هاتۆتە کەرکووک ولەوێ لەمزگەوتی **"مەلا محەممەدی ئوممە"** لە خزمەت ئەو زاتەدا فێری تەجوید وقورئان بووە. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٧یا ١٩٣٨، هاتۆتە شاری بەغدا وچاوی بە کابرایەک کەوتووە کە لە کونجێکی شۆریجەی بەغدا دووکانێکی بچووکی هەبووە . ئەوکابرایە ناوی **"محەممەد سەعید"** بووە کەئەو کاتە چەندجۆرە مەقامێکی زانیوە. لەوانە ،**"ئەڵڵاوەیسی"** و **"خورشیدی"** و**"قەتار"**کەمامۆستا عەلی مەردان شتێکی زۆری لێ فێر بووە و سوودی لێ وەرگرتووە .

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٩دا سەری لە ئیزگەی کوردی بەغدا داوە ،هەروەکوو خۆی دەگێڕێتەوە یەکێک بووە لەو دەنگ خۆشانەی بڕەوی بەئیزگەی ساویلکەی ئەو سەردەمە داوە. لەوێ چاوی بە **" کامیل ئەمین "** و **"عەبدولقادر قەزاز"**و**" کەریم زانستی"**و**"کەریم دەوڵەت "** کەوتووە کە ئەودەمبەرێوە ـ بەر وکارمەندی ئەورادوێیە بوون .

مامۆستاعەلی مەردان لە شیعری زۆر شاعیرانی کورد وەکوو : **" شێخ سەلام "** و **" کەریم زانستی"** و**" ئەحمەد هەردی"** گۆرانی ومەقامی بە گوێی خەڵکی کوردستاندا چرپاندووە هەر وەکوو لەگۆرانی **" ست فاتمە"**ی شیعری **"ئەحمەد هەردی"**دا دەردەکەوێ .

مامۆستا عەلی مەردان مرۆیەکی ساویلکەوبێ دەعیە **و**تابڵێی دەمبەخەندە و قسەخۆش بووە.

لەساڵی ١٩٣٩دا مامۆستا عەلی مەردان ئەندامێکی کۆڕی مۆسیقای عێراق بووە لە کۆنگرەی مۆسیقای شاری قاهیرەدا.

لێرەدا مادامێکی هاتینە سەر **ئۆغر** وگەڕانی مامۆستای خوالێخۆشبوو، پێویستە ئەو خاڵە روون بکەینەوە کە بەندە بەسەرەتای ژیانی هونەری یەوە،ئەویش ئەوەیە کە لەساڵی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ ، چووە بۆشام وبەیرووت لەوێ ئاهەنگێکی پێشکەش کردووە. بەڵێ، مامۆستا عەلی مەردان هونەری تازەی ئەو کاتەی کوردی گەیاندۆتە دەرەوەی سنوور. لەبەیرووت وشامدا تێگرایی شەش ئاهەنگی گۆرانی گوتووە لەمەقامی **"ئەڵڵاوەیسی"**و **"قەتار"**و**"خاوکەر"**دا وگۆرانی کوردی بەخەڵکی ئەو وڵاتانە ناساندووە .

مامۆستاعەلی مەردان لە سەرەتادا لە کۆمپانیای **"چەخماقچی "** لەسەر سەفحە گۆرانی تۆمار کردووە. لە ئیزگەی بەغدا هەمووئێوارەیەکی دوو شەممو وهەینی ئاهەنگی بڵاو کردۆتەوە ودڵی گوێگرانی بەدەنگە پاراوەکەی، لاواندووەتەوە.

لەوانەیە شتێکی سەیر بێ گەر بڵێین ماموستا عەلی مەردان دەورگێڕی چیرۆکی تەمسیلی بووە. هەر وەکوو خۆی دەڵێ : **دەگەڵ مامۆستا "رەفیق چالاک "ی خوالێخۆشبوو ـ دا لەسەرەتای ساڵانی پەنجا تەمسیلی بۆ ئیزگەی کوردی بەغدا کردووە.**

مامۆستا عەلی مەردان مەقامی بەزمانی فارسی و عەرەبی وتورکیش گوتووە .

مەقامی "**راست**" کەجۆرێکی مەقاماتی رۆژهەڵاتە، ئەم بە زمانی عەرەبیش گوتوویەتی. مامۆستا عەلی مەردان هەموو جۆرە مەقامێکی گوتووەوهەمووشی بەباشی هێناوە، و ئەم مەقامانەی تۆمار کردووە: "**ئەڵڵاوەیسی**"،"**قەتار**" "**خاوکەر**"،"**خورشیدی**"،"**بەیات**" "**بەهەموو جۆرەکانی یەوە**" "**سەبا**"،"**راست**"،"**هومایوون**" "**نەهاوەند**"،"**حیجاز**"،"**بەهەموو جۆرەکانی یەوە**"،"**ئۆرفە**" ""**عوششاق**"،"**عەجەم**"،"**چارگا**" "**پێنج گا**"،"**سێ گا**"،"**نەوا**" "**دەشت**"**غەمەنگیز**".

لێرەدا دەبێ بوەستین و تۆزێک تیشک بخەینە سەر مەقامێکی ئەو مامۆستایە ئەویش مەقامی "هیجرانی"یە کە شیعرەکەی هی شاعیری کورد "**ئەخۆڵ**"ە.

شەرتە تارۆژی حەشرخولیایی
من بێ چاوی یار
وێڵی سەحرابم هەمیشەتەرک
بکەم خوێش ودیار
شەرتەوەک فەرهادقوڵنگی
یادی شیرن هەڵگرم
تالەپای کێوی فیراقا جێ
بهێڵم یادگار...

ئەم مەقامە وەکوو گوڵێکی تازە لەنێو مەقامەکانی کوردی دا بۆنی پژاند، تا ئێستا ولە رابردووشدا کەسێک هەڵنەکەوتووە ئەم مەقامە بڵێ،کەوایە مامۆستا عەلی مەردان داهێنەر و بناغەدارێژی ئەم مەقامەیە، کە هەر لەوێشەوە گۆرانی "**بەیادمکە**"ی لێ دەبێتەوە.

عەلی مەردان لەگۆرانی یە ـ کانیدا باسی خۆرسکی رەنگینی کوردستان دەکا، باسی شاخ وداخ وکانیاوی سارد ورووڕن وزوڵاڵی ئەو ولاتە دەکا. بۆ ئاووهەواودەشت ودەرو جل وبەرگ وکارەکاری مەڕو قیرەوهەراوشمشاڵێ شوان و جووتکردنی گا وبۆ کاکی جووتیار وکرێکار وژن و منداڵ وپیرو پەک کەوتەوپیری وتافی لاوێتی وژیان وخێزان و دڵداری ومامەو... هەموو لایەنێک گۆرانی دەڵێ.

بەڵێ، ٧١٣ گۆرانی ومەقام! کەهێندێکی تۆزی کات وزەمانەی لێ نیشتووە وهێندێکی دیکە بەداخەوە ون بوون! ئەو ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە وبە ئێمەی سپاردووە وەک خۆی دەڵێ:

"**من لێرە ئەتوانم بڵێم قەت بەقەد سەرەدەرزی یەک مەقام نەماوە کەمن تەسجیلم نەکردبێ، کەمن نەموتبێ.... ئینجا ئایا ناتوانم بڵێم لێی ئەدەن، لێی نادەن، چی لێ ئەکەن، چیان لێکرد ماوە؟ برایەوە؟ نازانم ئەوە نازانم.فەقەت ئەوەی بە من سپێررا لەو وەختەیە ئەو شریتە بەدەست من درا.**"

ــ **ئەوە تەسجیل کە!**

ــ **بان چاو.**

ــ **ئەوانە مەزمەحیل تەسجیل کراون ...**"

کاتێک کە باسی ئەم هونەرمەندە خۆشەویستە دەکەین دەنگە خۆشەکەی وەکی زەنگوڵە لەبن گوێمان دەزرینگێتەوە و"**گوڵەباغ**" و "**مامە**"و"**تافی لاوێتی**"و" **لێم یاغی یە**"و"**پەچەکەت لادە**" و "**کاکەی شوان**" و "**ئای چەندم خۆش دەوێ**" و "**بەیادمکە**" و" **کراس کوودەری**"و"**دانەدانە**"و "**ئەرۆی ئوغر**"و"**شەکرە سێو**"و "**ئەی مانگ**"و"**گیانەبەسیەتی**"و "**هەوری لەمل**"و"**خاڵەی ریبوار**" و...مان وەبیر دێنێتەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێین هەزار سڵاو لەگیانی پاکی مامۆستا عەلی مەردان، ئەو لەدڵی هەموو کوردێک دا، دەژی. لە دڵی هەموو هونەرمەندێک هەموو هونەردۆستێک، هەموو گۆرانی بێژێک وڕۆشنبیرێک. هەرچەند هونەری کوردی بەکۆچ کردنی مامۆستا عەلی مەردان زیانێکی مەزنی پێگەیشت بەڵام ئەو هونەر- مەندانەی ئێستا هەن دەبێ ئامۆژگاری یەکی ئەوفەرامۆش نەکەن کە بەردەوام داوای لێ دەکردن، هەوڵ بدەن، شەرم مەکەن خزمەتی هونەری کوردی بکەن



نووسراوی: ریچارد رایت

برسی

وەرگێڕانی: عەزیز ناڵی

برسێتی بەدزی پارێزی بۆهێنام. لەپێشدا نەمدەزانی چیە. کە یاریم دەکرد برسێتیشم هەمیشە لەگەڵ بوو. بەڵام ئەمجار فەرقی هەبوو.

شەو بوو. کە لەخەوراپەڕیم تەماشام کرد برسێتی، کز و مردەلۆخە، بە سەرمەوە راوەستاوە وزەق زەق تێم دەڕوانێ. پێشتر ئەوەندەم لە گەڵ دوژمن نەبوو. ئەوەندەش بەسام وناموٚ نەبوو. وەک جاران بوو، بەڵام ناچاری دەکردم هەر بکرووزێمەوە و بپاڕێمەوە تا پەنجەیەکم نان پێ بدەن. کەیەک دوو پارووشم نانی وشکی دەخوارد، تێر دەبووم. بەڵام ئەمجار برسێتی بەربینگی گرتبووم. ترساندبوومی، تووڕەورقەسووی کردبووم. ئیتر لەو وەختەوە هەرکاتێک لەبرسان دەستم بە نووزە نووز دەکرد، دایکم لیوانێکی چا بۆتێدەکردم و چەند دەقیقەیەک زگم لەقوورە قووڕ دەکەوت. ئەمما پاشان برسێتی چەنگی لە خاڵیگە[2]م دەپێکا. ریخۆڵەم لەبرسان پێچی دەدا و ژانی دەکرد. لەوەختی وادا سەرم لەگێژەوە دەهات وسۆمای چاوم کەم دەبۆوە وبەبێ حاڵی کایەم دەکرد. وردەوردە ناچار بووم لە شوێنێک رۆسەکنم[3] بزانم خەریکە چم بەسەربێ.

ئێوارەیەک ناڵاندم: " دایە ئەمن برسیمە."

دایکم کە دەیویست وەپێکەنینم بخا تا برسێتیم لەبیر بچێتەوە، گوتی:

" خۆت هەڵاوێ " مرسی[4] " بگرەوە!"

" مرسی، مرسی ئیدی چیە؟"

گوتی:

"مندال ئەگەر برسی یان بوو، مرسی دەخۆن."

" خۆشە؟"

"نازانم."

" ئەدی بۆچی دەڵێی خۆت هەڵاوێ بیگرەوە."

دایکم بزەیەکی بەلێودا هات گوتی:

" چونکە کوتت برسیمە."

زانیم سەرم داوێتە سەر تووڕە بووم. گوتم:

" ئەمن برسیمە یاڵڵا."

" دەبێ راوەستی."

" نەخێر ئەمن ئەلعان، ئەمن ئەلعان نانم دەوێ."

گوتی:

" ئاخر ئەلعان هیچمان نیە بیخۆی."

" بۆ نیمانە؟"

گوتی:

"چونکە نیمانە ئیدی."

کوڵی گریان ئەوکی گرتبووم.

گوتم:

" ئەمن نانم دەوێ."

دایکم دیسان گوتی:

" هەرئەوەیە کوتم. دەبێ سەبر بگری "

" ئاخر ئەمن برسیمە برسی ."

دایکم خەریکی ئوتووکێشانی جل وبەرگ بوو. سەری هەڵبڕی وتەماشای کردم .چاوی پڕبوو ن لە ئاو. گوتی :

" دەزانی بابت لەکوێ یە ؟"

" گێژ بووم. بەسەیرەوە چاوم لە دایکم بڕیبوو. وەبیرم هاتەوە بەینێکە باوکم نایەتەوە ماڵێ ، چونکە ئیتر بەرۆژ دەمتوانی بەکەیفی خۆم هەڵبەزدابەز بکەم. نازانم بۆ لەنەکاو ون بوو. ئەڵبەتە لەدڵی خۆمدا پێمخۆش بوو، چونکە ئەگەر لەماڵ بوایە لەترسی گوڕە گوڕی نەمدەوێرا ببزووم. بەڵام نەمزانیبوو ئەگەر باوکم نەبێ ،نانیشمان نابێ .

گوتم : " نازانم."

دایکم گوتی :

" دەزانی کێ نانی بۆ دێنایەوە ؟"

گوتم :

" بابم ،هەمیشە بابم بۆی دێنایین ."

" باشە ئیدی ئەلعان بابتان لێرە نیە ."

" چۆتە کوێ ؟"

" نازانم ."نەماوە"

پێم بەزەویدا دا و ملم لە نووزە نووز نا:

" ئەمن برسیمە ، ئەمن برسیمە ."

گوتی :

" راوەستە باکارێکی پەیدا بکەم .ئەودەم نانیشمان دەبێ ."

رۆژ زۆر بە شێنەیی رادەبردن .ئیتر دەردی برسێتی ویادی باوکم ئامێتە ببوون .کە برسی دەبووم و دڵم لە خێڵەکەوە دەهات[5] ، باوکم وەبیر دەهاتەوە. ئاقیبەت دایکم لەجێگایەک کاری دۆزی یەوە . بوو بە ئاشپەز. من وبراکەشم رۆژانە بەتەنێ لەماڵ دەبووین . خواردنیشمان لەتە نانێک و قۆری یەک چا بوو. دایکم کە ئێواران لەکار دەهاتەوە هێزی نەبوو .غەمبار بوو. هەمیشە لە شوێنێک هەڵدەکورما ودەگریا .جاری واش بوو دڵی زۆر تەنگ دەبوو ، بانگی دەکردین وچەند سەعاتان هەر قسەی بۆدەکردین . دەیگوت:

" ئەنگۆ تازە بابوو نیە لەگەڵ منداڵی دیکە فەرقوو هەیە .دەبێ فێربن ئاگاتان لەخۆتان بێ ،بۆخۆتان لیباس دەبەر بکەن وچێشت لێ بنێن."

دەیگوت:

" وەختێکی ئەمن دەچمە کارێ، ئەنگۆ دەبێ زۆرچاک ئاگاتان لەماڵێ بێ ."ئێمەی حەبەساویش بەدڵ بەڵێنمان پێدەدا .بەڵام هەرچی سەرمان هێنا وبرد بۆمان مەعلووم نەبوو بابە چی لێ هاتووە و دایە بۆوەک جاران نەماوە ! قسەی دایکیشم تەنیا دەیترساندین .کاتێک لێمان دەپرسی بۆچی بابە رۆیشتووە، دەیگوت:

" ئەنگۆ جارێ منداڵن،ئەو شتانە نازانن ."

ئێوارەیەک دایکم گوتی :

" ئیدی لەوەبەولاوە ئەتۆ دەبێ بچی شتی ماڵێ بکڕی ."

پاشان دەستی گرتم وبردمی بۆ دووکانێکی نزیک ماڵی خۆمان. دەیویست فێرم بکا چۆن شت بکڕم .بەخۆم دەفشیم[6]. پێم وابوو ئیتر گەورە بووم .سۆزی پاش نیوەڕۆ، قۆڵم لەدەسکی زەمبیلەکە کردوبە پیادەڕۆدا بەرەو دووکانەکە هەڵکشام. کە نزیک بوومەوە ، چەند کوڕ بەسەرمدا چرژان وبەمستان بە هەردیاندا دام. پاشان زەمبیلەکەیان لێ ئەستاندم و پارەکەیان لەدەستمدەرهێنا وبەگریان بەرێیان کردمەوە. کە ئێوارە داهات، دایکم هاتەوە. نەقڵەکەم هەموو بۆ گێڕایەوە .هیچی نەگوت. تەنێ دانیشت وسەرلەنوێ هێندێک شتی لەکوتەکاغەزێک نووسی .پاشان پووڵی پێدام و ناردمیەوە بۆ شتکڕین . بە لۆژە لۆژ[7] لە پلیکانان هاتمە خوار. کوڕەکان هێشتا لە خەیابان خەریکی کایەبوون بە هەڵەداوان گەڕامەوە ماڵ .

دایکم گوتی :

" چیە دیسان ؟"

" هەتیوەکان راوەستاون دەیانەوێ لێمدەن ."

گوتی :

" ده‌چی ،هه‌رچونێک بێ، شته‌کان ده‌کڕی ودێیه‌وه .ده‌برۆ ده‌ی ."

گوتم:

" ئه‌من ده‌ترسێم ."

گوتی :

" ده‌ڵێم برۆ. ئه‌وانیش به‌ هێند مه‌گره‌ ."

چوومه‌ ده‌ره‌وه‌ وخێرایه‌ک به‌ پیاده‌ڕۆدا بۆ لای دووکانه‌که‌ چووم. خوداخودام بوو کوڕه‌کان دیسان پێشم پێ نه‌گرن .به‌ڵام هه‌رکه‌ گه‌یشتمه‌ ئاستیان،یه‌کیان هاواری کرد :

" ئه‌وه‌تا ،دیسان هاته‌وه!"

هه‌موو هێرشیان بۆ هێنام. منیش وه‌ک شێتان ده‌ریه‌ڕیم و هه‌ڵاتمه‌وه‌ بۆلای ماڵ . به‌ڵام گه‌یشتنه‌ سه‌رم وله‌ پیاده‌ڕۆ له‌ عه‌رزیان دام ونایانمه‌ ژێر. هه‌رچی پاڕامه‌وه‌ وهاوار وپه‌له‌قاژه‌م کرد فایده‌ی نه‌بوو. پووڵه‌که‌یان به‌زۆری له‌ چه‌نگم ده‌رهێنا ،پاشان به‌ راکێش راکێش راستیان کردمه‌وه‌ وبه‌زلله‌وشه‌قان ناردیانمه‌وه‌ بۆماڵ . به‌ رێگاوه‌ هۆڕ هۆڕ ده‌گریام . دایکم له‌به‌ر ده‌رگا راوه‌ستا بوو .به‌ده‌م هه‌نیسکانه‌وه‌، گوتم :

" ئه‌و هه‌تیوانه‌ ... لێیان .... لێیان دام ."

له‌ پلیکانان سه‌رکه‌وتم . به‌ته‌ما بووم خۆم له‌ ژووری باوێمه‌وه‌ . دایکم گوتی :

" نه‌یه‌وه‌ ژووریٚ !"

له‌جێگای خۆم چه‌قیم وچاوم تێ بڕی .گوتم :

" ئاخر وه‌دوام که‌وتوون."

دایکم به‌جۆرێکی به‌سام قسه‌ی ده‌کرد . گوتی :

" له‌جێی خۆت راوه‌سته‌ . ئه‌من ده‌بێ ئه‌وشۆ فێرت بکه‌م که‌ چۆن ده‌بێ له‌سه‌ر هه‌قی خۆت وه‌جواب بێی ."

پاشان چۆوه‌ ژوور.منیش له‌



جێی خۆم چاوه‌ڕوان مام . زۆر ده‌ترسام .نه‌مده‌زانی دایکم ده‌یه‌وێ چ بکا . زوو گه‌ڕاوه‌ برێک پاره‌وکوته‌کاغه‌زێکی به‌ده‌سته‌وه‌ بوو. داریکی درێژ وئه‌ستووریشی له‌ده‌سته‌که‌ی تردا بوو. گوتی :

" ئه‌وه‌ پووڵ و کاغه‌ز ئه‌وه‌ش دار، ده‌چیه‌ دووکانه‌که‌ ئه‌وی له‌وکاغه‌زه‌م نووسیوه‌، ده‌یکڕی ودێیه‌وه‌ . ئه‌گه‌ر ئه‌و هه‌تیوانه‌ش دیسان پێشیان پێ گرتی به‌وداره‌ لێیان ده‌ده‌ی ."

زۆرم پێ سه‌یربوو. دایکم ده‌یگوت ده‌بێ له‌سه‌رخۆت بکه‌یه‌وه‌. پێشتر قه‌ت شتی وای نه‌ده‌گوت.

گوتم :

" ئه‌من ده‌ترسێم."

گوتی :

" ئه‌وشتانه‌ ده‌کڕی چاکه‌ ده‌نا ناهێڵم پێ ده‌و ماڵه‌ بنێیه‌وه‌ ."

گوتم :

" ئاخر ئه‌و هه‌تیوانه‌ لێم ده‌ده‌ن ."

" ده‌جا هه‌ر له‌ خه‌یابانێ به‌ .تازه‌ مه‌یه‌وه‌ ماڵێ ."

" به‌پڕتاو له‌ پلیکانان وه‌سه‌ر که‌وتم .هاتم پاڵێک به‌ دایکمه‌وه‌ بنێم و خۆبه‌ ژوورێدا بکه‌م. به‌ڵام شه‌قه‌زلله‌یه‌کی له‌ بنانگوێم راکێشا . ده‌تگوت له‌ نه‌کاو شتێک پێوه‌ی دام. چوومه‌وه‌ سه‌ر پیاده‌ڕۆ، راوه‌ستام و به‌گریان وپاڕانه‌وه‌ گوتم:

" دایه‌گیان تۆخودا سبه‌ینێ ده‌چم ،سبه‌ینێ ."

گوتی :

"نا ، دەبێ هەرئێستا بچی . بەدەستی بەتاڵیش بگەڕێیەوە ئازای ئەندامت دەشکێنم ."

پاشان دەرگاکەی توند داخست .خڕەی کلیل هات . لەترسان ئەژنۆم دەلەرزی. بە تاقی تەنیا لە خەیابانێکی تاریک وبەسام وەستا بووم و چەند کوڕیش بەدوامەوە بوون. دەبوو یا لەماڵێ وێم بکەوێ یا لە خەیابان . دارەکەم توند لەمستم گرتبوو ئەسرینم دەباراند .دەمەویست هەردووک لا هەڵسەنگێنم .ئەگەر لە ماڵەوە لێیان دابام چم لە دەست نەدەهات .بەڵام لە خەیابان دەمتوانی دەست بکەمەوە .بەپیادەڕۆدا بەرەو دووکان وەڕێ کەوتم. تا دەهات لە کوڕەکان نزیک دەبوومەوە. دارەکەم توند لەدەستم گرتبوو. لەترسان هەناسەم سوار ببوو. ئیتر تەواو لێیان نزیک کەوتبوومەوە.

یەکیان هاواری کرد :

" دیسان هاتەوە. حەملە!"

دەست بەجێ گەمارۆیان دام. بەتەما بوون دەستم بگرن . بۆئەوەی بیانترسێنم ،قیژاندم " دەتانکووژم!"

تا دەهات ئاڵقەی گەمارۆیان تەنگتر دەکردەوە. ترس و خۆف بەر چاومی گرتبوو . دارەکەم هەڵدەسووڕاندو تەنیا گوێم لە تەقەی سەروگوێلاکیان دەبوو. دیسان وەشاندم وسەری یەکیانم شکاند. پاشان لە کەللەی یەکی ترم راکێشا . دەمزانی ئەگەر چاوترووکانێک مۆڵەتیان بدەم ، تازە دەردەچێ .گرم[٨] بە عەرزمدا دەدان .دەمەویست وایان لێ بدەم کە گێژو کاس بن و ئیتر نەتوانن راست بنەوە . چاوم پڕببوو لەئاو. ددانم چیڕ دەکردەوە وهەرچی بە زارمدا دەهات پێم دەگوتن . لەترسان بەهەموو هێزودەمای خۆم دارەکەم لەسەریان رادەکێشا .

کاغەز وپووڵەکەم کەوتبوو. بێ نیوبڕ لێم رادەکێشان خەریک بوون بڵاوەیان دەکرد، دەستیان بەسەریان گرتبوو هاوار وناڵەیان بۆ ئاسمان دەچوو. هێندێکیان باوەڕیان نەدەکرد. زەق زەق سەیریان دەکردم. دیاربوو تا ئەودەم ئینسانی وا تووڕەیان نەدیبوو. ئێستا راوەستابووم و وەهانکە هانک کەوتبووم. قەڵسەم لێ دەگێڕان وتێزە تێزەم دەدان تا بێنەوەپێش وشەڕەکە هەڵایسێتەوە. کە دیتم نایەنە بەرەوە، کەوتمە سەریان .ئەوانیش کە زۆر ترسابوون بەدادوهاوار خۆیان لەماڵ هاویشتەوە . پاشان دایک وباوکیان ، هەموو لێم هاتنەدەر ودەستیان کرد بە گەف وهەڕەشە . منیش بۆ هەوەڵ جار بەسەر ئینسانی لەخۆ گەورەتردا قیژاندم و گوتم :

" ئەگەر لەکۆڵم نەبنەوە لەوەش خراپتریان لێدەکەم ."

پاشان پووڵ وکاغەزەکەم هەڵگرتەوە وچوومە دووکانەکە کە گەڕامەوە دارەکەم قیت بەدەستەوە گرتبوو. ئامادە بووم چاوم بەیەکیان بکەوێ وراماڵی بدەم. بەڵام کەس دیار نەبوو .ئەوشەوە بوومە[٩] حاکمی خەیابانەکانی مێمفیس.

پەراوێز:

١- ناوی ئەسڵی چیرۆکەکە (Hunger) بووە ولە فارسییەوە وەرگەڕاوەتەوە سەرکوردی .

٢- **خاڵیگە** :خاڵایی،کەلەکە .

٣- **رۆسەکنین:** داسەکنین داسرەکان ، سرەوتن .

٤- لەئەسڵی چیرۆکەکەدا (Kunger) بووە لەتەرجەمەی فارسیدا کراوەتە "مرسنە" لەکوردی یەکەشدا بووە بە " مرسی" .

٥- **دڵم لەخێڵەکەوە دەهات:** دڵم زەعفی دەکرد.

٦- **بەخۆفشین:** بەخۆنازین لەخۆ بایی بوون .

٧- **لۆژە لۆژ:** لارە لار .

٨- **گرم بەعەرزمدا دەدان:** زرم بە ...

٩- **مێمفیس:** (MemPhis): گەورەترین شاری ئەیالەتی تێنێسی لەئامریکای باکوور.

ئەدەبی نوێ

سنە :موزەففەر ڕەوشەن

شیعرەکانت لاوازن . چەند جێگاش وشەکانت لەتکردوون وەک :

باران دێتەخوار وەک
ئەشکی هەژار
تەواو شین دەبێ
خاکی کوردەوار

ئەوجار تەعبیر و بۆچوونی کۆنی زۆر تێدایە و بابەتی نوێی تێدا نابیندرێ

سنە : **عەبەقادر مەرزی**

شیعرەکەت نەوەزنی هەیە و نە قافیە .بەڵام هەستێکی جوانی تێدایە. بۆ نموونە ئەم دوو شیعرە کە باشن چاپ دەکەین .

گوڵی خوێناوی دڵی زامارم
بەهاری ژینمکەژاڵ نازارم
بەتیری چڵکن دوژمنی ناپا
ـ ک
گوڵی ئارەزووم نرایە ژێر
خاک

مەهاباد :**جەمال سەعدی**

شیعرەکەت لە باری قافیەوە زۆری کەموکووڕی هەیە. بۆ وێنە :

(تاوونا خ) ،(جواب و ناو) (فغانی ودەناڵی) ،(خاتر ودڵ) ،(بەس وجەننەت) و .... قافیە نین.

لەباری وەزنیشەوە لەنگەوەک:

کەژوکێووچیام لێک دابۆ
دۆزینەوەی یارم
وەبەرچاوم نەهات لەیلێ
بەتیری چاوی بیمارم

پتر خۆ ماندوو. بکە چاوەڕوانی شیعریجوانتری ڕێوەی خۆشەویستین .

سنە : **نەسرین بیرەوەری**

خوشکێ گیان : ئەم شیعرەی بۆت ناردووین شیعری "مادر"ی ئیرەج میرزایە بەڵام نەتتوانیوە باشی تەرجەمە بکەیەوە. هیواداریین بەرهەمی باشترمان بۆ بنێری.

لە هاوکاریت سپاس دەکەین .

سەردەشت :**سەلام مەمێندی ئازەر**

شیعرەکەت لە دوو سێ جێگا لەنگ ولۆری هەیە کە ئاوا دەست پێدەکا :

سڵاو ئەی سروە سروەی
بەیانی
خۆشتربێت لەشنەی شەماڵی
شوانی
تۆ کە ئەوەندە پڕ قەدر و
مایەی
هەر چاوەڕێتم ئەدی بۆ
نایەی
نێو شاری سەردەشت مات
ووێرانە

هەر قەبرستانە کە ئاوەدانە

چاوەڕوانی شیعری بە وەجترین* .

بۆکان : **سولەیمان ڕەحیمی**

لە شیعرەکەتدا پاشگری (کەت) ڕەدیفە کەوابوو وشەی (خاووجوان) و (چاوویار) و (ناووخاڵ) نابنە قافیە .

مەهاباد: **ج . خەمبار**

شیعرەکانت زۆر لاوازن. لە باری وەزن وقافیەوە ناڕێکن و کەم و کووڕی یان هەیە. وەک :

بێ تۆ تاڵە ژیانم
ئەی ڕازێنەری خەیاڵم

وشەی (لەباروخەیاڵ)و (باڵاو لێوەکان)و (بمرین ودەمرین) و (بپێوین ورۆشن بێ)و (وێران وئازاد) نابنە قافیە.

مەریوان :**ئەحمەد حەیدەری**

شیعرەکەی ئەمجارت خراب نیە بەڵام دیسانیش پتر حەول بدە. ئەوە بەشێک لە شیعرەکەت جاپ دەکەیس .

ئاخ چ دڵێ بێ خەبەرێ
جازیبە بۆ هەر کەسەرێ
هەمغەمی گورگە هەمەرێ
هەرغەمە کۆشک و مەنزڵم
چارەم چیە لەدەس دڵم

هیوادارین شیعری جوانترمان بۆ بنێری

سەقز : **مەحموود ئەمینی**

شیعرەکەت گەیشت . ئاوا دەست پێدەکا :

براگەلی کورد زۆر لە دواوەیە
خەرمانی خۆشی بە دەم باوەیە
کەمترنین ئێمە لەهیچ میللەتێ
عیلموزانستمان بەسەر پاوەیە

ئەم میسرەعەی ئاخری مانای نیە . وشەی (دواوەو ئێوە) (بەدوپیسەوە) نابنە قافیە . هەوەڵ شیعر لەباری وەزن وقافیەوە راستە .

چاوەروانی شیعری جوانتری تۆی بەرێزین .

خانێ : **هەیبەتوڵڵا شامخی**

بەداخەوە ئەم کتێبانەی نووسیوتە لە لامان نیە دەنا بۆمان دەناردی . بۆ پتر شارەزابوون لە شیعر دەتوانی کتێبی " طلا در مس" "هنر و ادبیات امروز" ،"فنون شعر وکالبد پولادین آن " و..... موتالا بکەی .

شیعرەکەت لەباری وەزنەوە لەنگە وەک ئەو شیعرە :

زێدەکەم سوێندم بەلەیل و نەهار
زێدەکەم بەهەڵبەست و وتار

نەغەدە : **بەدرەدین ئیسقێلی**

شیعرەکانت زۆر لاوازن. لەباری قافیەوە لەنگ و لۆری یان تێدایەوهێندێک لە شیعرەکان بێ مانان یا ئێمە بۆمان ساخ نەبوونەوە. وەک :

بەدەنگی بەرزت کەلەی بێ هۆشان
مردووی حەوت ساڵە ئەهێنی بە ژیان

(هۆشان وژیان)و (هیوا و خوا) قافیە نین .

چاوەروانی بەرهەمی جوانترین .

سەردەشت :**ئەحمەد پاکدڵ**

شیعرەکەت لە باری وەزنەوە لەنگە .لە هەوەڵەوە جوانت دەست پێکردووە .

ئەی سەردەشتی جوان شاری دلڕفێن
بۆچی تێکەڵ کرای تۆ لەگەڵ خوێن
بۆ بەزەیی نەهات بە خەڵکی فەقیر
بەمناڵ، بە لاو، گەنج و پیر

حەول بدەوشیعری جوانتر بڵێ .

شنۆ: **تەنیا**

ئەگەرچی ناونیشانی خۆت نەنووسیوە بەلام شیعرەکەت جوانە و ئەگەر ناوت نووسیبا چاپمان دەکرد .

بسکی لەراند شنەی بەیان
بەدی کرا خۆری ژیان
مانگێ جارێک مانگێک هەڵدێ
هەتا مردن تریفەی دێ

گیلانی رۆژئاوا : **سەلاحەدین عەبدوڵڵا زادە**

ئەم دوو شیعرە جوانن ئەوە لێرەداچاپیان دەکەین .

خەیاڵ وخەم لەمخۆشیما شەریکن
لەرێبازی ژیانمدا خەریکن
کوڵ وسۆزی دڵم بۆ کوردەواری
دەسووتێنێ گەرچی زۆر خاووفەریکن

بۆکان:**جەعفەررووحی زاد**

بەداخەوە شیعرەکەت زۆری لەوادە رابواردووە . چاوەروانی بەرهەمی جوانترین .

شیعری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە کە بۆ چاپ نابن یا لەباری وەزن وقافیەوە نارێکی یا لەباری نێوەرۆکەوە کەم و کووری یان هەیە. سپاسیان دەکەین .

سەردەشت :**سولەیمان محەممەد پوور**

پاوە : و. فەتاحی

گەلوان : عەلی سووریەزادە

مەهاباد : خالەق شیوراک

بۆکان : حەسەن قوربانی

دیواندەرە :سالح گێلاسی

پیرانشار :**مستەفا محەممەدزادە**

مەهاباد :**عەلی عەرەبی**

سەقز :**ئەحمەد ئەحمەدیان**

شنو :**محەممەد حوسێن پوور**

شاعیرانی لاو

هەموو شەوێ بێ ئیختیار
لە ژووری تەنیایی و خەما
مۆمی بیرم دائەگیرسێ
تا تاریکی ئەم ژیانەم
تا هەڵە و کوێرەوەری یەکان
دەردەکان و ئازارەکان
لەدەفتەری رەشی رابردوو بنووسێ
لەو کاتەیە
پەپوولەی خەو
لەدەوری شەمی خەیاڵما بەدی ئەکرێ
لەو کاتەیە باڵی چاوو باڵی پەپوولە
یەک دەگرن
سەری ماندووم
بە خەونی شیرینی بەیان
لێوی سەرینم ماچ ئەکا

* * *

هەر بەیانی یەک بێ ئیختیار
خۆری بیرم دائەگیرسێ
وردە، وردە دەخشێتە ئاسمانی هیوام
هیوای رووناکی رۆژی نوێ
هیوای راست کردنی هەڵەی دوێ
هیوای بەندکردنی خەمەکان
هیوای بە هیوا گەیشتن
تا ئێوارە لە دڵمایە
لەشم رێگەی لووتکەی بەرزی
هەوڵ و تێکوشان ئەپێوێ
ئا ئێوارە خۆری هیوام
لە کەلی شەوی زەبوونا
ئاوا دەبێ !
دیسان وەکوو هەموو شەوێ
بێ ئیختیار
مۆمی بیرم دائەگیرسێ

" ئەستێرە "

شەوگەر

مارف ئاغایی

ژینم بێ شیعر شۆنەیەکە
شورابەی ئاو قەت نابیسێ
دڵم وەکوو شەوگەرێکە
بەدوای شەوگورددا دەگەرێ
شەمزینێکە لەباتی شەم
دەگاتە دەنگی شەوپەرێ
جارجار شیعرم تریفەیە
لەپشت هەڵەموت مەلاسە
بەلام
کوڵی تەبعی شیعری شاعیر
دووربینێکە
پشت هەموو کێوێک دەبینێ
هەموو بەستێنێک دەشکێنێ
خۆشەویستم
تازەبووکی
تارای سوور بەسەردا در!وە
کە ئەو لە قامووسی ژیندا
شیعری ناوە
شیعرم سۆز و کزەی
زامی دڵە
دڵی کپم بەتاسەیە
بۆ نەسرمی
هەستی ناسکی ناسک هەستان

کەیفی برادۆستی

لە لای کابراکەی بەینمان
بیستم گلەییت کردبوو
گوتبوت ئەو لای خۆی شاعیرە
کەچی نەمدیوە تا ئێستا
لە شیعرێکدا باسم بکا
گلەیی یەکەت لەسەر چاوم
بەڵام بڵێ و ناسکیت
جوانی وشیرینی دەردەبڕێ
بە چ شیعرێ هەموویان
لە کێک ومینوو خاویش
بەتامتری گەزۆی دەگرێ
لە هەنگوین و لەکوێ بەرگە
شیرین تری شیعر من دەکرێ
کچێ ئاخر بە ڵاڵە
باست لەکوێ قەڵەمەکەم
خۆ من خەیاڵە
پەنجەم شکاوی بەمن دەکرێ
وەسفی تۆ چۆن نەتگرێ

بەبۆنەی بۆمبارانی سەردەشت لە لایەن رژێمی بەعسی فاشیست


حوسێن گوژری

سەردەشت ئەی شارە جوانەکەم
بەهەشتی نیشتمانەکەم
ئەی سەرتۆپی کوردستانم
هێزی دڵ ئارامی گیانم
ئەی خۆشەویستم، وڵاتم
ئەی لان و بنکە وقەڵاتم
ئەی هەرێمی مەردایەتی
گیانفیدایی وئازایەتی
مەڵبەندی مەردانی یەزدان
چاوگەی پیاوەتی و ویژدان
لانی ماد ، ژینگەی گۆرانی
قەڵای بارزان و سۆرانی
هەرچەندە لێشت براوم
بە ناوی تۆ گۆچ کراوم
سەردەشت دوژمنی تۆ پەستە
لەنێوبردنی تۆی مەبەستە
دوژمنەکانی نابەکار

خوا نەیاری تۆ و پەروەردگار
ناترسن لە یەزدانی تۆ
ئەوا بەربوونە گیانی تۆ
بە هەر چەکێکی تازەو کۆن
لێت دەدەن دوژمنانی خۆن
بەتۆپ وناپاڵم و خەردەل
بە جۆرگەلێ زۆری گازگەل
سەردەشت ئەی سەردەشتی بەرێز
شاری خۆراگر و بەهێز
تۆ بۆ خۆراگری تاکی
چوویە ڕیزی ناکازاکی
مەکۆی ژان وکوڵ و خەمی
تۆ هیرۆشیمای دووهەمی
تۆ سوور وسەیدای شێرانی
دێر یاسینی کوردستانی
وا دیسان جارێکی دیکەش
پێیان پۆشیوە بەرگی ڕەش
دیسان وەک چاردەی سەرماوەز

خوێنە دەڕژێ بە لەزوبەز
دیسانیش کرای بۆمباران
ڕۆڵەکانت لە لا تاران
بەڵام نە وەک پاروپێرار
زۆر بە رقەوە ئەوی ئەمجار
ئەوجار بە بۆمی شیمیایی
لە شاری بڕی تارمایی
چاون بە مۆلەق وەستاون
سوور و زەق وپڕلە ئاون
هێندێک سووتا و هێندێک برژاو
گەلێکی بێ تاوان کوژراو
هێندێکیش هەر بەحاڵ زیندوون
ئاوارەی سەربستو وزیندوون
دابێژرا لەسەری شار خۆڵ
کرایە شار بەندەن و دۆڵ
لاش کەوتن وەک گەڵای پایز
گلێکۆ هەڵقەناون بە ریز
هەر لاپاڵ و باسک و شێوی
هەر کەندو لەندو پەسێوی
هەر بن دار وبەرد و دەری
هەر مەڵبەند و راگموزەری
لەجیاتی شار بووە بە ماڵ
تێی خزاون ژن و منداڵ
بەڵام قەیدی ناکا وابێ
زەمانە هەر وەها نابێ
با ئازاد سەر بنێتەوە
ڕۆژێک دێ ڕۆژت دێتەوە
بەری تەنگانە زۆر کەمە
دوایی دێ ئەو دەردو خەمە
دەبیەوە سەردەشتی جاران
مەکۆی خۆشی وبووکی شاران
دوژمنی پیسی پیرەڵۆک
لە حاندتدا دادەدا چۆک
چاڵ دەکەی ئازارو کەسەر
پشوویەکت دێتەوە بەر
گوزرژی» ڕۆڵەی تۆیە سەردەشت
دەتبینێ خۆشی وەک بەهەشت

بەشی ٤



جوغرافیای شنۆ ٧

مارف ئاغایی

ژن هێنان لەناوچەی شنۆ پریتی یە لە: ١- خوازبێنی ٢- ژن بەژنە ٣- هەڵگرتن.

خوازبێنی: جوانترین شێوەی ژن هێنانە. ئەگەر کوڕ وکچ رازی بوون ژیانی هاوبەشیان بێ چەند کەس لە پیاوانی سەرناس و ناودار لە لایەن بابی کوڕەکەرا دەچن بۆ ماڵە بابی کچەکە ومارەی دەبڕنەوە ئەو شتانەی کە دەبێ زاوا بۆ بووکی بکڕێ بەپێی کاتی دیاری کراو شتەکان دابین دەکا و بە رەسمی تایبەتی ناوچە کچ دەگوێزێتەوە.

شتێک کەسەرنج راکێشە مارەیی کچە. بەداخەوە ئێستاش ئەوەندە پووڵ و مارەیی بەکچەوە دەبەستن کە بۆتە هۆی ئەوە زۆربەی لاوەکان نەتوانن ژن بێنن. دیارە کەس شیربایی ناخوا بەڵام پێیان وایە ئەگەرکچەکەیان لەسەر پووڵێکی کەم مارە بکرێ لێی کەم دەبێتەوە.

وێ دەچێ داب و رەسمی ژن گواستنەوە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان وەکوو یەک بێ بەڵام بەپێویستم زانی لێرەدا بە کورتی ئاشێرە بە هێندێک لەو دابانە بکەم.


١- لە مانگەکانی سەفەر و موحەڕەم و رەمەزاندا بووک ناگوێزرێتەوە.

٢- ئەگەر یەکێک لە خزموکەسی زاوا یا بووک بمرێ شاییەکە چل رۆژ، وەدوا دەکەوێ.

٣- رۆژەکانی دووشەممۆ وپێنج شەممۆ تایبەتی گوازتنەوەی بووکن.

٤- کاتێک بووک ساز بوو برا و چەند کەس خزمی زاوا دەچنە وەتاغی بووک و برای زاوا یا یەکێک لە خزمانی نیزیکی پووڵ دەبەر پشتێندی بووک دەنێ کەپێی دەڵێن پشتێند بەستن. ئەوجار دەستی بووک دەگرن وحەوت کەڕەت بەدەوری خۆیدا دەسووڕێنن بەو مانایە کە رووسووربێ دوای ئەوکارە برا یا خزمی بووک دەستی دەگرن تا سواری ماشێنی دەکەن ودەگەڕێننەوە.

٥- یەکێک لە ماشێنەکان لەپێش هەموو بەشدارانیدا مزگێنی بۆ زاوا دەبا کە



پوولێکی زۆری دەدەنێ.

٦- پاش هێنانی مزگێنی زاوا دەچێتە سەربانێکی بلێند سێوو هەنارو......... بەسەر بووک دا داوێ و خزمان و دۆستانی زاوا لە سەربانی ڕابووک زێڕوەشان دەکەن .

٧- خزمانی بووک ڕۆژی پاشتر دەچن بۆ ماڵی زاوا بەناوی سێ ڕۆژانە. بەم چەشنە ئەو داوەتەی کە بەخوازبێنی دەستی پێکرابوو بەسێ ڕۆژانە کۆتایی پێدێ.

ژن بە ژنە

ژن بەژنە لە ناوچەی شنۆدا زیاتر لەناوچەکانی تر وەبەرچاو دەکەوێ دیارە کە ئەو کارەش چەند هۆی بنەڕەتی هەیە.

١- بەشێکی زۆری خەڵکی گوندەکانی ئەوشارە لەباری ئابووری یەوەفەقیر وهەژارن وتوانای ژن هێنان بەچەشنی خوازبێنی یان نیە. و بە ژن بەژنە دوو خەرجی



قورسیان لەسەر شان وەلا دەچێ یەکەم ژن هێنان بۆ کوڕەکەیان و دووهەم بە مێرددانی کچەکەیان .

٢- دواکەوتوویی فەرهە — نگی بۆتە هۆی ئەومەبەستە کە ئێستاش کچ ناتوانێ هاوبەشی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ وباوکی کیژەکان هەرکەسیان بۆ خزمایەتی هەڵبژارد ژن بە ژنەی لەگەڵ دەکەن.زۆرجار ئەو ژن بەژنەیە بەبێ ڕازی، بوونی کیژان و کوڕان دەکرێ و تەنیا ڕەزای باوکی لەسەرەو بەس .

٣- لەو ناوچەیەدا کە زۆرجار لەسەر زەوی و زار وئاو....ناکۆکی دەکەوێتە ناوخەڵک ودەبێتە هۆی نێوان ناخۆشی وتەنانەت شەڕیش. خەڵکەکە هەوڵ دەدەن تا بەپێک هێنانی خزمایەتی خوێنی (ژن بەژنە)پشتیوان و دەستەودەیارە بۆ خۆیان ساز بکەن. بەخۆشی یەوە کەم،کەم ئاکامی ناخۆشی ئەو چەشنە ژن ومێردایەتی- یە بۆخەڵک روون بۆتەوە

و ژن به‌ژنه‌ش به‌ره‌و که‌م بوونه‌وه ده‌چێ .


ژن هه‌ڵگرتن :

ئه‌گه‌ر خۆشه‌ویستی کچ و کوڕ گه‌یشته سه‌رده‌می ژیانی هاوبه‌شی به‌ڵام به‌هۆی رازی نه‌بوونی یه‌کێک له بنه‌ماڵه‌کان له‌ژن هێنان به چه‌شنی خوازبێنی ناهومێد بوون. بڕیار ده‌ده‌ن که له جێگا وکاتێکی دیاری کراودا یه‌کتر ببینن. کچ ره‌گه‌ڵ کوڕ ده‌که‌وێ.پاش ماوه‌یه‌ک مه‌سڵه‌ت ده‌کرێ و بووک ده‌گوێزرێته‌وه هێندێک که‌سیش مه‌سڵه‌ت وه‌دره‌نگی ده‌خه‌ن تا رازی ده‌بن .

بووک گۆڕینه‌وه :

زۆرجار خه‌ڵکی دووئاوایه که پێکه‌وه ژن به ژن ده‌که‌ن له‌سه‌ر گۆڕینه‌وه‌ی بووک به‌شه‌ڕ دێن. چونکه هه‌ر دووک لا چاوه‌ڕوانن ئه‌وی دیکه‌بووکی به‌ره‌وپێش به‌رێ. له‌وکاته‌دا ئه‌وه‌ی‌بووک ره‌پێش بخاخۆ له‌ویتر به‌که‌متر ده‌زانێ. بۆ وێنه له ناوچه‌ی ده‌شتبێڵ سه‌ر به شاری شنۆ له شه‌ڕێکی ئه‌وتۆدا خه‌ڵکێکی زۆرکوژران. ئێستاش به‌ردێک له جێگای شه‌ڕی نێوان خه‌ڵکی دوو ئاوایی هه‌ر ماوه‌و به‌ردی زاوا وبووکی پێده‌ڵێن

له سه‌رژمێری** ساڵی ١٣٥٥ی هه‌تاویداکه (دوایین سه‌رژمێری پێشان ده‌دا) ده‌رده‌که‌وێ ١٠/٣ له سه‌دی خه‌ڵک کاری ته‌خه‌سووسی وفه‌نی ده‌که‌ن . ٤/٣ له‌سه‌دی خه‌ڵک به‌رێوه‌، به‌ر وکارمه‌ندو ده‌فته‌رین ١٨/٢ له‌سه‌ر کرێکار و دووکاندارن. ٣٨/١ له سه‌د خه‌ریکی کاره‌کانی خه‌ده‌ماتین



به‌پێی لێکۆڵینه‌وه و راپۆرتی ده‌سته‌ی ئه‌ندازیارانی شاره‌داری پێوانه‌ی شاری شنۆ له‌سه‌ریه‌ک ٢٨٥/٩٢ هێکتاره ونفووسی شار ١٧٢٧٤ که‌سه.

وه‌رزیش وفه‌زای سه‌وزی شار

شاری شنۆ جێگایه‌کی ناوی پارک نیه وبۆ ئه‌و مه‌به‌سته جێگاش دیاری نه‌کراوه وته‌نیا باخێکی که‌شاوه‌رزی هه‌یه که له‌جیاتی فه‌زای سه‌وز ده‌یچنێ و ئه‌ویش ورده ورده له که‌می ده‌دا .. بۆ وه‌رزیش دۆستان سالۆنێکی سه‌رداپۆشراوی ٩٢ مێتری ته‌رخان کراوه.

مه‌یدانی فوتباڵی شنۆ ٤٢٧٥٠، میتره که ئێستاش هه‌ر خاکی یه، سالۆنێکی سه‌رداپۆشراوی چکۆڵه‌ی والیباڵیشی هه‌یه.

ئیداره‌کانی شاری شنۆبریتین له :

به‌خشداری، شه‌هرداری،پاسگاه سوپای پاسداران ،ئیداره‌ی ئاو ،ئامووزیش وپه‌روه‌ریش که‌شاوه‌رزی ، ئیداره‌ی چه‌وه‌نده‌ر، ئیداره‌ی به‌رق ، پۆست وتێلگراف ، بانکی میللی، بانکی ئوستان شیرکه‌ت ته‌عاوونی،دووخانیات بونیادی شه‌هید، ئمووری جه‌نگ زه‌ده‌گان ، کۆمیته‌ی ئیمدادی ئیمام، جه‌هاد سه‌بت وئه‌حواڵ ، دارایی ته‌ربیه‌ت به‌ده‌نی، ده‌فته‌ری عه‌شایری،بێهداری وهیلالی ئه‌حمه‌ر. . . .

داب ورەسمەکانی تایبەتی:

١- قوربانی بۆباران : ئەگەر وەرزی بەهار باران نەبارێ نیشانەی وشکەساڵی و قاتی وقڕی یە. خەڵکی ناوچە هەریەکە لە گوندی خۆی پێکەوە چەندسەر مەڕو ماڵات دەکەن بە قوربانی ونوێژەبارانە دەکەن. جا ئەگەر چەندرۆژ پاش ئەو رەسمە باران بباریێ ئەوان هەر لە نوێژە بارانە و قوربانی بارانەی دەزانن .

٢- سەرەخۆشی : لە گوندەکانی شنۆکاتێک کەسێک



مردووی لێ دەمرێ هەر ماڵەی نەفەرێک لە مزگەوت دادەنیشێ و مەجمەی لە ماڵێ خۆیرا بۆ دەچێتە مزگەوت ئەوکارەی ئەوان نیشان دانی بەشداربوون لە غەمی بنەماڵەی مردووە و هەروەها یارمەتی‌یەکەبۆ ئەوەی ساحێب مردوو زۆر تووشی خەرج وفشاری ماڵی نەبێ . بەشداری یان لە غەمی یەکتر بەچەشنێکە کە ئەگەر کابرایەکی ناشارەزا رێی لەمزگەوت بکەوێ پێی وایە مردووەکە هی هەموو خەڵکە. دابی مەجمەبردن بۆمزگەوت ئێستاش لە دوو گەڕەکی شنۆ (رەحیمزادەوحەنەفی)دا وەکوو پێشووە .

٣- ناشتنی مردوو بە دەفە :

زۆرکەس لە خەڵکی شنۆ لە سەرەمەرگدا وەسیەت دەکا تەرمەکەی بە دەفە و زیکر بەرن بۆ ناشتن وەکوو شێخ ودەروێش و... جا بۆ ناشتنی ئەو مردووەهێندێک لە دەروێشەکان دەفەلێدەدەن وهێندێک کە پرچیان هەیە سەریان رووت دەکەن وناوی خودا وپێغەمبەر (د خ) و..... دێنن وبەو شێوەتاقەبرستان رەگەڵ مردووەکە دەکەون.

جێژنەکانیش*** لەو ناوچە وەکوو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوە دەچن .

پاشماوەی ئەمباسە بریتین لە :

الف : عەشیرەکانی شاری شنۆ .

ب : زانایانی بەناو- بانگی شنۆ.

ج: شنۆ لەپێش میلادەوە تا ئێستا .

هیوا دارم بتوانم لە داهاتوویەکی نزیکدا رێک وپێکی بکەم و بینێرم تا ئەگەر بۆ بڵاو بوونەوە بوو کەڵکی لێ وەربگیرێ .

سەرچاوە:

١- تحقیقات باستانشناسی ژاک . د. مورگان.
٢- جغرافیای استان آذربایجانغربی .
٣- شرفنامە شرف خان بدلیسی .
٤- مالک الممالک اصطخری
٥- لغت نامە علی اکبر دهخدا .
٦- گلدستە علما ،عرفا ادبا ...قاضی محمدخضری .
٧- ژیناوەری زانایانی کورد.... محمد صالح ابراهیمی .
٨- عشائرالعراق حاج عباس غرادی .





دووددانی
یەک ددانی



پیرێژنێک بوو ، دوو ددانی مابوو ، پێیان دەکوت "دووددانی‌یە" ئەو پیرێژنە خەڵکی دێی لاچین بوو بەتەنیا لە خانوویەکی ژیکەڵە دەژیا . ئاواڵێکی هەبوو لەدێیەکی دیکە بوو . ناوی "یەک ددانی یە" بوو . پیرێژنی یەک ددانی یە زۆر سەهەندە بوو تەمای لە ماڵی دوو ددانی یە کردبوو لەوەختێک دەگەڕا ماڵ وداراییی ئەوپیرێژنەی بستێنێ .

ڕۆژێک یەک ددانی یە هاتە لاچین وچووە ماڵی دوو ددانی یە. پیرێژن دەستەخوشکەکەی زۆربەخێر ـ هاتن کرد ودوو سێ ڕۆژ لەوێ بوو ولەپاشان بە زمانی لووس فریوی دا وبارگە وبنەی پێ تێک نا و بردیە ئاوایی یەکەی خۆی پێی کوت :

"من تەنیا وئەتۆش بەتەنێی. واچاکە پێکەوە بین ، بەڵێ بەو جۆرە پیرێژنی هێنا ماڵە خۆی ولە هەلێک دەگەڕا لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

یەک ددانی یە نانکەری ماڵی ئاغا بوو ، ڕۆژێک لەکن قەرەواش و کاردارەکانی ماڵی ئاغا کوتی:

ـ من کچێکی هێندە هێندە جوانم هەیە .

خەڵکی کوتیان : ئەگەر تۆ کچت هەیە بۆ چەندساڵە ئێمەنەمان زانیوە....

پیرێژن کوتی :

ـ ئەمن لەئێوەم شاردۆتەوە ، ئاخر هیندە جوانە بەچاوە دەبێ.

باس وخواسی کچی یەک ددانی یە گەیشتە گوێی کوڕی ئاغا . هانە

کن یەک ددانی یە وکوتی :

ـ تاریفی کچی تۆدەکەن یەک ددانی یە ئەدی بۆئیمە نەماندیوە.

ـ پیرێژنی زمان لووس کوتی :

ـ بەقوربانت بم کچی من هیندە جوانە بەچاوە دەبێ ،بۆیە دلّم نایە نیشانی کەسی بدەم. بەڵام تۆ بتەوێ کارێکی وادەکەم بیبینی.

کوتی :

ـ کەنگی ؟


پیرێژن کوتی :

ـ سبەی ئێوارێ وەرە سەرکولانە و مەڕمەڕێکی تێ هاوێ وبلێ ماڵێ



مەڕمەڕەکەم دەنەوە،منیش مەڕمەڕەی دەدەم بەوی بتداتەوە.

پیرێژن هەستا چۆوە ماڵێ لە مەڕمەڕشای دەموچاوێکی دروست کرد لێوی بۆ سوور کرد، بە رەژی چاو و برۆی بۆ کێشاوە وبە سوورا و روومەتی بۆ سوور کرد،دەستەواتێکی سپی لە مەڕمەڕشا بۆ دروو، دوو ددانی یەی ڕازاندەوە وجوانی کرد پیرێژنی دوو ددانی یە زۆر گێل و ساویلکە بوو. سبەی ئێواری کوڕی ئاغا لەسەربانی مێشێنی دەکرد




مەڕمەڕێ لە کولانەی پیرێژنی یەک ددانی یەی هاویشت ،پیرێژنی یەک ددانی یە پیرێژنی دووددانی یەی ڕازاندبۆوە ومەڕمەڕی دایەوکوتی:

ـ بیدەوە دەستی . پیرێژنی دووددانی یەش مەڕمەڕی بۆهەڵێنا .

کوڕەش کەسەری بە کولانەدا گرتبوو، چونکوو نێوماڵی کرمانجی تاریک وتنووک بوو، کە ئەو دیمەنەی دی پێی وابوو کیژێکی زۆر جوانە ولەتاوان دڵی لەخۆ بۆوە.


کوڕەیان بردەوە ماڵی وەهۆـ شیان هێناوە ،کوڕە ناردی یە

کن بابی و کوتی :
– کچی پیرێژنم بۆ بخوازن.
کوتی :
– رۆڵە کێهە کچی جوانی ئەو وڵاتەیە بۆت دەخوازم بەڵام کچی پیرێژن بۆ تۆ نابێ ئاخیری




رازی بوو وناردیە کن پیرێژن و کچەی لێ خوازبێنی کرد.
پیرێژنی یەکددانی یە دیسان پیرێژنی دوو ددانی یەی فریو دا ، خوازبێنی هات نەیهێشت کەس بیبینێ ،جلیان بۆهێنا نەیهێشت کەس بیبینێ ،جوانی کرد وبووکی ساز کرد، حەوت شەوو رۆژ داوەت دەگەڕا ، بووکیان گۆستەوە ،تارا — یەکی ئەستووری پێ دادابوو ،بووکیان لەسەر کورسی دانا ویستیان سەری هەڵدەنەوە نەیهێشت کوتی:
– تا زاوا نەیبینێ نابێ کەس بیبینێ .

زاوا تارای لەسەر بووکی هەڵداوە، تەماشای کرد پیرێژن وەک مەیموونی لەسەر کورسی دانیشتووە ، پیلی گرت و لە پەنجەرەی فڕێیدا ، پیرێژن دەستی کرد بەگریان وبەخۆی هەڵدەگوت .
– پیرێژنێک بووم دەنکی هەنار هەڵیان داشتم شڵپە ودیار.
کوڕی پادشای جندووکان مووی لەدڵی هاڵبوو دەیان گێراشتێکی سەیر ببینێ وپێ بکەنێ و مووی دڵی بپسێ کە چاوی بەو دیمەنە کەوت هیندە پێکەنی مووی دڵی پسا وچاک بووە...



پیرێژنیان بردە کن پادشای جندووکان، پادشا کوتی :
– لەجیات ئەوچاکەی لەگەڵ منت کردووە هەرچی دەتەوێ داوا بکە، پیرێژنی دووددانی یەکوتی:
– دەمەوێ ئەوەندە جوان بم


بەمانگێ بڵێم تۆ مەیە دەر مەن هەستا چووە ژوور، ئەگەر چوو
هەڵاتووم وبێمە سەرحەدی چاردەسا ـ چ بچێ کیژێکی جوانی وەک توولە
لەی وبمبەنە وەتاخی کوڕی ئاغا . نەمام لەسەر کورسی دانیشتووە .
جندووکان پیرێژنیان جوان بەدزی لێی پرسی :
کرد وبردیانە وەتاخی کوڕی ئاغا "ئەوە بۆوات لێ هات .
کوڕی ئاغا کەچاوی پێ کەوت کوتی :



کوتی :


ـ ئەوە ئەتۆ بۆوا جوان بوویەوە.
کیژی جوانی تازەلاو (پیرێژنی دووددانی یە) کوتی :

ئەمن هەروا جوان بووم ومنیان لەپێش چاوی تۆ ڕەش کردووە ،دەنا من هەروا بووم.
بەیانی هەرکەس لەدیوی بووکێ دەهاتە دەر دەیکوت :



ـ بووک چەند جوانە پیرێژن هەقت بوو بەکەسی نیشان نەدەی.
لە دڵی خۆیدا کوتی :
ـ ئەمن مەیموونێکم بە بووک. دابوو دەبێ چ قەومابێ .

ـ ئەگەر ئێوە ڕۆیشتن و بڵاوەتان کرد ئەمن کوتم واچاکە خۆم بکووژم ،هەستام مەنجەڵێک ئاوم وەسەر نا هەتا قش قش کوڵی،ئەوجار خۆم رووت کردەوە و خۆم تێ هاویشت ،کەچی نەمردم ولە جیاتمیان ئاوا جوان بووم.
پیرێژن بەپەلە کاری ماڵی ئاغای کرد وچۆوە ماڵێ مەنجە ـ لێکی ئاو وەسەرنا هەتا کوڵی لەپاشان خۆی تێ هاویشت . پیرێژن حەیاتی ڕەشی لێ برا .
(کاڵەم دڕا چم پێ نەبڕا)



زانستی-تێکنیکی

ئاژەڵ

رەسووڵ وەیسی

نەخۆشی مێرکوتە (آبلە) :

مێرکوتە

یەکێک لە نەخۆشی یەکانی ڤیرووسی ئاژەڵە کە لە هەموو مێیینەکانی (پستانداران)خۆماڵی دا جگە لە سەگ وپشیلە دەبیندرێ

هۆی نەخۆشی :

هۆی نەخۆشی

ویرووسێکە لە دەستەی (پۆکس ویروسها) کە بە شێوەی چوارگۆشەیەکی تا رادەیەک درشتە کە:

ئـ: لە بەرامبەر وشکایی دا بەهێزەو دەنێو دەڵەمەی وشک بووی ویرووس دا چەند مانگێک زیندوو دەمێنێتەوەو دەبێتە هۆی تەنەوەی نەخۆشی.

ب : لە بەرامبەرگەرما دا بێ هێزە، بە چەشنێک کە لە گەرمای زیاتر لە ٤٨ "پلە" لە ماوەیەکی کەمدا لەنێو دەچێ .

ج: لە جێگایەک دا کە هەوای تێدا نەبێ دەمەیێ و توند دەبێ(ویرووس) و توند وتیژی خۆی دەپارێزێ.

رێگای لێگرتنەوەی نەخۆشی:

رێگای لێگرتنەوە

١- هۆی سەرەکی رێگای لێگرتنەوە دەزگای نەفەس کێشان (کەپۆ - زاروگەرو)ـ - وە.

٢- تۆزوخۆڵی تێکەڵاوبە ویرووس ، تفاقی نێوکادێن و ئاخوڕیش تێکەڵاو دەکا و دەبێتەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشی یەواتە مێرکوتە.

٣- لەرێگای بریندار بوونی پێستیش لێی دەگیرێتەوە

ئاژەڵی حەساس :

لەکاتی ئاسایی داتەنیا مەڕ لە هەموو ئاژەڵێک حەساس ترە ، لە حاڵێکدا کە کارماز و کەروێشکیش حەساسیەتێکیان هەیە.

نیشانەکانی نەخۆشی :

نیشانەکانی

لە مەڕان دا خاوەنی چەند خولە:

ئـ : خولی هێرش کە وەزعی گشتی ئاژەڵ دەگۆڕێ و پلەی گەرمایی لەشی دەچێتە سەر کە رەنگە بگاتە ٤١، تا ٤٢"پلە"کەلەو کاتەدا ئاژەڵ کەمهێز و بێ ئیشتیا دەبێ.

ئەو خولە ٣ تا ٤رۆژدەخایەنێ و لەگەڵ هاتنە خواری نۆبەتیە نەخۆشی تارادەیەک کۆتایی دێ.

ب : خولی وەدەرکەوتنی ئاگرۆکە (جۆش)ئەوجێگایانەی کە موویان کەم پێوەیە وەکوو(بن هەنگڵ ، مەمک گوان دێن و دەورو بەری چاو...) ئاگرۆکەیان لێ

وەدەردەکەوێ کە ٥% تا ١ سانتی مێتر پانایی یان هەیە زۆرجاریش ئاگرۆکە لە ژووورووی زاریش وەدی دێن.

ج: خولی زڵ زلاو (ترشح) کە زنچکاوێک لە ناو ئاگرۆکەدا دەر دەدا کە بەرە بەرە بەشێوەی بلۆقی نەرم دەردێن کە لە پاشان وشک ورەق دەبن.لەحالێکدا ئەگەر رادەی زنچکاوی‌دەربوو زۆربەی بلۆقەکان دەترۆقێن و ئاوێکی سووری تاریک کەپاشان زەرد هەڵدەگەڕێ لە بلۆقەکان دێتەدەر کە لەسەر برینەکە دەڵەمە دەبەستێ، ئەو خولە ٣ تا ٥ رۆژە.

خولی وشک بوونەوە:

خولی‌ویشک بوون

لەو خولەدا توێلکەکانی وشک‌بوو لەناو دەچن و جێگای ئاگرۆکەکان وەک قوڵکێکی بچووکی سپی دەمێنێتەوە کە خولی ئەو نەخۆشی یە بەقەرای مانگێکە وپاش ئەو ماوەیە نەخۆش چاک دەبێتەوە.

سەرنج :

سەرنج

خولی نوستوویی (کمون): نەخۆشی لەوەرزی زستان دا لە هاوین درێژخایەن ترە و بەشێوەی جۆراوجۆر دەبیندرێ .

١– (خفیف) کەم ، سووک پێش‌هاتێکی گشتی و ڕوونی نیە بەڵام ئاگرۆکەی زۆر لەبن پێست وەدەردەکەون و پاش ماوەیەکی کورت سارێژ دەبن .

٢– نەخۆشی پڕ مەترسی (خطرناک): لە هێندێ کات‌دا پێش‌هاتی نەخۆشی مێرکوتەی مەڕ بە رادەیەک توند وتیژە کە وەزعی گشتی ئاژەڵ لەرادەبەدەر دەگۆڕێ و بلۆقی سووری تاریک لە پێستەکەی دا وەدەردەکەون کە لەپاشان رەش هەڵدەگەڕێن بەم هۆیە ئەو چەشنە نەخۆشی یە مێرکوتەی رەش (آبلەسیاه) نێو دەبەن.لەو نەخۆشی یەدا کە دڵەکوتە و نۆبەتە هێرشێکی زۆر بۆ ئاژەڵ دێنێ. ئاژەڵ زوو لەناو دەچێ . لەکاتێک دا کە نەخۆشی یەکە توندتر بێ لە مەڕان دا دەبێتە هۆی لەبەرچوونی.

ناسینی نەخۆشی :

ناسین

ناسینی نەخۆشی مێرکوتە لەمەڕان دا بەهۆی موعایەنە کردن لە ئاژەڵەکانی تر هاسانترە بەڵام نابێ ئەو نەخۆشی یە لەگەڵ ئەو نەخۆشیانە :

أ: ئەوئاگرۆکانەی کە بەهۆی خواردنی گیای درک‌دار وەدی دێن .

ب: گۆڵە وتەبەق بە سەهوو بگرین .

چارەکردن :

چارە

چونکوو نەخۆش پێش تێپەڕکردنی خولی چەندجۆرە بۆخۆی چاک دەبێتەوە دەرمان کردنی پێویستی یەکی نیە ،بەڵام لە هێندێ کات‌دا کە رەنگە وەزعی گشتی ئاژەڵ شپرزەبێ.بۆ بەرگری لە چڵک وپیسایی لەدەرمانی دژی چڵک (آنتی بیۆتیک واتە ئەو دەرمانانە کە چڵک وپیسایی خاوێن دەکە – نەوە کەڵک وەردەگرین.

بەرگری :

بەرگری

أ: واکسینەکردنی ئاژەڵ لە کاتی خۆیدا وساڵێ یەک یا دوو جار، بەتایبەتی ئەو مەڕانەی تەمەنیان لەساڵێک کەمترە وەکوو بەرخ .

ب: دروست کردنی جێگای

پاک وخاوێن وخاوێن کردنەوە ودەرمان رشاندنی جێگاکانی پێشووی ئاژەڵ بۆ لەناو بردنی ویرووس .

ج: جوێ کردنەوەی ئاژەڵی نەخۆش لە ئاژەڵی ساخ .

د: کاتی مایەکووبی و واکسێنی مێرکوتەلەهەوەڵی مانگی رەزبەر تا ئاخری سەرماوەز بەڵکوو زۆرتریش درێژە دەخایەنێ. جا باشتر وایە مایەکوبی مێکوتە پێش وەرزی نیزیک کردنەوەی ئاژەڵ لە یەکتر (جفت گیری) بکرێ تاکوو نەبێتە هۆی نەخۆشی ئەو بێچووەی کە تازە لەدایکی دەبێ .

هـ: رادەی واکسێنی مایەکووبی کراو ۵% سانتی مێترە کە لەبن هەنگڵ را لەبن پێستی ئاژەڵی ساخ دەردێ کە ساڵێ یەک یا دوو جار ئەوکارە دەکرێ و بەرخەکانی دوو یا سێ مانگەش دەتوانین مایەکوبی بکەین .

هەمووگر ناسی :

هەمووگرناسی

لێگرتنەوەی نەخۆشی زۆرتر بەهۆی نێزیکی مەڕان لە یەکترە. رەنگە ویرووسی‌نەخۆشی لەناوخوری ، وپێستی مەری تێکەڵاویش دابێ وکارگەرانی کارخانەکان لەو رێگەیەوە، دەیگرنەوە وبە هۆی نێزیکی لەگەڵ ئەمراز و خەڵکی دیکە ئەو تێکەڵاوی یە توندتردەبێ، بە چەشنێک کە ویرۆسی نەخۆشی لەگەڵ کەوتنە ناو جێگای مەڕەکان (هۆڵ) وا هەیە ماوەی ۵ تا ۶ مانگ زیندوو بمێنێ و لەکاتێکدا سەرلەنوێ نەخۆشی بڵاو بێتەوە.

نەخۆشی رەشەبرین (شاربۆن)

رەشەبرین

یەکێک لە نەخۆشی یەکانی لێ گرتنەوە و هاوبەشی نێوان ئاژەڵ و ئینسانە کەهۆی نەخۆشی میکرۆبی یە. هاگ زایە وبەچەشنی میلەیەکی خرە کە (باسیلوس آنتواسیسی) پێ دەڵێن .

نەخۆشی هەمووگر:

نەخۆشی....

ئەو نەخۆشی یە زۆرتر لەجێگای گەرم و زەوی ، رتووبەت و زناو بڵاو دەبێتەوە و زۆرتر لە رێگای دەزگای نەفەس کێشان ودەزگای هەزمی خواردەمەنی و پێستیش لە ئاژەڵ و ئینسان دا شوێن دادەنێ .

هۆی کاریگەر لەپاگیربوونی ئاژەڵ وئینسان :

هۆی کاریگەر....

۱- ئاو ۲- خواردەمەنی

۳- گیا (بەتایبەت گیای درک دار) کە دەبێتە هۆی برینداربوونی مەعیدە وزارو گەروو کە هەل و مەرج بۆ ئەو نەخۆشی یە پێک دێنێ.

۴- کارخانەکانی کۆکردنەوەی خوری و پێست کە کرێکارەکانی بە هۆی تۆزوخۆڵی تێکەڵاو بەمیکرۆب لەرێگای زار و کەپۆ کە دەچێتە ناو سیپەلاک تووشی نەخۆشی رەشەبرین دەبن.

ئاژەڵی حەساس بەنەخۆشی رەشەبرین :

ئاژەڵی حەساس

الف: گیاخۆران بە تایبەت (گا، مەڕ، بزن) حەساسیەتیان بەم نەخۆشی یە هەیە.

ب: یەک سمەکان (تک سمی ها) (ئەسپ، ئێستر گوێدرێژ) لەرەدەی دووهەم دان .

ج: وشتریش پاگیری ئەم نەخۆشی یە دەبێ .

باڵندەکان سەبارەت بەم نەخۆشی یەقایمترن و مەڕی

هێندێ لە وڵاتەکانی تر بە هۆی ڕەگەزیان لە بەرامبەر ئەو نەخۆشی یەدا بەهێزن.

نیشانەکانی نەخۆشی :

نیشانەکانی....

خولی نووستوویی(کمون) کە نەخۆشی لەو خولەدا یەک یا دوو حەوتووە لە پاشان نوبەتێ دەست پێدەکا کە دەگاتە ٤١ تا ٤٢ "پلە" و جووڵانەوەی دەزگای نەفەس کێشان توندتر دەبێ. لە حاڵێکدا کەئەگەر نەخۆشی یەکە زۆر توند وتیژ بێ لەماوەی چەند سەعاتدا دەبێتە هۆی مردنی ئاژەڵەکە. بەشی جۆراوجۆری لەشی ئاژەڵ وەکوو (ئەوک ، دەوروبەری سک وگورچووەکان) ئەستووردەبن و ڕایەڵی ناو گۆشتی لەشی ئاژەڵ دەبرژێتەوە .لە مانگادا بێ ئیشتیایی و لەبەرچوون ڕوو دەدا ، هەر وەها مانگایەک کە شیر بدا شیرەکە وردە ،وردە ،کەم دەبێتەوە وئەگەر نەخۆشی یەکە توندوتیژ بێ پاش ٤٨ سەعات برست لە ئاژەڵ دەبڕێ و دەیکوژێ .

قەڵاشتنی لەشی ئاژەڵ پاش مردن :

قەڵاشتنی لەشی....

پاش مردنی ئاژەڵ بەهۆی نەخۆشی ڕەشەبرین گۆشتی لەشی ئاژەڵ لەتورتی دەکەوێ وشل وول دەبێ و زۆر زوو با دەکاوئاوەکی-یەکی ڕوونی تێکەڵاو لەگەڵ خوێن لە (زار و کۆم و زێی) ئاژەڵ دێتەخوار کە هەرکە هەوای لێدا دەمەیێ.

ئەگەر بێتوو بە نەخۆشی ڕەشەبرین دڵنیا بین نابێ لەشی ئاژەڵ لێک جیا بکەینەوە چونکوو لێک جیا کردنەوەی لەشی ئاژەڵ دەرفەت دەدا بە میکرۆب کە ببێتە ئیسپێر و ناوچەیەک دابگرێ و ببێتە هۆی نەخۆشی ئاژەڵەکانی تر.

شوێنەواری قەڵاشتنی لەشی ئاژەڵ :

شوێنەواری...

١- بوونی خوێن ڕێژی لەتەواوی هەودای لەشی ئاژەڵ.

٢- بوونی خوێناوە لەنێو لەشی ئاژەڵ.

٣- گەورە وڕەق بووتی سپڵ .

٤- هەڵمسانی کیسەی سەفرا .

٥- ئەستووربوونی کەبەد

٦- پڕخوێنی ڕیخۆڵەکان.

بەرگری:

الف : لەبەرچاوگرتنی پاک وخاوێنی جێگای ئاژەڵەکان .

ب : سووتاندنی کەلاکی ئاژەڵ .

ج: دەچاڵ کردنی کەلاکی ئاژەڵ لەجێگای زۆر قووڵ و بۆ بەرگری کردن لە بڵاوبوونەوەی بۆگەنیو و میکرۆب قسڵاو بەکەلاکەکە دادەکەن.

د: خۆپاراستن لەدەست لێدانی خوری ،پێست وگۆشت و... .

هـ: لە هەمووی گرینگتر بەتایبەت لە بابەت مەڕان دا هەموو ساڵێ دەبێ لە وەرزی چوونە کوێستان دا واکسیناسیۆن واتە مایەکوبی بەڕێوە بچێ .

چارە :

چارە

چونکوو دەرمانی نەخۆشی ڕەشەبرین ئاکامێکی باش بەدەستەوە نادا ، کەوابوو لە دەرمان کردن (آنتی بیوتیک و...)خودەپارێزین .

٢- لەبابەت دەرمانی نەخۆشی ڕەشەبرین، ئینسان لە سرۆمی دژی ڕەشەبرین وآنتی بیۆتیک (پنی سیلین) ئاکامێکی زۆرباش وەدەست دێنێ .

دیاری

مەتەڵ ٢

لەزگی دایکی دێتەدەر
پشتی بابی دەخورێنی

دایک پۆلایین
باوک بەردی خار
بێچوویان دەبێ
وەک دەنکی هەنار

سواری کەپۆیە
دوو گوێی بەگرۆیە
چاوی دەتۆیە

هەتا بیبڕی پان دەبێ
هەتا هەلیقەنی قووڵ دەبێ

دەچمە سەر تەپکێکی
لاقم دەکەوێتە قوڵکێکی


پەندی پێشینیان ٧

کێرک دەستکا خۆ نابڕە
(شوور کالانێ خۆ نابڕە)
کودکا تژی ل یا ڤالا مەدە.
دیاری یا شوانی هەلەکۆکە
مالێ قەلپ یێ خودانی یە
ئەگەر خولی یێ ل خۆ دکی خولییەک گەرم.
دەوسا خەنجەرێ قەنج دبە، لێ دەوسا خەبەرێ قەنج نابە.
زاڤاهیڤانی،مریشک دۆتانی.
خودێ کەرناسی یە کو شاخ نەدایێ.
ددانێ ژارا ل پەلووریێ دا دشکێ.
ژن ومێرا شەڕ کرن، نە.
زانان باوەر کرن.
گەڕیان دەرمانە،قسمەت ل سەر پێیانە.
حەتا داینێ داڤ بسۆژە دایکێ دل دسۆژە.
دەرێ مزگەڤتێ یە، نەتێ هەلکۆلان نەتێ فرۆتان،نەتێ گرێدان.
هەم دزە، هەم دادبەرزە
بەق نەقورە، زک ددرە.
دەستێ تەنێ روویێ مرۆڤ رەش دکە.
دەستێ شکەستی،بارە بۆ ئوستی.
مریشکێ هێک کری،خوەرا هەڤالەک چێ کری.

سەی سوور وسپی فەرقی نیە
چاکە هەر خراپەیە
پێ لەقەدەر بەڕەی خۆت ڕاکێشە.
تەگبیر و تەغدیر لێک جودان.
تەغدیر تەگبیران بەتاڵ دەکا
مردوو ئەگەر مرد لاقی درێژ دەبێ.
ئەگەر ماڵ چوو ئیمانیش دەچێ.
گورگ ئەگەر لە بارانەی ترسابا کەپەنکی بۆخۆی ساز دەکرد.

دەستی بەپەلە لەباتی ماسی بۆقی دەگرێ.

کراسێکی بدرە بە پیسی
هەزاران بدرە بە پاکی
هەر بەدوای پیسەکەیدا دەرۆن
کوێر چی دەوێ دوو چاوی ساخ.
هەرچی هەقە تاڵ و رەقە.
هەتا جێ سینگ نەکەیەوە دای مەکوتە.
تفی رۆکراو هەڵناگیرێتەوە
گیا بەجێی سەختەوە دەمێنێ
جوویەت لەنێوان دوو زانا ناپسێ.
زۆرگوتن قوڕئان خۆشە.



منداڵ :
خات بەسێ مقەستم دەیە بۆ دایکم .
ژن :
بۆ کورم بۆخۆتان مقەستتان نیە ؟
منداڵ :
با هەمانە ! بەڵام مقەستی ئێمە ئاسنی ناکا و خرا دەبێ .




خەیاتێک دەستێک جلکی تازە بەکابرایەک دەفرۆشی کە پارچەی ئەسڵ نابێ و تێک دەچێ !
کابرا جلکەکە لەبەر دەکا و دەچێتە دەر بارانی بەسەردا دەبارێ و وا تێک دەچێ لەبەریدا دەبێتە کیفەکێشک !
زۆر توورە دەبێ. خۆ دەگەیەنێتەوە لای خەیات . خەیات کە دەزانێ شەپکە توندە بەرەوپیری دەچێ و دەڵێ :
– ماشەڵڵا ! هەزار ماشەڵڵا لە دوێنێوە چەند درێژ بووی !



دوو کەس وێکرا قسەیان دەکرد یەکیان کوتی :
– بابم دەیکوت بابی بابی خۆی دیتووە !
– جا ئەوە چیە بابی من دەیکوت بابی بابی بابی بابی بابی خۆم دیوە !
– ماڵت خرا نەبێ حەتمەن بابت شێت بوو دەنا چۆن شتی وا دەڵێ ؟
– ناوەڵڵا شێت نەبوو تۆزێک زمانی دەگیرا .



– نامەکەت پێگەیی ؟
– کێهە نامە؟ ئەوەی نووسیبووت هەزار تمەنەکەت بۆ بنێرمەوە ؟
– راست بۆخۆیەتی !
– نە بەسەری تۆئێستا پێم نەگەیشتووە !





●●●




زارا : ئەرێ ئامین کچەکەت چۆنە ؟
ئامین : جا چۆن بێ.وەڵڵا بەکەیفی تۆیە. مێردێکی باشی وەگیر کەوتووە.بەختەوەر بووە و حەساوەتەوە مێردەکەی رۆژ هەتا ئێوارە ئەوە قۆڵی هەڵماڵیوە ،و کاری لەجیات دەکا .
زارا :
– ئەدی کوڕەکەت ؟
ئامین :
– دایکێ بەخودای چارەڕەش بووە ! ژنێکی هێناوە. وەی! وەی! وەی! ئەو کوڕە ناسک ونازدارەم شەو و رۆژ قۆڵی هەڵماڵیوە و کاری لەجیات دەکا !




هەوا ساردە لوتکەلەبێشەی خەمەوە
چاو لەبرینی پرسۆم دەکا .
لەنێو دلّم پرووشەی بەفر دەبارێ
کوێستانانم لێ سپی دەکا .
لەبەر چاوم هەرچی کەفرو لێرەوارە .
دەسووتێت ودووکەلّ دەکا .
ئەمئێوارە خۆرەتاوم گەلێ زووتر ئاوادەبێ.
ئەستێرەکان دەر دەکەون
مانگەشەوی پایزی خەم وەدی دێنن
لوورەی گورگی کێوەکانیش .
دەگەلّ دەنگی بالّندەی شەو
تێکەل دەبێ وخەم بەئاسمانان وەردەبێ.
ئەم ئێوارە دونیا زووتر تاریک دادێ
خەم لەزاسی کولّی دەروون هەلّدەرژێنن
هەرچی ژان وهەوروتەمە
لەئاسمانی بیرەوەریم دادەبارێ.
ئەستێرەکانم ون دەبن
تاریمایییەکان بەرچاو دەگرن
ئاسۆی دوورم تاریک دادێ
ئەم ئێوارە دلّم هەمووی تاشەبەردە
ناهەموارە ، کەندوو کولّۆی شێوو وەردە .
برینەکانم هەمووی پرسۆن.
هەرچەند دەکەم ژانەکانم دانامرکێن
پەلّەهەورێ بەری ئاسۆی لێ تارکردووم .
خۆرەتاوو مانگەشەوی لێ ونکردووم
ژینم هەمووی رەنج وئاخ وزامی سەردە
ئەمئێوارەئەستێرەکان پرشنگ نادەن
مانگی تازە لێم ون دەبێ.
لەتاریمایی تاریکەشەودەمێنمەوە .
لەپەنجەرەی نیوەتاکی ژوورەکەمدا
بەرە وئاسۆی دوور دەروانم .
وەدی ناکەم ترووسکەیەک لەرێگەی ژین
ئەم ئێوارە خەمی دەروون دەدۆزمەوە
کێلگەکانی کوان وبرین دەکەمەوە
درزەکانی نێو ئێسقانم دەکرێنەوە

گیانم دەبێتە شەتی خوێن
بۆ بەهاری ئارەزووی ژین
کولّی دەروون بەهیوای دلّ دەبرێنمەوە .
ئەم ئێوارە بەئاواتی شادی ژیان
لەدەروازەی خەیالّاتم ژوور دەکەوم
هەرچی ئاونزای ساردە وەلادەنێم
دەنێو دۆلّی کپ داماوی رەگەکانم
بۆ برانەوەی زانی دەردوبرینەکانم
زۆر بەئاواتچادری شادیم بەرز کەمەوە




تێبینی : لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەلبژێردراوی ئەم گۆوارە ڕەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (ˇ) دانەنراوە واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، کوڵ، زۆر، شێر) ی تێدا بێ بە شکلی (شر، کول، زور، شیر و..) دەنووسرێ



١-بەیتێکی فۆلکلۆری کوردی یە وباسی سەردەمداری حوکماتی یابانەکان لە سلێمانی دەکا . ٢- ەرزو عەردی ڕاست - پیتێکی دوو یاتە- بەمشێوە- دۆستی تانەولەگەلی نەبێ کر هەلدەوەشێ ٣- ڕۆژهەلات ناسی بەناوبانگی رووسی کە کتێبی "مەموزینی خانی بە رووسی وەرگێڕاوەتەوە- خۆشەویستی وحەزلێ کردن ٤- چوارپێی کەس نەناس- نووکودوعا-واژە وکەلیمە- لک وشاخە ٥- دنە- لکی دارەمێو- قارەمانێکی بەیتی مەموزین ٦- هۆنراوەوریزکراو- پێشگری فیعلی موزاریغ - تێڕوجەوال ٧- شێوەرۆیشتن - ناوچەیەکی بەناوبانگی بانە ٨- ئاشکرا نیە- هەراو- ئێستا نەبووە بە هەور ٩- ئەویش زەمان پێشان دەدا - کاولە لەحسای "سوارۆ" لەم ولاتەیە ١٠- ئی گورگ بەناوبانگە- گولێکی بۆن خۆش و مل کەچ ١١- شارودەریاچەیەکی کوردستانی تورکیا - کەلێک لەنێوان سەقز وبانە-١٢-پێتەختی میسر- تەشەروتانووت ١٣- نیشانەی نەبوون - تەگبیروراوێژ- هیچی لە دلدا نیە ١٤- زۆری نەماوە رام بێ - گوندی ماموستاهێمن - دۆست ١٥ - نیشتمان - کاس وگێژ - سپی و چەرمگ .

١- مەستوورەی کوردستانی شاعیرەی گورد بەمناوەش ناسراوە- عەشیرەتێکە
٢- هەر نشێوێک هەیەتی - هەم ئاژەلێکە وهەم بەمانای جاروبارە- مووی گەردنی ئەسپ ٣- تێبین ولەسەرەخۆ- چەپەل وشووم- باقۆ- ٤- ئاواتی کۆسە- دل ودەروون - کەرەسە ٥- واش هەر شێوەیە- نەققاشی کوردی ٦- نەقل وچیرۆک- شینی سەربڕاو- یەکێک لە چوار دەروازەی قەلای وان لە کتێبی ئەولیاچەلەبی دا- ٧- بەرماوی هەنگوینی قال - وەرزی شاعیری قەدیم ٨- قسە بزرکاندنی نەخۆش- ژمارەیەکە ٩- شارێکی هەوراما ن - گراوی دیقل - ساردی شیمال ١٠- بەداس دروێنە دەکا - نیشانەی پەلە- هەلدێ بەلام لاقی نیە ١١- وەکوو- ئی زڕدایک چووکە ١٢- قیسی شاری سنە- وچانەی کارمەند ١٣- دەستەکەی ڕەد مەکەوە - لەقەبی حەزرەتی ئیبراهیم (د.خ) ١٤- بەشێکی چاو- هاوار- بەرماوی سوور- ١٥- بۆی هەولێر- لێل نیە- زێدی شێخ عوبەیدوللای شەمزینان .



لەنێو ئەو کەسانەیدا کەپڕکراوەی ئەم ژمارەی سروەمان بۆبنێرن، یەک کەس بەپێی پشک بەبەرەندە دەناسرێ. بەمەرجێک ئەمخالانەی خواروو لەبەرچاو بگرێ:

١- جەدوەلەکە بەخەتێکی خۆش بنووسرێ وا بێ پیتەکان بێنەخوێندنەوە .

٢- ئەسلی جەدوەلەکەمان بۆبنێرێ لەکاغەزی دیکەدا بەشداری نادرێ.

٣- لانی زۆر پازدە ڕۆژ پاش دەرچوونی گۆوارێ پڕکراوەی جەدوەلەکەی ناردبێ.

٤- پڕکراوەی جەدوەلەکە هەلەی تێدا نەبێ

جایزەی پڕکردنەوەی جەدوەل سالێک ئابوونمانی گۆواری سروەیە .

پێپاڵ ڕەش

مدەست ئاڤیتی کێژ گولێ گول چلمسین
ئەز چوومە بەرئاڤێ چەما چەم مرچقین
ئەز بوومە یارگەل کی یارێ ژمن رەڤین
من گۆتە کێ دوستۆیارێ. دژمن هەژیـــن

*　　　*　　　*

بەختێ منی رەش رەشترە ژ پەڕێ قرێ
دل کون کونە کەزەب حەموو کول وگرێ
من گۆتە کێ جانێ گولێ دل هـۆگـرێ
ئاخ گۆتە من کۆلێ برۆ، کۆلێ بـرێ

*　　　*　　　*

پێ پال رەشم، رەش وهەشا ئەز نازکری
رەشا تییێ دا ژییێ خوە مە دەربازکری
نازنازۆکا دژمە هەقاسی نـاز کـــری
مەرگ ومرنێ هەردەما ئەز گاز کـری

*　　　*　　　*

ل گشت تەمەن قەت من گولەک بێن نەکری
قەت سۆرگولا ناڤا دلا شێن نـەکـری
دلێ برین قەتخۆشییەک زێن نـەکـری
کیژان یارێ دلی هەژار پێن نـەکری ؟

*　　　*　　　*

ئەز دێ چ کەم بڤێ ژینێ گەل برینێ
سەرهاتیا من بوو سەرهاتا مەموزینــێ
جێ خۆشییا هەردەم دکەم ژارۆ شینــێ
نەڤینی بێ زۆر پەس کری وارێ ڤینــێ

*　　　*　　　*

ب ڤان دەردێ ناڤا دلێ خوەیی کولـدار
دەبێ کو ئەز دژ ئالۆزیا بکەم هـاوار
هەستم سەرپێ دڕستانێ بکەم گولــزار
وان کانییا ب خەباتێ بکـەم رووبـار

*　　　*　　　*

وان سۆرگولا ناڤا دلا بگـــەشینـــم
گولاڤا وان سەر تـەفـەشێ بـوەشینـــم
کۆشکێ حەموو نـەڤینیی بهـرشینـــم
خو بۆلایێ هیڤیداری یێ بهـەژینـــم

پەرویز جیهانی

فەرهەنگۆک

گۆڕەپان: مەیدان ،دەشت و پانایی، گۆڕەپانی شـەڕ مەیدانی شەڕ.

بەرفرە: زۆر و رەوەنـد، هەراو .

بەرفرەوان: پێش ئاوالـە پان و بەرین .

نەترە: ورە، زەندەق .

نەترەبەر: ورەبـەر. زراو، تۆقێن . ترسناک .

ترۆپک: ئەوپەڕی بڵینداییی وەک ترۆپکی دار، ترۆپکی شاخ .قوللە، دوند ،ئەوج .

ملهوڕ: زۆردار. ستەمکـار چەوسێنەر .

کۆیلەتی: عەبدایەتی عەبد. ژێردەستی، بەردەیی .

تۆژینەوە: لێکۆڵینەوە .

ئاشێرەکردن: ئیشارە کردن . نیشاندان .

پێ چڕ: (پێچڕ) :گیان سەخـت و قایم .

بنەگر: جێ گرتوو، کەسێک لە جێ یەک بمێنێتەوە. (مستقر).

راهات : عادەت .

بەهیچ کلۆجێ: بـە هیـــچ بارێکدا .بەهیچ شێوەیەک (بە هیچ کل ووجە) .

سواڵەت : سفال ، کلێنە .

بەبێ سی ودوولێکردن: بـێ ماتڵ بوون ،بێ درەنگ .

گەلەخەندە :کۆڕێک،جەماوەرێک کەبێ موناسـەبـەت کـۆ بوونەوە .

گێرەی لەهەولێر دەگـەڕێ : ئاگای لەخۆ نیە، فکری لە جێکەیەکی دیکەیە .

وەج: بایەخ .

بەوەج: بایەخدار .

پێوانە :ئەندازە، مەساحەت

مەڕمەڕ :بەردێکی سپی وسان

بەرهەم :ئاکام، نەتیجە .

ناقۆلا :نالەبار، شپرزە .

رواڵەت بازی: زاهیرسـازی فریودان .

کوڕی رۆژ : هەلپەرست ،کەسێک کەتەنیا قازانجی خۆی دەوێ (ابن الوقت)

بەرژەوەند :مەسلەحەت .سوود و سەلاح . تێبینی .

بەرجەوەند : دوور نـومـا. دیمەنی دوورە چاو.

شۆنە :زەوی ئاو نەگر.

شەوگەڕ :لاوی سەوداسەر کـە بە شەو دەگەڕێ .

شەوگورد :ژوانی شەو.

ـدسرم : فێنکایی .

کیژ : کێهە .

چلمسین:ژاکان،سیس بوون .

مرچقین: وشـک بـوون . هەلچۆران .

کەزەب :جەرگ .

هەروسان:هەرووەها .

پاقش:خاوێن ،پاک (پاکیزە)..

هەگەر :هۆ، سەبەب .

کەفر :کەڤر : بەرد ،کوچک .

قەتماغ : قرتماغە ،قەیماغـە بەستنی برین .


مەلاس بوون:خۆ حاشاردان .

خۆمەلاس دان:خۆ حاشاردان .

نەرەخساوە : ـەلواوە .

ئاتاج: موحتاج ،نیازمەند .

ئەم واژەگەلـە لـە ناوەرۆکی گۆواردا بـە ئەستێرە (*)دیاری کراون.



ناوچەی ئالان :دیاری مستەفا پوورمەند



تەبیعەت : دیاری کەریم رەسووڵی .



تەبیعەت : دیاری خالید قەلعەکووهی .



ماڵی عیزازولمولکی سنە : دیاری سەلاح یووسفی

سەوەچنین دیاری سەلاح عەرەبی



